# دەروازەیەك
# بۆ رەخنەی سینەمای كوردی

نوسینی:

حەیدەر عەبدولرەحمان

# دەروازەیەك بۆ رەخنەی سینمای كوردی

نوسینی: حەیدەر عەبدولرەحمان

دیزاین
كاوە فاروق

تـــــــیراژ
1000 دانە

چاپی یەكەم 2018

چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین

نرخ ( 3000 ) دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە
گشتییەكان/هەرێمی كوردستان, ژمارەی سپاردنی
( 617) ی ساڵی 2018ی پێدراوە

## پێشەکی ..

نزیکەی45 ساڵێك دەبێت، خولیای دراماو سینەمای کوردی بوومە، یەکەم نووسینی ڕەخنەییم ساڵی 1973 لە سەر درامای (مەرەزە) ی سەلمان فایەق کاکەیی و جەلیل زەنگەنە بوو، کە وەك یەکەم درامای کوردی، بەوێنگرتنی دەرەکی لە چوارچیوەی ستۆدیۆ هاتە دەرەوە و بە ڕەشو سپی تۆمارکرا، دڵخۆشم بەوەی لەو کاتەوە تا ئێستا بە وتاری ڕەخنەیی دەربارەی شانۆو سینەماو درامای کوردی لە گۆڕەپانەکەدا ئامادەییم هەیە، هەوڵم داوە بەپێی توانا بەشێك لەو بۆشاییە گەورەی بواری ڕەخنەی سینەماو درامای کوردی پڕکەمەوە، کە مخابن زۆر خارییە.

بێگومان ئاشنایی ئێمەی کورد لە باشووری کوردستاندا بۆ سینەماو دراما تەمەنێکی کورتی هەیە، ئەویش پەیوەست بووە، بەو هەلومەرجە سیاسی و کۆمەلآیەتی و ئابوورییەی کوردستان تێیدا ژیاوە، بە تایبەت پرسی سیاسی، چونکە خنکاندنی زۆرێك لە ئازادی کورد، لە رێگەی داگیر کردنی توانست و ئارەزووی ئەو گەلە بووە بۆ دراماو سینەما، کە دەرفەتی چەکەرە کردن و دروست بوونی پێ نەدراوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو چەند ساڵەی ئازاد بوونیدا، سینەمای بە فاکتەرێکی ستراتیژی داناوە بۆ ناساندنی ناسنامەی کوردو بەرجەستە کردنی نەهامەتیەکانی، بۆ ئەو مەبەستەش هەلی زۆری کارکردنی بۆ زۆرینەی سینەماکاران لە هەموو کورستانی گەورەدا بێ جیاوازی جوگرافیا رەخساندووە، بەلآم مخابن زۆر لەو هەولآنە بەهەدەر چوونەو ئەو بۆشاییە گەورەیەی سینەمایان پڕ نەکردۆتەوە، بەهۆی نەبوونی سیستەمێکی گونجاو کە ئەو هەولآنە بۆ بەرژەوەندی گشتی سینەما بەرجەستە بکرێت، نەك بۆ تاکە کەس.

بە گشتی ئێستا بزاڤی سینەمای کوردی لە رووی ئەزموونەوە لە ئەوروپاو ئەمریکا، خەریکە لە سەر دەستی کۆمەڵە لاوێکی سینەماکار بە گوڕ دەبێت و ئەو ئەزموونە نوێیە، ئاوێزانی سینەمای جیهانیی دەبێت و لەدیارترین فیستیڤاڵە جیهانییەکاندا، خەلآتی گەورە بەدەست دێنێت، ئەم پێشکەوتنەی بزاڤی سینەمای کوردی لە ئەمریکاو ئەوروپا بە ئاراستەی فیستیڤاڵە، بەلآم تا ئاراستەی بزاڤی سینەمای کوردی لە فیستیڤاڵەوە نەگۆڕێت بەرەو ئاراستەیەکی بازرگانی، ئەوە پیشەسازی سینەما

له كوردستاندا دروست نابێت، بۆیه میتۆدی رەخنەو خوێندنەوەكانی ئێمەش تا رادده‌یەكی زۆر پەیوەسته بەو حاڵەته نا سەقامگیرەی سینەما، تا سەقامگیریی له سینەمادا دروست نەبێت، هوشیاریی و رۆشنبیریی سینەمایی وەك پێویست لای بینەری ئێمەش گەلاڵه نابێت و سینەما نابێته كولتوورێكی كۆمەلأیەتی، دیاره ئەو نا هوشیارییەش رێگره له بەردەم گەشه سەندنی بازاڕی سینەماو ئایندەی سینەما .

لەو كتێبەدا هەولّم داوه به سەرپێیی بەسەر بزاڤی سینەمای كوردی، له سەرەتاكانییەوه تا ئەمڕۆ لەڕوسیاو هەر چوار پارچەی كوردستان گوزەرێك بكەم و ئاماژه به بزاڤی لاوەكانیش بكەم له ئەوروپاو ئەمریكا، بۆ دیاری كردنی ئاستی فیلمەكانی ئەو قۆناغەش، خوێندنەوەی رەخنەییم بۆ 11 فیلم كردووه، بەلأم رەنگه هێشتا تینوویەتیم بۆ قولّ بوونەوەیەكی زێتر له واقیعی سینەماو هەنگاوەكانی نەشكابێ، بەلأم دیسان هەر ئەمەشییان خالّی كۆتایی نیه، ئەگەر خوا تەمەن بدات، دەتوانین له ئایندەدا، ئێمه یان كەسانی دیكه، ئەو پرۆژەیەی ئێستا دەولّەمەنتر بكەین و بۆشاییەك له كتێبخانەی سینەمای كوردی پڕكەینەوه، خۆ ئەگەر تەماشای كتێبخانەی كوردیش بكەیت، هەست بەوه دەكەیت كتێبخانەی سینەما زۆر هەژارو دەست كورته، به بەراورد له گەلّ كتێبی ئەدەبی و فەلسەفی و ئایینی و زانستیەكاندا، ئەمه ئەوه دەگەیەنێت، كه سینەما خۆی له خۆیدا جێگەی بایەخی كۆمەلّگای ئێمه نیه، كتێبێكیش جیگەی بایەخدانی كۆمەلّگا نەبێت، بازاڕی نابێت، ئەم حاڵەته لەسەر ئەو نووسەرانەش پراكتیك دەبێت كه قەستی نووسین لەسەر سینەما دەكەن، ئەوانیش دووچاری جۆرێك له رەشبینی دەبن له نووسینداو له ئاكامدا وای لێ دێت، قەیرانێك له قەلّەمی سینەماییش دروست بێت، نەك هەر تەنها بۆ پرۆژەی كتێب، بەلّكو له میدیا كوردییەكانیشدا، بەدەگمەن ئەو بایەخه به سینەما دەردەكەوێت، رەنگه ئەو قەیرانه كێشەی بۆ قوتابیه ئەكادیمییەكانیش دروست كردبێت، لەرووی كەمی سەرچاوەی كوردی بۆ سینەماو توێژینەوه له سەر بزاڤی سینەمای كوردی.

بۆیه ئێمه گرنگه ئەگەر ببین به شایەد عەیانی سەردەمی خۆمان، ئەگەر بۆ ئێستاش نەبێت، بۆ ئاینده هەولّی دروست كردنی بونیاتیك بدەین، دەربارەی بەرهەمه سینەماییەكانی ئەمڕۆمان وتیشك خستنه سەر ئاستی ئەو فیلمانەو هەنگاوەكانی بزاڤی سینەمای كوردی، ئەگەرچی (رەخنه)بارێكی

**ئیجگار قورسیش بێت بە سەر نووسەرەوە، بەلاّم ئەرك و خواستە نەتەوەییەكان لەو بارە قورسترن كە سبەینیٚ دەكەوێتە سەر شانمان، ئەگەر فەرامۆشی بكەین.**

**من بەش بە حالّی خۆم شانازی بەوە دەكەم، ئەو كتێبە نۆبەرەی رەخنەی سینەمای كوردییە، هیوادارم لە ئایندەدا كتێبخانەی كوردی تەژی بێت لە سەرچاوەی دەولّەمەند دەربارەی بزاڤی سینەمای كوردی**

**حەیدەر عەبدولڕەحمان**

## چەمكی سینەما لە سەردەمی نویٚ دا

لە سەردەمی ئیٚستادا سینەما وەك جاران هەر تەنها فاكتەریٚكی كات بەسەر بردن و سەرچاوەیەكی چیٚژ وەرگرتن نیە لای خەلْكی، بەلْكو چمكی سینەما زۆر لەو سنوورەی زیٚتر تیپەڕاندووە و بۆتە ئامانج بۆ بە دەست هیٚنانی گەلیٚك دەسكەوتی ستراتیژی، سیاسی، ئابووری، كۆمەلاٚیە تی، رۆشنبیریی و زۆری تریش، گرنگترین ئەو ئامانجانەش بریتین لە :

### 1ـ چیٚژی سینەما :

ویٚڕای هەموو ئەو بەرهەمە شارستانیانەی عەولەمەو پیٚشكەوتنی تەكنەلۆژیا، لە ئینتەرنیٚت و سەتەلایت و كتیٚب و هۆكارەكانی دیكەی كات بە سەر بردن و سەرچاوە زانستی و مەعریفیەكان بە گشتی، كەچی سینەما بە دریٚژایی میٚژوویيەكی دوورو دریٚژ، پیٚگەی تايبەتی خۆی لە نیٚو كۆمەلْگاكانی هەموو دنیادا پاراستووە، بە تايبەتیش لە كۆمەلْگە پیٚشكەوتووەكانی وەك ئەمریكاو ئەورووپاو ولاٚتە ئەسكەندەنافیەكان و ولاٚتانی دیكەو بە دایكی زۆر لەو هونەرە جیهانیانەی ئەمڕۆكەی جیهان دەژمیٚردریٚت، بە شیٚوەیەك ئاویٚتەی ئارەزووەكانی مرۆڤ بووە، كە بە زەرورەتیٚكی ژیانی رۆژانەی خۆی بزانیٚت، نەتوانیٚت بەبیٚ سینەما هەلْبكات .

بۆیە سینەما ئەمڕۆكە هەر تەنها دیاردەیەكی شارستانی نیە، بەلْكو لە زۆر گوندو شارۆچكە سینەما بوونی هەیە، ئەم خولیا بوونەی خەلْكیە بۆ سینەما وای كردووە سینەما پیٚشكەویٚت و ببیٚتە جیٚگەی بايەخی بەرهەم هیٚنەرانی سینەماو بازاڕی سینەما گەرم بیٚت، خۆ ئەگەر ئەو بازاڕە گەرمەی سینەما نەبوایە، ئەو هەموو كۆمپانیا سینەماییە جیهانیانە نەدەكرانەوە، ئەو سەرمایە زۆرەشی بۆ تەرخان نەدەكرا. فاكتەریٚكی دیكەی چیٚژی سینەما ئەوەیە، بینەری ئەمریكی و ئەورووپی لە ریٚگەی هەلْسوكەوت كردنی لە گەلْ سینەمادا، بۆتە بینەریٚكی هوشیارو لە نهیٚنییەكانی چیٚژی سینەما دەگات و دەزانیٚت هونەری بالاٚی سینەما لە كویٚ دایە، سینەما وەك ئینتەرنیٚت نیە، تەنها زانیاریت پیٚ ببەخشیٚت، وەك كتیٚب نیە خەیالْت بۆ دروست كات، وەك تەلەفزیۆن نیە راپۆرتیٚكت بۆ نمایش كات، چیٚژی سینەما فرە جەمسەرە.

یەكەمیان: كەشو هەوای هۆڵی سینەما خۆی لە خۆیدا حاڵەتێكی سایكۆلۆژی هێور كەرەوەی میشك و ئارامی دەروونیە، بەر لە نمایش كردنی فیلم، بینەر لەم كەشو هەوایەدا، دەكەوێتە نێو بازنەی خاوبوونەوە ـ استرخاء ـ كە تێیدا دەمارەكانی جەستەی بە شێوەیەكی سروشتی دەكەونە ژێر كاریگەرییەكی نادیارو ئارام بەخش، بۆ قوڵ بوونەوە لە ئەتمۆسفیریكی سیحراوی، بۆ وەرگرتنی فیلم، لە هەموو كارێكی هونەری دا ئەو ئەتمۆسفیرە دەبێتە بنەمای چێژ بۆ بینەر و ئاوێتە بوون لە گەڵ فیلم و وەرگرتنی كاریگەری توخمەكانی فیلم.

زۆر جاران هۆڵی مۆدێرن و ئامرازە تەكنیكیەكانی هۆڵ كاریگەرییەكی راستەوخۆیان دەبێت بۆ وەرگرتنی چێژ، بۆیە كۆمپانیاكانی سینەما هەمیشە پێشبڕكێ دەكەن لە سەر دروست كردنی مۆدێرن ترین هۆڵ و دابین كردنی ئامرازە تەكنەلۆژییە نوێكان، بۆ دابین كردنی ئارامی بینەرو چێژ وەرگرتن .

### 2 ـ توخمەكانی وروژاندن لە سینەمادا

پەیوەندی راستەوخۆی بینەر لە سینەمادا لە گەڵ وێنەو گرتەی سینەماییە، پاشان بەرجەستە كردنی ئەو وێنەیە بە كاریگەرییە دەنگیەكان و موزیك، لە پێناو رەخساندنی توخمی وروژاندن لای بینەر بە هۆی وێنەوە، پاشان گۆڕینی گۆشەكانی بە پێی پێویستی دەربڕین و سیناریۆی فیلمەكە، كامێرا دەسەلاتێكی بەهێزی هەیە بۆ خوێندنەوەی حاڵە دەروونیەكانی ئەكتەرو بەرجەستە كردنی رووداوەكان، بەلام كاتێك بە زیندوویەتی دەمێنێتەوە كە وێنەگر ئەو دەسەلاتەی هەبوو هاوێنەكانی كامێرا وەك پێویست تەوزیف بكات بۆ بەرجەستە كردنی دیمەن، بەلام سەرچاوەكانی چێژ هەر تەنها بەكارهێنانی دروستی كامێرا نیە، بەڵكو كۆمەڵە هونەرێكی دیكە هەن بە هەمان ئاستی كامێرا سەرچاوەی وەرگرتنی چێژن وەك، سیناریۆ، موزیك و نواندن و روخسارو رووناكی و دەنگ و زۆر سەرچاوەی هونەری تر، كە هەموویان دەبن بە تەوژمی كاریگەر بە سەر بینەردا.

كۆمەڵگەی ئەمریكی و ئەورووپی جیا لە كۆمەڵگە رۆژهەلاتیەكان، چونكە زێتر لە ئێمە كەوتونەتە ژێر كاریگەری تەكنەلۆژبدیاو عەولەمە، بەرەو كۆمەڵگەیەكی ئامێری دەچن و كەمتر دەكەونە ژێر باری سۆز، بۆیە ئەوەندە بایەخ بە ژیانی رۆمانسیەت نادەن و كەمتریش بە لای كلاسیكیەتدا دەچن، بەڵكو

بە دیدێكی زانستی و تەكنەلۆژی دەڕواننە ئایندەی خۆیان و پاشەڕۆژی ژیان، ئەم دیدە گرژە كۆمەڵایەتیە، وای كردووە، ئاستی توندو تیژی و دوور كەوتنەوە لە پرسە فەلسەفی و مەعنەوییەكان بكەونە ژێر باری پرسە ماددییەكان، ئەمە لە بەهای لایەنە پەروەردەیی و مرۆیی و كۆمەڵایەتیەكانی كەم كردۆتەوە لە سینەمای ئەمریكی و ئەوروپی وەك ناوەرۆك، بەڵام وەك فۆرم بایەخێكی زۆر بە ئەكشن و خەیاڵی زانستی دەدرێت ،لەوانەی تەكنەلۆژیا باڵا دەستر دەردەكەوێت لە مرۆڤ، بۆیە كۆمەڵگای ئەمریكی و ئەوروپی كە لە فیلمی ئەكشن تێر دەبن، زۆر جاران لە فیستیڤاڵە سینەماییەكان و دابەش كردنی خەڵاتەكان، دەردەكەوێت كە زۆرێكیش لە و كۆمەڵگایانە وەك هەناسە دانێك، ئارەزووی فیلمی كلاسیكی و ڕۆمانسیەت دەكەن، چەشنی فیلمی (تایتانیك ـ دەرهێنانی جیمس كامیرۆن) كە بۆ 14 خەڵاتی ئۆسكار پاڵێوراو 11 لەو خەڵاتانەی ئۆسكاری بە دەست هێنا، هەروەها فیلمی (شكسپیری ئاشق ـ دەرهێنانی جۆن مادین ) حەوت خەڵاتی ئۆسكاری بە دەست هێناوە، زۆر فیلمی تر .

بە گشتی فیلمی توندو تیژی زۆرینەی پانتایی سینەمای ئەمریكی و ئەوروپی داگیر كردووە، بۆیە لە سەردانێكی سەرۆكی پیشووی ئەمریكا (بیل كلینتۆن) بۆ كۆمپانیا سینەماییەكانی هۆلیۆد گوتی:(ئاگاتان لەمنداڵەكانمان بێت، خەریكە توندو تیژی سینەما بۆتە پەروەردەیەكی سەقەت بۆ ئەو منداڵانە، كە نەوەی ئایندەی ئەمریكان). چونكە بینەرانی ئەمریكی جیاوازییان هەیە لەرووی ئەقلو چێژەوە ستایل و فۆرمی فیلمەكانیش لێك جیان، وەك چۆن فیلمی ئەكشن هەیە، بە هەمان شێوەش فیلمی ڕۆمانسی و فیلمی كلاسیكی و داستانیش هەیە، بۆ بەرجەستە كردنی چیرۆك و داستان و كەسایەتیە مێژووییەكان، لەو بارەیەوە چەندین فیلم هەن كە خەڵاتی زۆریان وەرگرتووە. ئەم هەمەرەنگیە لە بەرهەم هێناندا وای كردووە هاوسەنگییەك هەبێت بۆ بینەری سینەما، كە بتوانێت بەرجەستەی حەزو ئارەزووی هەموو جۆرە بینەرێك بكات و سینەما هیچ لەو بینەرانە دوور نەخاتەوە لە سینەما .

## 3ـ سینەما : ئابووری و بازرگانی

ئەمانجەكانی ئەمڕۆی سینەما جیاوازی لە گەڵ ئامانجەكانی رابووردوو هەیە، ئەمڕۆ بە پێی پێشكەوتنی سینەما لایەنی ئابووری و بازرگانی لە سەرووی هە موو ئامانجەكانی ترەوەیە، بە پێی ئەو داتایانەی لەو ساڵانەی دوایی دا بۆ سینەما كراون، داهاتی سینەما هیچی كەمتر نیە لە داهاتی پیترۆل، ئەو داهاتە ركابەری لە گەڵ زۆر لە داهاتە نیشتمانیەكانی تردا دەكات، لە هەندێ وڵاتی وەك ئەمریكاو و ئەوروپا، داهاتی فیلمەكان لە ملیارەها دۆلاری تێپەڕاندووە، بە سەدان كۆمپانیای سینەمایی زەبەللاح هەن بۆ دروست كردنی فیلم، داهاتی خەیاڵی بە دەست دێنن، خاوەنی ئەو كۆمپانیایانەو گەورە دەرهێنەرەكانی هۆلیۆد، لە پێشەوەی دەوڵەمەندەكانی دنیان و سەروو سامانیان لە ملیارەها دۆلار تێدەپەڕێنیٚ.

لە بازرگانیەتی سینەمادا تەنیا كۆمپانیاو بەرهەم هێنەرو دەرهێنەرو ئەكتەرەكان دەوڵەمەند نەبوون، بگرە حكومەت سوود مەندی یەكەمە لە بەرهەمهێنانی فیلم، بە هۆی وەرگرتنی باجی گەورە لەو فیلمانە، كە دەبنە پاڵپشتێكی ئابووری گەورە بۆ داهاتی نیشتمانی ئەو وڵاتانە، پیشەسازی سینەما لە ئەمریكاو ئەوروپا رۆژ لە دوای رۆژ لە پێشكەوتن دایە، ئەكتەرەكانی سینەما چەشنی یاریزانە جیهانیەكان لە لایەن ئەو كۆمپانیا زەبەللاحانەی سینەما دەقۆزرێنەوە بۆ كاری سینەمایی گەورە، بەتایبەت ئەوانەی خاوەنی زۆرترین خەلاٚتی فیستیڤاڵە سینەماییەكانی وەك ئۆسكارن و هەواداری زۆریان هەیە، كرێ ی بەشداربوونی ئەو ئەكتەرانە لە سینەمادا گەیشتۆتە ئاستێكی خەیاڵی، هەر بۆ نموونە كرێ ی ئەكتەرێكی وەك تۆم كرۆز و ئەنجیللا جولی ونیكول كیدمان و هەندێكی تر نزیكەی 400ـ 500 ملیۆن دۆلارە لە فیلمێكدا، ئەمە وای كردوو ئەكتەرەكان لە پێشەوەی دەوڵەمەندە بازرگانەكانی ئەمریكاو ئەوروپا بن .

### 4ـ سیاسەت لە سینەمادا :

لە پاڵ ئەو ئامانجە بنەڕەتیانەی ئاماژەمان پێدا ئامانجی ئایدۆلۆژی و ئایینی و سیاسیش هەمان گرنگی خۆی هەیە لە سینەمادا، لەبەر ئەوەی سیاسەت ئەمڕۆ بۆتە بەشێكی بەرفرەوان لە ژیانی رۆژانەی خەڵكی وئایندەیان، شەڕی ساردی زۆر لەو وڵاتانەی لە ئایدۆلۆژیاو ئایین و مەزهەب دا لێك جودان لە رێگەی سینەماوەیە، چونكە ئەوان لەوە حاڵی بوونە كەسینەما وەك ئامرازێكی تێكەڵ بە

ژیانی خەڵكی، نزیكترین ئامرازێكە بۆ كۆنترۆڵ كردنی ئەقڵو قۆرخ كردنی بیرو باوەڕ و ئاراستە سیاسییەكان. گوتاری سینەما لە هەر گوتارێكی دیكە كاریگەرترە، چونكە سینەما هەندێ جار دەتوانێت واقعێكی موزەیەف نیشان بدات، بە ئارەزووی خۆی مێژوو بنوسێتەوە، زۆر لە راستیەكان چەواشە بكات و كاریگەرییەكی دەروونی و هزری قولێ لە لای بینەردا دروست بكات .

مایكل مۆر- وەك دەرهێنەرێكی سینەمایی، لە سەردەمی سەرۆك جۆرج بۆش كاری بۆ حزبی بەرهەڵستكار كرد، بە دروست كردنی فیلمی 11ی سیبتیمبەر و لە فیلمەكەدا دژی سیاسەتی سەرۆك بۆش وەستاوە و فیلمەكەی بە رۆژێك پێش كۆتایی هاتنی هەڵبژاردنی ئەمریكا نمایش كردووە، بۆ ئەوەی كار لە سەر جەماوەری بۆش و ئاستی دەنگدان بەو سەرۆكە بكات و ئەوە بە خەڵكی بڵێ كە بۆش لە سیاسەتی خۆیدا بەرامبەر بە عیراقیش فەشەلی هێناوەو لە شەڕی كەنداودا زەرەرو زیانێكی زۆری ماددی و مەعنەوی بە ئەمریكا گەیاندووە، بە پێچەوانەی ئەمە كۆنگریسی ئەمریكا بۆ بەرگری كردنی جۆرج بۆش و سیاسەتەكانی دژ بە عیراق و روخاندنی سەدام حوسێن لە دەسەڵات و لە سێدارەدانی، وەك كارتێكی سیاسی سینەما پشتگیری لە دەرهێنەری سینەمایی كورد (جانۆ رۆژبەیانی) كردووە بۆ بەرهەم هێنانی فیلمێك دەربارەی بە كۆمەڵ كوژی كورد، كە باس لە تاوانەكانی سەدام دەكات لە ئەنفال و كیمیا بارانی هەڵەبجە، بۆ ئەوەی بە سینەما پاساوی داگیر كردنی ئێراق و لە ناوبردنی سەدام لە لایەن سەرۆك بۆشەوە بە ڕەوا بزانن

هەندێ لەو فیلم و زنجیرە تەلەفزیۆنیانەش كە ئێران بەرهەمی هێناون لە سەر پێشنیاری راستەوخۆی خامەنەئی بوونەو حكومەت بودجەی خەیاڵی بۆ تەرخان كردوون، بۆ پێكانی ئامانجە سیاسیەكان لە پەنای ئایینەوە، بە تایبەت دژی جولەكەكان ..لەوانەش دوای فیلمی یوسفی راستگۆ بەڕاسپاردەی خامەنەئی داوا لە دەرهێنەر فەرەجوڵڵا سەلەحشوور كرا، كە فیلمێك دەربارەی حەزرەتی موسا بە بەرهەم بێنێ، بەو شێوەیەی خامەنەئی دەیوست و لە بەرژەوەندی جولەكەكان نەبێت، بەڵام دوای ئەوەی ئەو نەخشەیە ئاشكرابوو، جولەكەكان پێش تەواو كردنی زنجیرەكە، دەرهێنەركەیان ژەهر خواردوو كردو لە ناویان برد.

ئەو سیاسەتە لە سینەمادا بەرامبەر بە گەلی كوردیش بە كارهێنراوە، لەو وڵاتانەی كوردی تێدا دەژیت، بۆ ئەوەی وێنەیەكی ناشیرینی خەباتی كورد نیشان بدەن و بیخەنە پاڵ خەباتێكی چەتەگەری میلیشیایی .

زۆرجاران سیاسەت ڕۆڵ دەبینێ لەبەركەوتنی خەڵاتەكان لە فیستیڤاڵە سینەماییەكانیشدا، هەندێ جار كە حاڵەتی لە ناكاوی چاوەڕوان نەكراو لە ئەنجامەكاندا دەبینین هۆكارەكەی سیاسییە، هەر بۆ نموونە فیلمی( كیلۆمەتر زیرۆ) ی هونەر سەلیم گەیشتە فیستیڤاڵی كان، ئەگەرچی فیلمەكە فیلمێكی لاواز بوو، هی ئەوە نەبوو لە نێو ئەو هەموو وڵاتە زەبەللاحانەی سینما بگەنە(كان) بەڵام لەبەر ئەوەی فیلمەكە بە هاوبەشی لە گەڵ فرەنسا بەرهەم هاتبوو، گەیشتە كان، وەك وەزیری ڕۆشنبیریی فرەنسا نهێنی گەیشتنی ئەو فیلمەی بە(كان) بەوە لێك دایەوە ..كە فەرەنسا خۆی بە قەرزاری گەلی كورد دەزانێ بەرامبەر بە هاوبەشی كردنی فرەنسا لە گەڵ ڕژێمی سەدام حسێن بۆ دژایەتی كردنی گەلی كوردو ئەو كارەساتانەی بە سەر كورد هاتن، بۆیە فەرەنسا بۆ قەرەبوو كردنەوەی ئەو مێژووە تاڵە ڕێزی لەو فیلمە نا ..

# كورد لە سینەمای رووسیی و سۆڤییەتی د ا

هەر لەگەڵ دەستپێكی سەرهەڵدانی سینەما لە ساڵی 1895 تا نەشوونووما بوون چەكەرە بوونی، وەك هونەرێكی نوێ لە ناوەڕاستی سەدەی بیست دا، ئاراستەی سینەمای جیهانیی بە گشتی و سینەمای ئەمریكی بە تایبەتی روو لە رۆژهەلات بووە، هۆیەكەشی ئەوە بووە، ئەو ناوچەیە ناوچەیەكی دەوڵەمەند بووە لە رووداوی گەرم و بابەتی نائاسایی سەر سوڕهێنەر، بۆیە بە دەیان چیرۆكی بە پێزیان كردۆتە كەرەستەی بەرهەم هێنانی دەیان فیلمی سینەمایی، ئەم تێڕوانینەش زادەی بە دوادا گەڕان و ئەزموونی مەیدانی ئەوان نەبووە، بەڵكو پاشماوەی رۆژهەلاتناسە ئەوروپییەكانە كە رۆژهەلاتیان بە وێنەی خەون و خەیاڵێك و لە هەندێ كاتیشدا وەك دڕندەیەك نیشان داوە، رۆژهەلاتییەكان لەپەردەی سینەمادا بە رووكەشی و رەونەقی خشڵو زێڕو بەردی گرانبەها بە ئافرەتی سرنج راكێش نیشان دەدات، لەوانەی لە نێو حەوزی كۆشكە مەڕمەڕییەكاندا مەلەوانی دەكەن و بە كراسی تەنكی ئاوریشمی، وەك جارییەكان بە نێو ئەو كۆشك و تەلارانەدا هاتوچۆ دەكەن، ئەوان رۆژهەلات وەك رۆژهەلاتی پەچەو نێرگەلەو كۆنە بازاڕو رۆژهەلاتی سەركێشی كوشتن و توندو تیژیی نامرۆیی دەخەنە روو.

هەمیشە رۆژهەلات لەسینەمای ئەورووپی دا، وەك سینەمایێكی بێ گیان و بێ رەگو ریشە نیشان دراوە، بەلأم لە سەرەتاكانی سەدەی بیستەمدا سینەمای سۆڤیەتی چەند جۆرە فیلمییان دەربارەی رۆژهەلات بەرهەم هێناوە، بەرجەستەكردنی كامێرای دەرهێنەرە شۆڕشگێڕە سۆڤییەتییەكان بۆ رۆژهەلات و ئەفسانەكانی، بە تێڕوانینێكی نوێ بووە، ئەوان رۆژهەلاتییان بەبێ رتووش خستۆتە روو، هەوڵییان داوە واقیعەكە وەك خۆی نمایش بكەن، سڵ لە حاڵەتی هەژاری و كۆلەواری و باری دواكەوتن و پاشەگەردانی ئەو ناوچەیە نەكەنەوە، كوردەكانیش بەشێك بوونە لەو تێڕوانینە نوێیە .

## سینەمای رووسیی بەر لە شۆڕشی ئۆكتۆبەر

لە كتێبی(پەردەی سینەمای ئەرمینیا) توێژەری سینەمایی ئەرمەنی(گریگۆری جاگیریان) كە ساڵی 1971 لەزانكۆی مۆسكۆ دەرچووە، دەربارەی دەستپێكەكانی دروست بوونی سینەمای ئەرمەنی ئاماژە بەوە دەكات كە لە سەردەمی روسیای قەیسەریدا، كۆمەڵە فیلمێك بە بەرهەم هاتوون، رووداوە پڕ لە مەرگەساتەكانی ئەرمەن دەگێڕنەوە، ئەو ئەرمەنانەی لەجەنگی جیهانیی یەكەمدا، لەخوارووی ئەرمینیاو لەسنووری ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا دەژیان، لەو فیلمانەش ناوی فیلمێك دێنێت بە ناونیشانی (لە ژێر دەسەلاّتی كورداندا) كە لەساڵی 1915 كۆمەڵێ لاوی بەهرەمەندی ئەرمەنی بە چاودێری بەرهەم هێنەری سینەمایی(مینیرفینا) رۆڵیان تێدا بینییوە، نووسەری سینەماییش بورهان شاوی دەڵێت: لە كتێبی(سەرچاوەی فیلمە داستانییەكانی رووسیا بەر لە شۆڕش) مێژوونووس و توێژەری سینەمایی (فیشینفسكی) كە ساڵی 1945 لەمۆسكۆ دەرچووە، هەمان راستی دەسەلمێنێ، لە پاڵ ئەوەشدا هەندێ زانیاریی گرنگی دیكەشی تێدا بلاّوكراوەتەوە، لەوانەش مێژووی یەكەم نمایش لە25ی تشرینی یەكەمی1915 دیاری كراوە، بەلاّم فیلمەكە ون بووەو هەر ئەوەندەش باسی فیلمەكە كراوە، كە تراژیدیایەكە دەربارەی ژیان لە پارچەی تورك نشین لە ئەرمینیا، لە هەندێ سەرچاوەی دیكەدا وێنەیەك لە فیلمەكە نیشان دراوە، وێنەی ئەو پیرە پیاوەی كە هەندێ لە جەنگاوەرە هێرش بەرەكان قەستی كوشتنی دەكەن، بەلاّم بەشێك لە فیلمەكە باس لەو قەسابخانەیە دەكات كە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ ئەرمەنییەكانی نایەوە، تەنیا ئەو فیلمە سینەماییە هەیە كە پەیوەندی بە كوردەوە هەبێت و باسی كوردی تێدا كرابێت، هەتا ئەگەر ئەو باس كردنەش بە شێوەیەكی پۆزەتیفانەش نەبوو بێت

## كورد له سینه‌مای سۆڤییه‌تیدا

له كتێبی (كورد ..سه‌رنج و تێروانین) ی رۆژهه‌لاَتناسی رووسی (مینورسكی) كه له ساڵی 1915 له(بترۆگراد)ده‌رچووه، ده‌رباره‌ی كورده‌كان ده‌ڵێت: ئه‌وان له ناوچه‌ی یه‌ریڤان، له‌و هه‌رێمه‌ی كه په‌یوه‌سته به چیای ئاراراته‌وه نیشته‌جین. هه‌روا له چه‌ند هه‌رێمێكی دیكه‌ی وه‌ك ئه‌رده‌هان، قاقزمان، له فارس و زنگه‌زوورو جوانشیرو ئه‌رش و جوبرائیل و چه‌ند شوێنێكی دیكه دا ده‌ژین، هه‌روه‌ها مێژوو نووسی ناوداری كورد(ئه‌مین زه‌كی به‌گ) له كتێبه‌كه‌یدا (خولاسه‌ی مێژووی كوردو كوردستان) باس له‌وه ده‌كات كه

حكومه‌تی به‌لشه‌فیه كه له یه‌ریڤان — ی ئه‌رمه‌نی دروست بووه، به‌شێك له كورده‌كانی گرتۆته خۆی، به تایبه‌ت كورده‌كانی هه‌رێمی (قه‌ره‌باغ) هه‌روه‌ها عه‌بدولڕه‌حمان قاسملۆش له كتیبه‌كه‌یدا (كوردستان و كورد) ئه‌وه ده‌سه‌لمێنیٚ كه دوای په‌یمانی (گلستان ) له ساڵی 1813 له نێوان ئێران و رووسیا، ئه‌و هه‌رێمه كوردییانه بوون به پارچه‌یه‌ك له روسیا،به گوێره‌ی رێكه‌وتننامه‌ی ( توركمانجای) ساڵی 1828به‌شێك له كورده‌كانی قارس و وارده‌ان كه‌وتنه سه‌ر رووسیا.



## زاریٚ ..یەكەم فیلمی كوردی

دوای شۆڕشی ئۆكتۆبەریش و بە پێی ئەو رێكەوتننامەی لە 21ی ئاداری 1921لە نێوان روسیاو توركیا ئەنجام درا، هەردوو ناوچەی قارسو، واردهان، گەڕاندرانەوە بۆ سەر توركیا، ئیدی تەنها چەند هەزار كوردێك لە ئەرمینیا مانەوە. رۆژهەلاتناسی رووسی (لازاریف) لە وتاریكیدا (كوردو مەسەلەی كورد) كە لە ژمارە 12ی ساڵی 1983ی گۆڤاری (ئاسیاو ئەفریقیای ئەمرۆ) بلاو كراوەتەوە، ئەوە روون دەكاتەوە كە رێژەی كوردەكان لە یەكێتی سۆڤییەتی ئەو كاتە، گەیشتۆتە لە سەدا یەك، ئەمەش رێژەی تێكڕای گەلی كورد، دەسەلاتدارانی قەیسەریش وەك عوسمانییەكان هەمیشە هەوڵی ئەوەیان داوە كورد ژێر دەستەی خۆیان بكەن، ئەوەتا (مینورسكی)لە كتێبە ناوبراوەكەی دا، پشت بە راپۆرتە نهێنییەكانی دبلۆماسی و سەركردە رووسییەكانی شەڕ دەبەستێت، ئاماژە بەوە دەكات كە هەر كاتیٚ شەڕو شۆڕ لە هەرێمی قەوقازدا بەرپا بووایە، ئەوە بایەخدان بە كوردەكان لەو ساتانەدا زێتر دەبوو، ئەوەتا لە شەڕی رووسیادا تورك لە ساڵی 1829چوار تیپی ئیسلامی هەبوو، یەكێك لەو تیپانە كورد بوون، كە لە 4 سوارچاك پێك هاتبوون، سەركردەكەیان رووسی بوو، یاریدەدەرەكەشی كورد بوو، هەروا لە شەڕی (قرم) دوو تیپی سەربازی كورد هەبوون، كە یەكێكییان لە قارس و ئەوی دیكەیان لە یەریڤان بوو. وێڕای هەموو ئەمانەش تێكڕای راپۆرتەكان لە رووی كۆمەلایەتییەوە ئاماژە بەوە دەكەن كە كوردەكان ئەو ساتە بە كاری لەوەڕگاو رەوەندی و شوانكارییەوە خەریك بوون، هەرگیز ژیانێكی سەقامگیرییان نەبووە، چونكە خاكی ئازادی خۆیان نەبووە، بۆ هەمیشە لە ژیانێكی كولەمەرگی و كوێرەوەری و نەخوێندەواری ژیاون، تەنانەت لە سەردەمی رووسیای قەیسەردا لە نێو 125 هەزار كورد تەنها دوو قوتابییان تێدا هەبووە، بەلام دوای شۆڕشی ئۆكتۆبەر دەسەلاتی نویٚ بایەخێكی باشتری بە كورد دا و هەوڵی دا كە بارێكی سەقامگیر بۆ كوردەكان دابین بكات و لەو ژیانە كولەمەرگییە نەخوێندەوارییەی هەیان بوو رزگارییان بكات.

لە سەرەتای بیستەكاندا و بە پشتگیری ئەو دەسەلاتە ساوایەی كە هێشتا دووچاری نەخۆشییە درمە بیرۆكراتی و حزبایەتی و توندو تیژی نواندن بەرامبەر بە بەر هەڵستكاران و زۆر شتی تر دەبۆوە، خەونی بە كۆمەڵگایێكی مەدەنییەوە دەبینی، تا لەو ساتانەدا سینەماكارە سۆڤییەتییەكان، سینەمای نەتەوەیی خۆیان لە ئاسیای ناوەڕاستدا دامەزراند، لە نێوان ئەوانیشدا سینەماكارە

ئەرمەنییەكان بوون، كە لە نێو هەلو مەرجێكی تەنگەتاودا هەوڵی دروست بوونی خۆیان دەدا، لەوانەش دەرهێنەری  ناوداری ئەرمەنی (ئاموییك نزارییان)ی ناسراو بە (نزارۆف بەگ) كە بە یەكێك لە گەورەترین دەرهێنەرە سینەماییە سۆڤییەتیەكان هەژمار دەكرێت، لە ساڵانی بیستەكانداو یەكێكیشە لە دامەزرێنەرانی سینەمای نەتەوەیی گەلانی ئاسیای ناوەڕاست، ئیدی ناوی (نزارۆف بەگ) هەر تەنها پەیوەست نیە بە مێژووی سینەما نەتەوەییەكان بگرە ناوی، بە گرنگترین ئەو فیلمانەوە بەندە كە لەو سەردەمەدا لە كۆمارەكانی یەكێتی سۆڤییەتەوە بەرهەمهێندراون، لەوانەش یەكەم فیلمی سۆڤییەتی دەربارەی كورد. نەزارۆف بەگ ـ پێش ئەوەی لە ئەرمینیا كار بكات، چەندین فیلمی لە كۆماری جۆرجیای سۆڤییەتی بەرهەم هێناوە، لەوانەش فیلمی(باوك كوژ 1922، گەنجینەی دزراو 1924 ، ئەنتیلا 1925)

نزارۆف، لەو ساڵانەدا كە بۆكاركردن هاتبووە ئەرمینیا، فیلمە بەناوبانگەكەی  (نامووس–192)ی بەرهەم هێنا، ئەم فیلمە دەنگدانەوەیەكی گەورەی بۆ نەزارۆف هەبوو، چونكە بایەخێكی زۆری دابووە كولتووری رۆشنبیریی و نەتەوەیی گەلەكەی و زۆر كێشەی كۆمەلایەتی گرنگی بە زیرەكی و دانایی خۆیەوە خستبووە روو، سەركەوتنی ئەو فیلمە لە ئاستی هونەریی و جەماوەریدا وای لە نەزارۆف كرد كە زێتر خۆی بۆ كێشە و ئەشكەنجەوئازاری گەلانی  رۆژهەلات تەرخان بكات، ئەوەبوو لە ساڵی 1926 ئەو دەرهێنەرە گروپە سینەماییەكەی خۆی كۆكردەوەو بەرەو چیاكانی ئاراكاسی هەڵكشان، كە هەرێمێكی كورد نشینە، بۆ ئەوەی لەوێ فیلمە درێژەكەی خۆی (زاریا ـ واتە زارێ) تۆمار بكات، كە تێیدا بە گشتی  باس لەژیانی كوردەكان دەكات لە سەردەمی  رووسیای  قەیسەری دا، نزارۆف بەگ ـ لەكتێبی (یاداشتی ئەكتەرو دەرهێنەرێكدا) كە لە ساڵی 1965 لە مۆسكۆ دەرچووە، باس لە ئەزموونی سینەمای خۆی دەكات، بە تایبەت ئەزموونی لە گەڵ فیلمی (زارێ) و لەم بارەیەوە ئاماژە بەوە دەكات  كە چۆن لە كاتی بەرهەم هێنانی ئەو فیلمەدا، هیچ سەرچاوەیەكی ئەوتۆی لە بەر دەست دا نەبووە، كە باس لە مێژووی كوردو ژیانی كوردەكان بكات، خۆشی زانیارییەكی ئەوتۆی لەم

بارەیەوە نەبووە، تەنها شتێكی كەم نەبێت، بۆیە دەستی كردووە بە گەڕان بە دوای داب و نەریت و رەوشت و مێژوو خێڵەكانی ئەو نەتەوەیە، لەم بارەیەشەوە كۆمەڵێ لیستی نووسیووە بۆ كۆكردنەوەی زانیاری دەربارەی چەندین لایەنی گرنگی ئایینی و كۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ژیانی رۆژانەی خێزان و تێڕوانینی ئەوان دەربارەی گەلێ لایەنی پەیوەست بە ژیان و چەند پرسیارێكیش دەربارەی (لازۆ) ی نووسەر كە یەكەم نووسەرێك بووە ئەلف و بێی كوردی بۆ كوردەكان لە وڵاتی سۆڤییەتدا داناوە، چەندین پرسیاری تر.

فیلمی زاریێ چیرۆكی ئەڤینداری نێوان كوڕو كچێك دەگێڕێتەوە لە یەكێ لە گوندە كورد نشینەكاندا، كوڕەكە شوانكارەیەكە و ناوی سەعیدە (نیر سیسلییت) ی ئەكتەر دەوری دەبینێ، كچە هەژارێكیش كە ناوی زاریێ یە(تینازی) دەورەكەی دەبینێ، دەرەبەگەكی گوندەكەش، ئەگەرچی ژنیشی هەیە، كاتێ بە خۆشەویستی نێوان سەعیدو زاریێ دەزانێ، بەخیلییان پێ دەباو لە سەر ئەوە سوور دەبێت، كە زاریێ بۆ خۆی بخوازێت، بەڵام لەو دەمەدا جەنگی جیهانیی یەكەم هەڵدەگیرسێ و دەسەڵاتدارانی قەیسەر بڕیار دەدەن كە لاوە كوردەكانیش پەلكێشی ئەو شەڕە كاولكارییە بكەن، كە سەعیدی ئەڤیندار یەكێ بوو لەو كۆمەڵە لاوەی رەوانەی ئۆردوگایێكی سەربازی كران لەنزیك گوندەكە، ئیدی لەو كاتانەدا كە كاروانی سەربازەكان بۆ ئاو خواردنەوە لە تەك كانیەكاندا وچان دەدەن بۆ ئاو خواردنەوە، سەعید دەرفەت وەردەگرێت و را دەكاتە نێو ئاوایی، كەچی كاتێ تەیموور بەگ ئەمە دەزانێ، فرمان دەداتە پیاوەكانی كە سەعید پەلبەست كەن و رادەستی بكەنەوە و بكەوێتە زیندان، كاتێكیش كە زۆربای برا گەورەی زاریێ بە بریندارى دەگەڕێتەوە، برینەكەی زۆر سەخت و دژوار دەبێت، لە نێو گریەو هاواری كەسو كاری گیان لە دەست دەدات، ئیدی بەگ بێ كەسی زاریێ بە دەرفەت دەزانێ، بۆیە فرمان دەداتە پیاوەكانی، زاریێ پەلكێش كەن و بە زۆر لە خۆی مارە دەكات، بەڵام زاریێ زۆر ئازایانە بە روویدا دەوەستێ و نایەڵێ بە هیچ شێوەیەك بەگ لێی نزیك بێتەوە، ئا لەو كاتەدا(خدۆ) ی برا بچووكەكەی زاریێ، بۆ رزگار كردنی خوشكەكەی تەقە لە بەگ دەكات و بریندارى دەكات، پیاوانی بەگ زوو فریای دەكەون و بە خەنجەر خدۆ دەكوژن، دوای ئەوەش كە بەگ چاك دەبێتەوە بە زۆرە ملێ زەماوەندی خۆی لە گەڵ زاریێ دا دەگێڕێت، بەڵام كاتێ سەعید بەم هەواڵە تاڵە دەزانێ، بۆ تۆڵەسەندنەوە خۆی و هەندێ لە هاوڕێیانی لە بەندیخانە رادەكەن، كاتێ بەگ لە

بەردەم خۆ بە دەستەوە نەدانی  زاریٚ دووچاری بیٚ ئومێدی دەبێت، بە ئامانجی سووکایەتی پێکردنی، دەنگۆی ئەوە لە ئاواییدا بلاۆ دەکاتەوە کە گوایە زاریٚ کچ نیە، لە تۆڵەی ئەوەش سەرەو ژێر زاریٚ سواری گویٚ درێژیٚ دەکەن و دەموو چاویشی سواغ دەدەن و هەتکی پیٚ دەکەن، ئینجا لە ناو بارانی تیرو توانج  بە ئاواییەکەدا دەیگێڕن، تا لەو کاتەدا سەعیدو هاوڕێکانی دەگەنە ئەو شوێنەو تەیموور بەگ و پیاوەکانی دەکوژن، ئینجا زاریٚش لە گەڵ خۆیاندا هەڵدەگرن و روو دەکەنە چیا ..

ئەم فیلمە لە ساڵی 1927 دوای فیلمی (ئایزنشتین) نیشاندراو دەنگدانەوەیەکی چاکی هەبوو لە رۆژنامەکاندا، بوو بە مایەی رەزامەندییەکی زۆری خەڵکی، بەلاٚم دەبیٚ بۆ مێژوو خۆمان لەو راستییە هەڵنەبوێرین کە فیلمەکە وێڕای ئەو سەرکەوتنەش نەگەیشتە  ئاستی  فیلمی (نامووس)ی هەمان دەرهێنەر، لەم فیلمەدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە فیلمەکە کاریگەرییەکی زۆری (ئایزنشتین) ی بەسەرەوەیە، بەتایبەت لە رووی بەکارهێنانی خەڵکی رەمەکی دوور لە ناوەندی هونەریی، هەروەها لە رووی دەربڕینی روخساری سروشتی خەڵکی سادە و وردەی ژیانی رۆژانەی ئەوان بە شێوەیەکی رەمزی، هەروەها دەرهێنەر هەوڵی ئەوەی داوە کە ململانێی تاکە کەسی بگوازێتەوە بۆ ململانێیەکی گشتی و پەرەپێدانی هێڵی درامی رووداوەکان و پاشان تەقاندنەوەیان لە کۆتایی فیلمەکەدا بە شێوەیەك کە ئەم کۆتاییە دەستپێکێکی نویٚ بێت بۆ ململانێیەکی توندو تیژترو کاریگەرتر ..

(نزارۆف بەگ) لە رێگەی کەسایەتیەکی وەك(سەعید) توانیوویەتی بەرجەستەی سیمای رۆژهەلاٚتیانەو پۆزەتیفانەی پاڵەوانەکە بکات، جوامێری و بوێری و ئازایی ئەو دەربخات، دەرهێنەر لە رێگەی کەسایەتی سەعیدەوە چمك و فەلسەفە نوێکانی خۆی بە کەسایەتیە مرۆییەکان و بەرەو پێشڤەچوونی  هوشیاریی و تێگەیشتنی ئەوانەوە  دەرنەبڕیووە وەك (سابیررەزاییف) لە کتێبی سینەمای داستانی ئەرمەنی) دا کە ساڵی1963 لە یەریڤان دەرچووە، باسی لێوە کردووە، بەڵکو لە ریگەی کەسایەتییەکی شێتی وەك خدۆی برای زاریٚ کە کەسایەتییەکەی لە کەسایەتی سەعید کەمتر نیە ئەمەی دەربڕیووە، چونکە گۆڕانکارییەکی گەورەو خیرای هزری و دەروونی لەم کەسایەتیەدا درکی پیٚ دەکرێت، کە رەنگە رەسم کردنی ئەو کەسایەتیە لە کەسایەتی سەعید روونترو ئاشکرا تر بێت، بینەر لە سەرەتادا تەنها وەك شێتێك ئاشنا بە خدۆ دەبیت، بەلاٚم لە گەڵ بەرەو پیشڤەچوونی رووداوەکان و روو بە روو بوونەوەی لە گەڵ جەندرمەکانی دەسەلاٚتی قەیسەری و تەیموور بەگ و

پیاوەكانی  هوشیاریی ئەو فرەوانترو قوڵتر دەبێتەوە، بە تایبەتیش دوای مردنی (زۆربا) و بەند كردنی سەعید، نزارۆف بەگ ـ لە رێگەی كەسایەتی خدۆوە توانی بە قەد تواناو لە سنوورێكی دیاری كراودا شتێك بخاتە سەر ئەو هەولآنەی نراون بۆ چارەسەر كردنی ئەو كێشانەی كە روو بە رووی سینەمای ساوای سۆڤیەتی ببوونەوە، بە تایبەت ئەوانەی كە پەیوەست بوون بە كاری بەرجەستە كردن و نەشوو نووما كردنی كەسایەتی درامی لە سەر پەردەی سینەمادا، یان وەك رەخنەگری ناسراوی رووسی (تشیرنشیفسكی) لە زانستی ستاتیكادا ناوی ناوە ( دیالیكتی رۆح ).



نزارۆف لەم فیلمەدا توانی تا راددەیەكی زۆر لە كەشو هەوای كوردی وسیماو خەسلەتەكانی كەسایەتی كوردی نزیك بێتەوە، بەلاّم لەم پێودانگەشەوە  پرسیارێك دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە كە ئایا نزارۆف توانی ئەو سیماو خەسلّەتانەی گەلی كورد لە فیلمی (زارێ) شدا بخاتە روو؟ دەلّێین نەخێر وەك پێویست ئەم ئاواتەی  ئێمەی بەدی نەهێناوە، لە بەر كۆمەلّێك هۆ، یەكێ لەوانە ئەوەیە كە دەرهێنەر شارەزاییەكی ئەوتۆی لە كولتوورو كەلەپووری كوردی نەبووە، رووداوی فیلمەكەش لە ئەرمینیا بووە  نەك لە كوردستان، ئامانجی سەرەكی دەرهێنەریش هەر ئەوە بووە كە چەند خەسلّەتێكی سیاسی و ئایدۆلۆژی و چینایەتی و قۆناغی ئەو سەردەمە نیشان بدات، كەمتر بەلای

پرسە نەتەوەییەكانی كورد وەك نەتەوەیەكی پارچە پارچە بووی پەرشو بلاّو نیشان بدات، بەڵكو هەستی شۆڕشگێڕانەی چینایەتی بەسەر تەواوی فیلمەكەدا زاڵە، ئەگەرچی دەرهێنەر لە هەندێ دەوردا پشتی بە چەند ئەكتەرێكی نەناسراو بەستووە، بەلاّم نواندنێكی ئەوەندە رێكو پێكییان كردووە كە بینەر جوداییەكی ئەوتۆ لە نێوان ئەكتەری ناسراوو ئەكتەری نەناسراودا نەكا، دەشتوانین ئەوە بڵێین كە بەهۆی ئەو هەلو مەرجە تایبەتیەی لە كاتی تۆمار كردنی فیلمەكەدا هاتوونەتە پێش و لە بەر كەمی ماوەش، زۆر وردەكاری گرنگ لە دەست دەرهێنەر دەرچوونە، ئەگەرچی فیلمەكە لە رەسەندا بە بێدەنگ تۆمار كرابوو، بەلاّم دەرهێنەر توانی لە سییەكاندا دەنگ بخاتە سەر فیلمەكە، ئێستاش تەنها دوو دانە لە فیلمەكە لە مۆسكۆ پارێزراوە یەكێكییان بە زمانی رووسییە.

## كوردە یەزیدییەكان .. دووەم فیلمی درێژ

لە كاتی وێنەگرتنی فیلمی نامووس ـ نزارۆف یاریدەدەرێكی ئەرمەنی لە گەڵ دابوو بەناوی(ئامۆ مارتیرۆسیان) كە كاتی خۆی لە فیلمی (زارێ) دەوری ( زۆربا ) ی بینیبوو ، بۆیە جۆرە ئەزموونێكی لەسەر كورد پەیدا كردبوو، لە ساڵی 1932 دووەم فیلمی دەربارەی ژیانی كوردەكان تۆمار كرد بە ناوی (كوردە یەزیدییەكان) ئەو دەرهێنەرە بە شێوەیەكی روونتر لە نزارۆف لە كورد نزیك بۆتەوە، بە تایبەت لە ناوی فیلمەكە كە ناوی كوردی پێوەیە، یەزیدییەكان وەك مێژوو نووسی ناوداری كورد (محەمەد ئەمین زەكی) لە كتێبەكەی دا (مێژووی كوردو كوردستان) باسی دەكات، پارچەیەكن لە نەتەوەی كورد، بەلاّم لە ئایندەدا جۆرە جوداییەكییان هەیە لە گەڵ كوردەكانی دیكە، كتێبێكی پیرۆزی خۆشیان هەیە بە ناوی (كتێبی رەش) كە لەساڵی 1422 نووسراوەو هەموو داب و نەریت و زانیارییەك لەمەڕ یەزیدییەكان دەگرێتە خۆی، مارتیرۆسییان ـ لەم فیلمەدا وەك لە ناوەكەیدا دیارە دەبوو زیتر بپرژێتە سەر ئەو كوردە یەزیدییانە، بەلاّم شتێكی ئەوتۆ دەربارەی داب و نەریتی ئەوان ناخاتە روو، بێجگە لە مەسەلەی كڕنۆش بردن بۆ خۆر نەبێت لە كاتی رۆژ هەلاّتن و ئاوا بوونی دا، بەلاّم دەرهێنەر پتر بایەخی بە ژیان و هەلو مەرجی ئەو كوردانە داوە لەژێر دەسەلاّتی سۆڤییەتدا، سەرەتای فیلمەكەش بە دیمەنێكی گشتی ژیانی رۆژانەی ئەوان دەست پێ دەكات لە ناو گوندێكا،

لەوانەش كاتی جەلالی شوانكارە(نرسیسیا) مێگەلە مەڕی شێخ خانۆ (جانان) بەرەو لەوەڕگا لێ دەخوڕێ و ژنەكەشی دەباتە ماڵی شێخ خانۆ، ژنی شێخیش كەوتۆتە خەوێكی خۆش، پیاوێكی ئاینیش لە سەر لووتكە چیایێك كڕنۆش بۆ خۆر دەبات.



پانۆرامای ژیان لەو فیلمەدا جوداییەكی ئەوتۆی تێدا نیە لە گەڵ ئەوەی لە فیلمی زارێ دا دەبیندرێت، بەڵام ئەم فیلمە گرتە بە گرتە جیاوازی لە نێوان هەردوو قۆناغدا نیشان دەدات، ئەوە روون دەبێتەوە كە گۆڕانكارییەكی بنەڕەتی لە ژیانی سیاسیدا دركی پێ دەكرێت، دەبینین كە كۆمەڵەی هەرەوەزی كشتوكاڵی دامەزراوە، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا داب و نەریتە كۆنەكان لە گوندەكەدا هەر دیارن، جەلال

بە دەم لێخوڕینی میگەلەوە، سەری پڕ لە گێژەنی خۆی دانواندووە، لە ئاست خەمی قەرزی ئەو شێخە تەڵەكەبازەی كە باری نەزانین و نەخوێندەواری خەڵكی گوندەكەی قۆزتۆتەوە و بە بەردەوامی لیستی ئەو قەرزانە دەسكاری دەكات و باج لەو خەڵكە بێ دەسەلاتە وەردەگرێت، نەخوێندەواری بە جارێك لە نێو خەڵكەكە تەشەنەی سەندووە، هەتا بەرپرسی كۆمەڵەی كشتوكاڵیش(برۆ) كابراییێكی نەخوێندەوارە، ئەوەتا كاتێ بەرپرسانی شار بڕیار دەدەن كارگەیەكی خوری لە شار دامەزرێنن و خوری لە خەڵكی ئەو گوندە بكڕن، نووسراوێك لەم بارەیەوە بۆ بەرپرسی كۆمەڵە دەنێرن، ئەویش چونكە كابراییێكی نەخوێندەوارە نووسراوەكە بۆ شێخی گوندی دەبات بیخوێنێتەوە، شێخ كە بەمە دەزانێ پێش ئەوەی كۆمەڵە كاری كڕینی خوری لە شوانكارەكان دەست پێ بكات، بە نهێنی شوانكارەكان كۆ دەكاتەوە و بە نرخێكی هەرزان هەموو خورییەكانییان لێ دەكڕێت،پاشان ئەو خورییانە لەناو چاڵەكاندا دەشارێتەوە، كاتێ بەرپرسانی شار دێنە گوندەكە بۆ كڕینی خوری لە شاوانكارەكان، هیچ خورییەكیان لا دەست ناكەوێت، كاتێكیش بڕیار دەدرێت كە قوتابخانەیەك لە گوندەكەدا بكرێتەوە بۆ ئەم مەبەستەش كچە كوردێك بە ناوی (زینە) كە زافاریان ـ ی ئەكتەر دەورەكەی دەبینی، دەكەنە مامۆستای ئەو قوتابخانەیە، بەلاّم شێخ و پیاوەكانی زۆر بە توندی بەرامبەر بە زینە دەوەستن بۆ ئەوەی نەتوانێت  ئەركەكەی خۆی جێ بە جێ بكات، پیاوە ئاینییەكانیش هان دەدات كە پڕۆپاگەندەی ئەوە بلاّو بكەنەوە كە گوایە خوێندن حەرامە و نابێت باوكان منداڵەكانییان بنێرنە قوتابخانە، بەلاّم بە هەوڵی زینە و هەندێ لە شوانكارە لاوەكان ئەم هەوڵەی شێخ  شكست دێنێ و فرو فێڵەكانی شێخ و پیاوەكانی لە رووی دەستكاری لیستە دروست كراوەكانی قەرزیش، لای خەڵكی ئاشكرا دەبێت، كاتێ شێخ دەزانێ كە زینە كێشەو گیرو گرفتێكی زۆری بۆ ناوەتەوە و تەواوی درۆو دەلەسەكانی ئاشكرا كردووە، بیر لە لەناوبردنی دەكاتەوە، بەلاّم پیاو كوژەكان لەكاتی ئەنجامدانی پیلانەكە دەستگیر دەكرێن، فیلمەكە بە گشتی لە فیلمێكی تۆماری دەچێت نەك فیلمی دوورو درێژ، چونكە دەرهێنەر پشتی بە وردەی ژیانی رۆژانەی خەڵكی بەستووە نەك رووداو، هەروەها بایەخێكی تایبەتی بە دەرخستنی جوانیی بەستووە نەك بونیاتی درامی، ئەمەش كاری كردۆتە سەر چۆنییەتی چارەسەر كردنی كەسایەتییەكان لەرووی درامی و دەروونییەوە و وای كردووە كەسایەتییەكان وەك پێویست نەناسرێن و كەسایەتی رو كەش بن  لە فیلمەكەدا، بەلاّم بە شێوەیەكی گشتی لە رووی وێنەگرتن و ستاتیكاوە .

ئەو پرسیارەی کە زۆر دووبارە دەکرێتەوە ئەوەیە، ئاخۆ ئەم فیلمە توانیوویەتی شتێ دەربارەی ژیانی کوردە یەزیدییەکان بخاتە روو وەك پێویست؟ پێم وایە نەخێر چونکە ئەگەرچی فیلمەکە جیاوازییەکی لە نێوان کۆن و نوێ خستە روو، بەڵام نەیتوانییووە ململانێی ئەو دوو لایەنە نیشان بدات، چونکە وەك پێ دەچێت ئایدۆلۆژیەت و سیاسەتی راستەوخۆ ئەم فیلمەو فیلمەکەی تریشیانی لاواز کردووە، بەڵام ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە سینەمای سۆڤییەتی بەگشتی و سینەمای ئەرمەنی بە تایبەتی، لە ماوەی چەندین ساڵدا هەتا رووخانی یەکێتی سۆڤییەت، نەیانتوانی لەم بارەیەوە فیلمێکی درێژ بهێننە بەرهەم، رەنگە حاڵەتەش پەیوەندی بە توندو تیژی ململانێی چینایەتییەوە هەبوو بێت، لە سەردەمی یەکیتی سۆڤییەت و بە سیاسەتی نەتەوەیی ستالین خۆی کە بریتی بوو لە لیك ترازانی نەتەوەکان و پارچە پارچە کردنییان، لەوانەش کوردەکان کە دابەشی سەر کۆمارە سۆڤییەتییەکان کران .

لەو سەردەمەدا تێبینی ئەوە دەکرێت، نەك هەر تەنها فیلمی درێژ لە گۆڕەپانەکەدا ونە، بگرە دوای ئەم دوو فیلمە هیچ فیلمێکی دیکەی لەم بابەتە نەهاتۆتە بەرهەم، دوای تێپەڕبوونی زێتر لە پەنجا ساڵ بە سەر ئەو دوو فیلمە، تەنیا فیلمێکی تۆماری لە سەر کوردەکان بە بەرهەم هاتووە بەناوی (کوردەکانی ئەرمینیای سۆڤییەت) کە ساڵی 1959 بە بەرهەم هاتووە و بەرهەمی تەلەفزیۆنی ئەرمینیایە، باس لە واقیعی کوردەکان دەکات لە ئەرمینیا و ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر ژیانی ئەواندا هاتبوو لە ژێر دەسەلاتی سۆڤییەتی دا، وا پێ دەچوو فیلمەکە تەنها بۆ پرۆپاگەندەی سیاسی بەرهەم هێندرا بێت، وەك لە یاداشتەکانی نزارۆفدا هاتووە زۆر فیلم لەملاو لەولا دەربارەی کورد بەرهەم هێندراون، لەوانەش لە مەڕ کوردەکانی ئێران لە جەنگی جیهانیی دووەمدا، بەڵام دەسکەوتنی ئەو فیلمانە لە بەر چەند هۆیەك کارێکی سەخت بووە، لەوانەش ئەو فیلمانە لە شوێنی هونەریدا نەپارێزراون، بەڵکو کەوتونەتە ژێر دەسەلاتی سەربازی، لەوانەش فیلمێکی تۆماری دەربارەی رووخاندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد کە وەك دەڵێن لە باکۆ پارێزراوە، لەگەڵ ئەوەی کوردەکان لە کۆمارەکانی جۆرجیا، ئازربێجان، ئەرمینییا، کازاخستان دابەش بوونە، بەڵام تا ئێستا شتێکی ئەوتۆیانم بۆ نەکراوە، تەنها فیلمێکی کورت نەبێت کە ساڵی 1972 لە تەلەفزیۆنی جۆرجیا نمایش کراوە بە نێوی (ئێمە نەتەوەین) بێجگە لە فیلمێکی تر بە ناونیشانی (ئێمە کوردین) ساڵی 1981 کە

تێیدا كوردەكان لە نمایشێكی نیشتمانیدا نیشان دەدات، لە گەڵ نیشاندانی چەند دیمانەیەك لە گەڵ چەند كەسایەتییەكی كورد كە هاوبەشییان كردووە لە شەڕی دژ بە نازییەكان، وێڕای راپۆرتێك دەربارەی شانۆی كوردی لە جۆرجیا .

دوای هەرەس هێێنانی یەكێتی سۆڤییەت هەلو مەرجەكە بە شێوەیەكی گشتی بەرەو ئالۆز بوون چوو، كورد وەك زۆر نەتەوەی دیكە تەنگە تاوو دەربەدەر كرا، دووچاری گەلێك تەنگژە بۆوە، ئەو كاتە نەسینەما نە تەلەفزیۆن نەیانتوانی گوزارشت لەو قۆناغە سەختە بكەن، بەلاّم وێڕای هەموو ئەمانەش مێژووی سینەمای كوردی هەمیشە شانازی بەو قۆناغە سەرەتاییەی خۆی دەكات لەو ولاّتەدا و هەمیشە ئەو قۆناغە وەك دیرۆك و پارچەیەكی زیندوو لە سینەمای كوردیدا بە هەند هەلدەگرێت .

## سینەمای کوردی لە باکوری کوردستاندا



یەلماز گۆنای

پێشڕەوی سینەمای کوردی لە باکووری کوردستاندا (یەڵماز گۆنای) ی سیناریۆ نووس و ئەکتەرو دەرهێنەرە، ناودارترین دەرهێنەرە لە مێژووی سینەمای تورکیادا، کە لە یەکی ئەپریلی 1937 لە دایك و باوکێکی کورد لە شاری ئینجە، لە ئەدەنە لە دایك بووە، ساڵی 1957 بۆ یەکەم جار وەك یاریدەدەرێکی فیلمی(ڕۆڵەکانی ئەم وڵاتە) چۆتە دنیای سینەما، زۆر بە شێوەیەکی خێرا ناوی کەوتە نێو ناوە دیارەکانی سینەما لە تورکیا، زۆرینەی کارەکانی گوزارشتیان لە ئەشکەنجەو ئازاری چەوساوەو چینی هەژارەکان بووە، دواتر لە مێژووی کار کردنی لە بواری سینەمادا 17 خەڵاتی سینەمایی بە دەست هێناوە، دیار ترینیان خەڵاتی چڵەدارخورمای زێڕین لە فیلمی ڕێگە، ساڵی 1982، کە باس لە ئەشکەنجەو ئازارو چەوسانەوەی کوردەکان دەکات، لەو وڵاتەدا.

گۆنای نیوەی ئەو فیلمەی لە بەندیخانە دەرهێناوە، بە هۆی زیندانی كردنی لە سەر هەڵوێستە نەتەوەییەكانی و راوەستانی دژی زوڵم و زۆرداری گەلەكەی، جگە لە چەند فیلمێكی دیكە كە بە هەمان شێوە لە زیندان كاری ئامادەكاری بۆ كردووە، لە رێگەی ئەو هاوڕێیانەی لە بەندیخانە سەردانیان دەكردو ئەو رانمونی دەكردن كە چۆن كارە سینەماییەكان ئەنجام بدەن، تێكڕای فیلمەكانی بە زمانی توركی بوون، چونكە رژێمی توركیا رێگەی هیچ بەرهەمێكی نەداوە، بە زمانی كوردی. دواتر لە زیندان رای كرد و چووە ولأتی فەرەنسا، دوای ئەوەی 110 كاری سینەمایی لە ژیاندا ئەنجامدا، ساڵی 1982 بە نەخۆشی شێرپەنجەی گەدە لەو ولأتەماڵئاوایی لە ژیاندا كرد، گرنگترین كارە سینەماییەكانی بریتی بوون لە: (رێگە ـ 1981) (مێگەل ـ 1978ـ 79) دیوار، ئومێد، راكردووەكان، كابوس، باوك، هەژارەكان، پیاوێكی رەزا گران، گورگە برسیەكان، خان، سبەینێ دوا رۆژە، دوژمن ،رۆڵەكانی ئەم ولأتە، سەردەمی توتن ،پادشای پاشایان، هەلۆی زامدار، پاشای زاڵم، من باكم بە گولله نیە.

لە فیلمی (رێگە) دا كە ساڵی 1982 بە بەرهەم هاتووە، لەنواندن و دەرهێنانی یەلماز گۆنای خۆیەتی، خەلأتی چڵەدارخورمای زێرینی لە فیستیڤاڵی سینەمایی (كان) بە دەست هێناوە، ئەم خەلأتەش بۆ یەكەمجار بوو لە مێژووی سینەمادا ببەخشرێتە هونەرمەندێكی كورد، فیلمەكە باس لە ژیانی سەختی كوردەكان دەكات، لە رووی چەوسانەوەو زۆرداری، لە ناوچە كورد نشینەكاندا، دەرهێنەر لە فیلمەكەدا پێنج كەس دیاری دەكات، كە لە بەندیخانەدا هەفتەیەك مۆڵەتیان پێ دەدرێت، بەلأم هەموویان لە سەر ئەوە رێدەكەون كە جارێكی دیكە نەگەڕێنەوە زیندانو هەر یەكەو لەوان دوای راكردن لە زیندان روو بە رووی كۆمەڵێ روداوی وروژێنەر دەبێتەوە.



لە ساڵی 1987 كتێبێك بە ناوی یەڵماز گۆنای ـ لە نووسینی رۆژنامە نووسی ئازربیجانی (حوسینۆف) لە دەزگای (ناوكا) لە مۆسكۆ بلاو كرایەوە، بریتیە لە تەنها دیمانەیەكی دوورو درێژ لە گەڵ سینەماكاری بە ناو بانگی كورد یەڵماز گۆنای، لەو كاتەی لە زیندان بوو، ئەو كتێبە بڕوا پێكراوترین سەرچاوەیەكە كە دەربارەی یەڵماز گۆنای نووسرابێت، چونكە لەزاری هونەرمەند خۆیەوە وەرگیراوە، بۆ دیكۆمینت كردنی بابەتەكە كە گرنگییەكی مێژوویی خۆی هەیە، ئێمەش بەشێك لەو دیمانەیە دەخەینە روو :

***ناوی تەواوتان؟**

– یەڵماز حەمید ، دایكیشم ناوی ( ئۆغلو بیتۆن) ە

***كەی و لە كوێ لە دایك بوویت ؟**

– لە یەكی نیسانی ساڵی **1937** لە گوندی (ئینجە) بە دووری 27 كم لە شاری ئەدەنە

*** ئەی بۆچی هەندێك ساڵی لە دایك بوونتان بە 1931 لە قەڵەم دەدەن ؟**

– ئەوانە بە هەڵە داچوونە .

***تکایە ئەگەر هەندێك دەربارەی منداڵیت و داهێنانەکانت قسەمان بۆ بکەن**

– دایك و باوکی من هەردوکییان کوردن، دایکم لە بنەماڵەیەکی خوا پێداو بووە، بەڵام لە کاتی جەنگی جیهانیی یەکەم و لەگەڵ هاتنی قەیسەرییەکان رایان کردووە، باوکم بە پێچەوانەی ئەو لە بنەماڵەیەکی زۆر هەژار لە دایك بووە، لە هەرەتی لاویدا لە گەڵ دایکم یەکتریان خۆش ویستووە، لە ترسی کۆمەڵگاو داب و نەریتە کۆنەکانی ئەو کاتە کە خۆشەویستییان بەلاوە گوناهێکی گەورە بووە، ئەو ناوە بە جێ دیڵن و لە گەڵ دایکم پەیمانی ئەوە بە یەك دەدەن کە لە شاری ئەدەنە بە یەك بگەنەوە، ئیدی لە سەر ئەو پەیمانە لەوێ یەکتر دەبیننەوە و باوکم دایکم دەخوازێ، بەڵام چونکە زۆر دەست کورت و نەدار بوونە، دووچاری زەحمەتیەکی زۆر دەبن، بەڵام دوایی هەلو مەرجەکە بە شێوەیەکی دیکە دەسوڕێ و باوکم لە کۆمپانیای دەرەبەگێکی گەورە کاری دەست دەکەوێت و لەوی کار دەکات ..ئیدی گوزەرانیان بەرەو باشی دەچێت، من ئەو کاتە تا تەمەنم گەیشتە حەوت ساڵی و باوکم ژنێکی دیکەی هێنا منداڵێکی بەختەوەر بووم، بەڵام دوای ئەو قۆناغە ژیانم لێ بوو بە دۆزەخ، چونکە باوکم لە بەرچاوی ئێمەو بۆ خاتری ژنە تازەکەی زۆر دڵ رەقانە لە دایکمی دەداو ئازاری دەدا، زۆر جارانیش ئێمەی بەو ناسکی خۆمانەوە بە دەر دەنا، هەر کاتێ باوکم من و لەیلای خوشکمی ( کە دوو سالان لە من بچووك تر بوو ) بە دەر دەنا دەچووین لە ژێر دارتووەکەی بەرماڵمان دەخەوتین ..بەڵام جارێکییان کە باوکم من و دایکم و لەیلای خوشکمی بە دەرنا روومان لە ماڵی ئامۆزاییێکی دایکم کرد لە ئەدەنە، قەت ئەوەم لە بیر ناچێتەوە کە دایکم بە درێژایی ئەو رۆژە تا گەیشتینە ئەدەنە دایکم بە زمانی کوردی گۆرانییەکی گۆرانی غەریبی دەگوت و ئێمەش کە لە زمانی دایکم حاڵی نەدەبووین بەڵام هون هون فرمێسکمان لە گەڵیدا هەڵدەڕشت، ئەو کاتە من درکم بەوە کرد کە ئەشکەنجەو ئازارەکانمان وا بە ئاسانی کۆتاییان نایەت ، بۆیە بە دەست خۆم نەبوو هەموو کات ئاواتی مردنم بۆ خۆم دەخواست، ئیدی بە ناچاری لەو تەمەنە ساوایەی خۆمەوە دەستم بە کار کردن کرد، بە تایبەت لەوەرزی میوەو لۆکە رنین لە کێڵگەکاندا، هەتا دەگاتە کۆڵ هەڵگری، ئەو کاتە من هەم کارم دەکردو هەم دەمخوێند، هەر لەوێ خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و سانەویشم تەواو کرد، بەڵام هەموو کارێکیشم دەکرد، لە چەشنی تۆ فرۆشتن لە شەقامەکان و رۆژنامە پەخش کردن و بەقاڵی، دواتر ئامێر سازی دەزگا سینەماییەکان، بە تایبەت کەلو پەلەکانی کۆمپانیای (ئەند فیلم) و

( کەمال فیلم ) ئەو ئامێرانەم گوند بە گوند دەگێڕا و فیلمی سینەماییم پیشانی خەڵکی دەدا، هەندێ جاریش دەوری کۆمبارسم لە هەندێ لە فیلمەکاندا دەبینی.




ئینجا یەڵماز بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی: دەتوانم بڵێم من بەو شێوەیە هاتمە دنیای سینەما .

***ئەی پاشان لە کوێ خوێندنت تەواو کرد ؟**

ساڵی 1956 چوومە کولێژی ماف لە زانکۆی ئەنقەرە، بەڵام چونکە لە پاڵ خوێندندا هیچ کارێکم دەست نەکەوت کە پێی بژیم، بۆیە بە ناچاری دوای دوو مانگ زانکۆم بە جێ هێشت و رووم کردەوە ئەدەنە و لەوێ لە کۆمپانیاییێکی بە کرێ گرتنی فیلم دەست بە کار بووم، لە ساڵی 1957 چوومە ئەستەمبۆڵ و لە کۆمپانیای (دەزگای فیلم) دەستم بە کار کردن کرد، ساڵی 1958 یش چوومە کولێژی ئابووری لە زانکۆی ئەستەنبۆڵ، بەڵام پێش ئەوەی خوێندن تەواو کەم لە ساڵی 1961بۆ یەکەمجار دەستگیر کرام .

***ئەی چۆن گەڕایتەوە نێو نێوەندی هونەری ؟**

– پیش هەموو شتێ دەمەوێ ئەوە بڵێم کە من خۆم بە قەرزاری دایك و باوکم دەزانم، دەڵێم باوکم چونکە ئەگەرچی ئەو پیاوێکی دڵ رەق بوو، بەڵام منداڵەکانی خۆی خۆش دەویست، بە تایبەت من، بە بیرمە زۆر جاران لە گەڵ دایکم بە یەکەوە گۆرانی خەماوی کوردییان دەچڕی و دەردی غەریبی خۆیان هەڵدەڕشت، جارو بارێکیش لە گەڵ گۆرانیەکان ئامێری سازی لێ دەدا، هەندێ جاریش کە

دراوسێ و خزمەكانمان باوكمییان بۆ ئاهەنگی خەتەنە كردنی منداڵەكانییان بانگ دەكرد، باوكم منیشی لە گەڵ خۆیدا دەبرد، لەو كاتانەدا دلم زۆر بە گۆرانیەكانی خۆش دەبوو، دایكیشم زۆر جاران لە شەوانی دوورو درێژو ساردو سڕی زستانان چیرۆكی خۆشی لە ئەفسانەو حیكایەت خورافییەكان بۆ دەگێڕاینەوە، ئەو شەوانە ماڵمان پڕ دەبوو لەو دراوسێیانەی شەوان دەهاتنە ماڵمان بۆگوێ گرتن لە لە چیرۆكە بە تامو چێژەكانی دایكم، ئەو كاتانە ئاواتی ئەوەم دەخواست كە هەر هەموویان بنووسمەوە، بەلاّم ئەو دەسەلاّتەم نەبوو، بێجگە لە دایكم پیرەمێردێك بە ناوی مام یەعقووب لە گوندەكەماندا هەبوو دەنگی لە گۆرانی گوتندا زۆر خۆش بوو، زۆر بە جوانیش ئامێری سازی دەژەنی، جارو بار شیعریشی دەنووسی، زۆر ببوو بە هاوڕێم و زۆر یەكترمان خۆش دەویست، ئەو فێری ئەوی كردم كە شیعر چۆن دەنووسرێ، بەلاّم بۆ سینەما من لە تەمەنی سێنزە ساڵییەوە هاتمە نێو دنیای سینەما، لە تەمەنی چواردە ساڵییەوە بوم بە ئیش پێكەری ئامێری سینەماو پاشانیش ئەكتەری كۆمبارس، ئا بەم شێوەیە ژیانی من بەرەو ئاقارێكی تر رۆیشت .

*** كەی دەستتان بە نووسین كرد ؟**

– لە دووەم ساڵی قۆناغی سانەویدا قەسیدەیەكم نووسی بۆ پەخشنامەی سەر دیواری قوتابخانە، دەربارەی جوتیارێكی هەژاری گوند نشین، كە ژنە نەخۆشەكەی لە گوندەوە دێنێتە شار بۆ چارەسەر كردن، كەچی پارەی دكتۆرو داوو دەرمانی نابێت، لە بریتی ئەوە كەڵەشێرێك بۆ دكتۆر دێنێ، كە بەنرخترین شتێك بووە لای ئەو، كەچی كاتێ دكتۆر زانیوویەتی پارەی نیە پیاوەكەو ژنەكەو كەلەشێرەكە بە یەكەوە فڕێ دەداتە دەرەوە. سەرچاوەی بیرۆكەی فیلمی مێگەلم لەو قەسیدەیەوە وەرگرتووە، كاتی خۆشی هەولّم دا قەسیدەكە بلاّو بكەمەوە، بەلاّم بە بیانووی ئەوەی كە گوایە چەپڕەوە بلاّو نكرایەوە ، كەچی من كاتی خۆی ئەو قەسیدەیەم نووسی نەمدەزانی مانای چەپڕەوی یانی چی؟ لە سالاّنی 1953 – 1954 دەستم بە بلاّو كردنەوەی وتارو چیرۆكەكانم و بەرهەمەكانم كرد بەشێوەیەكی زۆر فرەوان لە گۆڤارو رۆژنامەكاندا بلاّو بوونەوە، دیارترین ئەو چیرۆكانەش كە لەو كاتەدا بلاّو بوونەوە چیرۆكی (مردن بانگم دەكات) بوو، كە باس لە خۆشەویستی دراماتیكییانەی كچ و كوڕێكی هەژار دەكات، ئەو كوڕەی كاری دەست ناكەوێت و ناتوانێت ژیانی خۆی دابین بكات، بۆیە بە ناچاری كۆچ دەكات و كچەكەش لە داخان خۆی دەكوژێت و لە دوای خۆیدا نامەیەك بە جێ دێڵێ

كە تێیدا نووسراوە (بۆ منت كوشت من بۆ ئەوە ژیانم خۆش دەویست تا لە گەڵ تۆدا برەو بە خۆشەویستی نێوانمان بدەین ... هەر لەو دەمەدا چیرۆكێكی ترم بلاو كردەوە بە ناونیشانی **(هیچ كۆتاییەك بۆ سوكایەتی پێكردن لە ئارا دانیە)** لەو چیرۆكەشدا باسی كەسێكم كردووە كە بە دوای كاردا دەگەڕێت، كەچی بەو هۆیەوە دووچاری كۆمەڵێ سوكایەتی پێكردن دەبێتەوە، بۆیە لە داخان خۆی لە پردێكی بڵند هەڵداوێ و خۆی دەكوژێت .

هەردوو ئەو چیرۆكانەم لەساڵی **1956** لە گۆڤاری (ئایتی ئۆفوكلار- ئاسۆی چاك) بلاوكردۆتەوە، بەلام ئەو چیرۆكەی كە دەنگدانەوەیەكی زێتری هەبوو چیرۆكی (سێ نهێنییەكە) بوو كە لە ژمارە 13 ی گۆڤاری ( لێكۆڵینەوەی هونەریی ) بلاو كرایەوە، ئەم چیرۆكە، ژیانی منی خستە قۆناغێكی ترەوە، كاتێكیش ساڵی**1957** هاتمە ئەستەنبۆڵ زیاتر لە سی وتارو چیرۆكم بلاو كردەوە، ئەو كاتە بوو كە برادەرەكانم نازناوی ( یەڵمازی چیرۆك نووس ) یان بە من بەخشی .

***من زۆر زۆر لە رۆمان و چیرۆكەكانتم خوێندۆتەوە فیلمەكانیشتم دیوە، ئاگاشم لە زەمینەی سیاسی تۆ هەیە، بەلام پێم خۆشە لەو شتانە بگەم كە كاریگەرییان هەبووە لەسەر ئاستی هوشیاریت ؟**

– ژیان.. یان ئەو دەوروبەرەی تێیدا گەورە بووم، وای لێكردووم كە هەر لە منداڵیدا هەست بە ئینتیمای كوردانەی خۆم بكەم، چونكە من دەورو بەرەكەم بە توركی ئاخافتونە، بۆیە لێرەدا دووبارەی دەكەمەوە كە من زمانی دایك زمانی رەسەنی خۆمم بە تەواوی نەزانیووە، لە كاتی یاری كردنیشدا لە منداڵی لە مانای جیاوازی چینایەتی گەیشتووم، چونكە زۆر جاران دایكم كە خزمەتكاری ماڵە دەوڵەمەندەكان و باوكم سەپانی ئەو دەرەبەگانە بوو بەرماوەی خواردنی ئەوانی بۆ ئێمە دەهێنایەوە بیخۆین، بەلام دواتر لە گەڵ تێپەڕ بوونی زەمەن بۆم دەركەوت كە ئەم كارە بۆ ئێمە ریسواییە، قەت لە بیرم ناچێتەوە كە باوكم هەمیشە خەونی بەوەوە دەبینی كە من خوێندن تەواو بكەم، بۆیەزۆر جاران پێی دەگوتم: كوڕەكەم برۆ قوتابخانە، تا تۆش وەكو ئێمە نەبیتە بەندە، بەلام ئەو نەیدەزانی لە كۆمەڵگەی بورژوازی دا رەنگە ببیتە بەندە هەتا ئەگەر خوێندەواریش بیت.

## سینەمای كوردی لە ڕۆژهەڵاتی كوردستاندا

ئێران وڵاتێكی پێشكەوتووی سینەمایەو زۆر جاران سینەمای ئێرانی عەرشی سینەمای ئەمریكی هەژاندووەو بەشی ئێرانیش لە فیستیڤاڵە نێو دەوڵەتیەكانی سینەما لە گۆشەی سینەمای بیانیدا زۆر جاران بەشی شێر بووە، بەڵام ئەو پرسیارەی كە دەكرێ بپرسین ئایا پێگەی كورد لەو بەینەدا لە كوێیە؟

پرسی سینەماش وەك هەر پرسێكی دیكەی ڕۆژهەلات بە كۆت و پێوەندێكی سیاسی بەستراونەتەوە، وێڕای ئەوەی كەسانی دەست ڕۆیشتوو هەن لە بواری سینەمادا، بە تایبەت لە ریزی لاواندا، لەوانەی دەرچووی زانكۆن و پسپۆرن لە بواری سینەمادا، بەڵام كەم دەرفەتی كاركردنیان بۆ دەڕەخسێ، بۆ ئەوەی لەبواری سینەمادا بەرهەمییان هەبێت، ئەگەر هەشبێت تەنیا چەند درامایێكی كۆمەڵایەتی یا دیكۆمێنتین. زۆرینەی بەرهەمە سینەماییەكانی ڕۆژهەلات تا ئێستا بۆ فیستیڤاڵە سینەماییەكانی كوردستان و دەرەوە بوونە، لەو بەرهەمانەدا سەلماندوویانە كە ئەوان دەست ڕۆیشتوون لە هەموو بنەماكانی دروست كردنی فیلم، لەوانەش لایەنی هونەریی و تەكنیكی لە ڕووی وێنەگرتن و مۆنتاژو دەنگ و موزیك و هەموو لایەنە هونەرییەكانی تر، ڕەنگە زۆرجاران لە باشووری كوردستان لە ئەنجامی قەیرانی هونەری دروست كردنی فیلم و نەبوونی كادیری لێهاتوو پسپۆر ناچار بوونە پەنایان بۆ ببەن، بەڵام كێشەی هەرە گەورەی ئەوان، كێشەی داراییەو هیچ لایەنێك نیە، لەم ڕووەوە پشتگیرییان بكات، بۆیە پەنا بۆ كوردستانی باشوورو بۆ حكومەتی هەرێم دێنن كۆمەكییان بكات بۆ بەرهەم هێنانی بەرهەمەكانیان، تا ئێستاش تا ڕاددەیەك حكومەت لەم بارەیەوە دەستی یارمەتی بۆ درێژ كردوون، زۆر لە فیلمەكانی بەهمەن قوبادی بە پشتگیریی دارایی حكومەتی هەرێم ئەنجام دراون، چونكە سینەمای كوردی دوور لە هیچ ناونیشانێكی جوگرافی بزاڤێكی كوردییە بەرەو دروست كردنی سینەمایێك كە ناسنامە نەتەوەییەكەی خۆی هەڵگرێت.



دوای نمایشكردنی فیلمی ئالا گفتوگۆیەكی گەرم لە گەڵ بەهمەن قوبادی

كە باس لە سینەمای كوردی دەكرێت لە ڕۆژهەلاتدا، ئەوە بێگومان بەهمەن قوبادی وەك سینەماكارێكی كورد لە پێشەوەیە، بەهمەن ساڵی 1969 لە شاری بانە لە دایك بووە، لە تەمەنی قوتابیەتیدا لە رادیۆ كاری كردووە، دواتر چۆتە سنەو لە گەڵ چەند گەنجێكی هەواداری سینەما یەكتریان ناسیووەو بۆ ئەنجامدانی چەند كورتە فیلمێك هاوكارییان كردووە، دواتر چۆتە تاران بۆ ئەوەی خوێندنی ئەكادیمی لە زانكۆ بخوێنێ، بەلام بەر لە تەواو كردنی خوێندنەكەی، واز لە خوێندن دێنێ، ئەو لە دەستپێكی كارەكانیدا لە سالانی ( 1995 ـ 1999)دە كورتە فیلمی دروست كردووە، ئەو لە سەرەتادا لە سەر دەستی دەرهێنەری ناسراوی ئێرانی عەباسی كیا رۆستەمی ئاشنا بە سینەما بوو، كاتێ لە رۆژهەلاتدا چەند فیلمێكی وەك (با هەڵمان دەگرێت) بوو بە یاریدەدەری رۆستەمی و ئەزموونە سەرەتاییەكانی بۆ دروست كردنی فیلم لەو فێر بوو، دواتر لە گەڵ گەورە دەرهێنەری بەرەسەن كورد (موحسین مەخمەلباف)و سەمیرە مەخمەلبافی كچی یەكتریان ناسی، بەهمەن وەك ئەكتەرو یاریدەدەر لە گەڵ سەمیرە مەخمەلباف لە فیلمی (تەختە رەش) كاری كردووە، دواتر بە چەند كورتە فیلمێك دەستی پێكرد، ئینجا پەرەی بە تواناكانی خۆی دا و سنووری كورتە فیلمی تێپەڕاندو یەكەم ئەزموونی لە گەڵ فیلمی درێژدا فیلمی (زەمانێ بۆ مەستی ئەسپەكان) بوو، كە خەلاتی كامێرای زێڕینی لە فیستیڤاڵی(كان) بە دەست هێنا، فیلمەكە باس لە كوڕە لاوێكی كورد دەكات، كە بۆ پەیدا كردنی بژێوی ژیانیان وێڕای هەموو ئەو زەحمەتی و مەترسیانەی دێنە رێگەی، لە ناوچە شاخاوی و بەفرانبارەكانی سنووری ئێراق و ئێران كاری قاچاغی دەكات، بەر لەوەش لە ناو

ئەو بەفرە شەختە بەستووەدا، لەچیا ئاوابن و قاچاغەكانیان بپەڕێننەوە، ویسكی دەرخواردی ئەسپەكان دەدەن، بۆ ئەوەی بەرگەی ئەو سەرماو سۆڵ و ڕێگە سەختە بگرن، فیلمی دووەمی بەهمەن( گۆرانیەكانی ولاّتی دایك) بوو، كە بوو بە جێگەی سەرنج راكێشانی رەخنەگران و باس لە پیرەمێردێكی گۆرانی بێژ دەكات، لە گەڵ دوو لە منالّەكانی، بەدوای دایكی منالّەكانیدا دەگەڕێت، تا دەگەنە سنووری ئێراق و ئاسەواری شەڕو وێرانكاری دەبینن، هەروەها چەندین فیلمی تری بە بەرهەم هێناوە، لەوانە: نیو مانگ، كیسەلّەكان دەفرِن، دەف، بەهمەن قوبادی وەك دەرهێنەر خاوەنی زۆرترین خەلاّتی سینەمایە لە فیستیڤالّە نێو دەولّەتیەكاندا .

بۆ ناساندنی بزاڤی سینەما لەرۆژهەلاّت یا هەر پارچەیەكی دیكەی كوردستان لە پەراوێزی ئەو كتێبەدا دەتوانین نوێشێكی كورتی سینەما لەو پارچانە بخەینە روو، بۆ زیاتر قولّ بوونەوە، پێویستیمان بە توێژینەوەیەكی زانستی تێرو تەسەلّ دەبێت ، بەلاّم لەو دەرفەتەدا بە راگوزاری بە سەر هەندێ لایەن و هەندێ ناودا تێدەپەڕین، بەو ئاواتەی لە ئایندەدا زێتر بەو ناواخنانەدا شۆڕ بینەوە..لێرەدا هەندێكییان دەخەینە روو:

**تەها كەریمی**



نووسەرو دەرهێنەری جوانەمەرگی رۆژهەلاّتی كوردستان، سالّی 1978 لە شاری بانە لە دایك بووە، خوێندنی شانۆو سینەمای لە زانكۆی تاران تەواو كرد، سادووە، سالاّنێكی زۆر لە شاری سلێمانی ژیاوە، خاوەنی چەندین بەرهەمی سینەماییین، لەوانە(كوێستانی سپی ) لە سالّی 2013 بە هۆی

روداوێکی ئۆتۆمبیل لە شاری سلێمانی، کۆچی دوایی کردووەو تەرمەکەیان گواستۆتەوە رۆژ هەلأتی کوردستان.

**رەحیم زەبیحی:**



رەحیم زەبیحی - دەرهێنەرێکی کوردە، ساڵی 1971 لە شاری بانە لە رۆژهەلأتی کوردستان لە دایك بووە، ساڵی 2001 یەکەم فیلمی خۆی بە ناوی (زامی جودایی ئەبەدی) دوو فیلمی تری ئەنجام داوە، یەکێکییان دەربارەی تراژیدیای ئەنفال و ئەوی تریان دەربارەی هەڵەبجەیە، جگە لە چەندین کورتە فیلم، لەو ماوەیەشدا سێ فیلمی دیکەی درێژی بەرهەم هێناوە بەناوی(کۆتایی جەنگ، دوایین رۆژ، ولأتی ئەفسانە، هەروەها فیلمی (لەوەتەی ئاگر هەیە دەسوتێم ) و فیلمی (هاوار).

زەبیحی خاوەنی چەندین خەلأتی جیهانییە.

# لە رۆژئاوای کوردستاندا



بە هۆی ئەو هەلو مەرجە سیاسیە تەنگەبەرەی لە رۆژئاوای کوردستاندا هەبووە، کەمن ئەو توانا سینەماییانەی دەرفەتی ئەوەیان بۆ رەخسابێت توانستەکانی خۆیان بەرجەستە بکەن و کار بۆ دروست بوونی سینەما بکەن، بمانەوێت و نەمانەوێت، هەمیشە هەلو مەرجی سیاسی و ئابووریی و کۆمەلآیەتی کاریگەری خۆیان هەیە لە سەر پرسی سینەما، لە رۆژئاوای کوردستاندا تاکە ناوێکی درەوشاوە لە بواری سینەمای کوردی دا دەرهێنەری ناسراوی کورد ( مانۆ خەلیل)ە کە زێدی باوکو باپیرانی خۆی جێ هێشتووەو لە هەندەران دەژیت ..


بەلآم مانۆ خەلیل کێ یە ؟

مانۆ خەلیل دەرهێنەرێکی سینەمایی کوردە، سالّی 1964 لە رۆژئاوای کوردستان لە دایك بووە، خوێندنی ماف و مێژووی لەزانکۆی دیمەشق خوێندووە، پاشان لە چیکسلۆفاکیا بەشی دەرهێنانی سینەمای تەواو کردووە، بە تایبەت بۆ فیلمی درێژ، سالّی 1993 ئەو بەشەی بە پلەی نایاب تەواو کردووە،پاشان بڕوانامەی ماستەر لە بواری سینەماو تەلەفزیۆن بەدەست دێنێت، سالآنی1990 ـ 1996 لە تەلەفزیۆنی یوگسلافیا کاری کردووە، دواتر سالّی 1996 لە سویسرا گیرساوەتەوە، تا ئێستاکە زێتر لە 1000 راپۆرتی تەلەفزیۆنی ئەنجام داوە، 5 سالّ کاری دەرهێنانی تەلەفزیۆنی لە

سویسرا ئەنجام داوە، پێش ئەوەی بە یەكجاری خۆی بۆ كاری سینەمایی تەرخان بكات. تا ئێستا كاری دەرهێنانی بۆ 14 فیلم كردووە، دواترینیان 2005 فیلمی (ئەنفال) بوو، دواتر فیلمەكانی(دایفید تولیهەلدان 2006(زیندانەكەم ..ماڵەكەمە) و چەند فیلمێكی تر. ئێستاش مانۆ كار لە سەر فیلمێكی درێژی تر دەكات بە ناوی (تامی هەنگوین ) جگە لە دەیان فیلمی كورت و دیكۆمێنتی، زۆربەی فیلمەكانی لە بەرهەم هێنانی تەلەفزیۆنی سویسراو چیكسلۆفاكیاو ئەڵمانیا بووە، بانۆی سینەماكار لە كاروانی كاركردنی بەردەوامی لە بواری سینەمادا چەندین خەلآتی بەهاداری پێ بەخشراوە، بانۆ لە دیمانەیەكی رۆژنامەوانیدا دەڵێت:

**نابێ ئێمە بەوە هەڵخەڵەتێین، كاتێ فیلمێك لە دوو سێ فیستیڤاڵ بەشداری دەكات، یان چەند خەلآتێك وەردەگرێت، ناكرێ وا بزانین كە ئیدی كورد سینەمای هەیە.**

## سینەمای كوردی لە باشووری كوردستاندا



زۆرترین بەرهەمی سینەمای كوردی لە باشووری كوردستاندا بە بەرهەم هاتوون، نەك لە بەر ئەوەی باشوور سەرچاوەیەك بووە بۆ پیشەسازی سینەماو زۆرینەی پیشەكارانی سینەما لێرە گرد بوونەتەوە، نەخێر رەنگە زێتر لە بەر ئەوە بێت كە حكومەتی هەرێمی كوردستان لە باشوورە، كە تا رادەیەكی زۆر پشتگیریی لە سینەما كردووەو هانی هونەرمەندانی داوە بۆ دروست بوونی پیشەسازی سینەما لە كوردستان، بەڵام زۆربەی ئەو پشتگیریانە بە هەدەر چوونەو نەبوونەتە فاكتەر بۆ شكاندنی تەلیسمی دروست بوونی ناسنامەیەك بۆ سینەمای كوردی، ئەو پشتگیریانەی من باسیان لێوە دەكەم پێش راپەڕین و لە سەردەمی رژێم هیچ بوونییان نەبووە، بەڵام هەندێ هونەرمەندی خەمخۆری سینەما ساڵی **1991**، هەوڵیان داوە بە هەولۆ تەقەللای تایبەتی خۆیان یەكەم نۆبەرەی سینەمای كوردی بە ناوی (نێرگز بووكی كوردستان) بە بەرهەم بێنن، لە نووسینی محەمەد فەریق حەسەن، سیناریۆو دیالۆژو دەرهێنانی جەعفەر عەلی، مۆنتاژی: ساحێب حەداد، چەند ئەكتەرێك بەشدارییان تێدا كردووە لەوانە: مەكی عەبدوڵلا، بەدیعە عەبدوڵلا، سەفوەت جەراح، ئەحمەد سالارو چەند هونەرمەندێكی تر.

فیلمەكە سەربوردەی خۆشەویستی كچ و كوڕێك دەگێڕێتەوە، كە پەیمانی بۆ یەك بوون بە یەك دەدەن، بەڵام دواتر رێگرییان لێ دەكرێت بۆ ئەوەی خۆشەویستی و ئەڤینداریەتیەكەیان نەگاتە ئامانج.

كارە هونەرییەكانی ئەم فیلمە لە لایەن هونەرمەندە كوردەكانەوە ئەنجام نەدراون، تەنیا نووسەرو خاوەن بیرۆكەو ئەكتەرەكان نەبێت ،ئەوانی تر، هیچ پەیوەندییان بە سینەمای كوردییەوە نیە، كەچی یەكەم موڵكداری فیلم دەرهێنەرە، هەر فیلمێك لە رووی نەژادەوە بۆ ناسنامەی دەرهێنەرەكەی دەگەڕێتەوە، پەنا بردنە بەر هونەركارەكان بەهۆی بۆشایی نەبوونی دەرهێنەرو مۆنتێرو وێنەگری كورد بووە لەو كاتەدا، بەڵام سینەمای كوردی بە نیوە چڵی دروست نابێت و ناتوانین بەم كەم و كوڕیانەوە بڵێین ئێمە خاوەنی سینەمای خۆمانین .

ئەو قۆناغەی ئەو فیلمەی تێدا دروست كراوە، هیچ بنەمایەك بۆ دروست كردنی فیلم نەبووە، بەڵام جۆش و خرۆشێك و هیوایەك هەبووە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، ئەگەرچی تەنیا هیوا

نامانگەیەنێتە ئامانج. ئەو كاتەو هەتا ئێستاشی لە گەڵدا بیت ،ناتوانین بڵێین ئێمە خاوەنی ناسنامەی خۆمانین لە سینەماو سینەمامان هەیە، نەخێر، بەڵام نكۆڵی لەوەدا ناكەین بزاڤێكی سینەمایی لە ئارادایە ، ئەو بزاڤە لە دوای راپەڕینی كوردستان و ئەو كەشو هەوا ئازادەی كوردستانی گرتەوە بە دامەزراندنی پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستان بزاڤەكە پێشوەچوونێكی بە خۆیەوە بینی و حكومەت پشتگیریی چەندین دەرهێنەری كرد، بۆ دروست كردنی فیلمی كوردی، سینەمای كوردی لە فیستیڤاڵە نێو دەوڵەتیەكاندا، ئامادەیی هەبوو، چەند لەو دەرهێنەرانە خەلأتیان وەرگرت ، بە لاَم دیسان هەر نەمان توانی ببین بە خاوەنی ناسنامەی نەتەوەیی خۆمان لە بەر چەندین هۆكار.

لەو ماوەیەدا لە كوردستانی باشووردا چەندین دەرهێنەر هاتنە گۆڕەپانەكە بۆ ئەنجامدانی فیلم، لەوانە: هونەر سەلیم، مەهدی ئومێد، جانۆ رۆژبەیانی، شەوكەت ئەمین كوركی، حسین حەسەن،جوان بامەڕنی، حەسەن عەلی، جەلیل زەنگەنە، سلمان فائق، ناسر حەسەن، زوهیر عەبدولمەسیح، شوان عەتوف، ئاراس رەشید، شاخەوان ئیدریس، وەلید تاهیر، جگە لە ژمارەیەك لە لاوی سینەماكار كە لەو ماوەیەدا توانای باشی خۆیان نیشاندا بۆ دروست كردنی فیلم و بەشداری بوون لە چەندین فیستیڤاڵی نێو دەوڵەتی لە نێوانیاندا عەدنان عوسمان، كەریمۆك ،جوبرائیل ئەبوبەكر،شەهرام عەلی ،كارزان قادر ، سامی كاكە ،سۆران ئیبراهیم ، عەبدولخالق جەودەت ،كە هەندێكیان كاریان لە كورتە فیلم و هەندێكی تر لە فیلمی درێژ كردووە، گونجاو نیەهەندێ لەوانەی ناومان هێنان نازناوی دەرهێنەری سینەماییان بخرێتە پاڵ، چونكە كاریان لە فیلمی درێژ نەكردووە، بەڵام چونكە هەولێكییان بەو ئاراستەیە هەیە ،ناومان هێناون.

# سینەمای كوردی لە هەندەران



ڕێز لێنانی هونەرمەندی سینەماكاری كورد نەوزاد شێخانی

گەورەترین شەپۆلی سینەمای كوردی لەهەندەران سەر هەڵدەدات ،زۆرێك لەو سینەماكارە لاوانەی سوودییان لە ئەزموونی پیشەسازی سینەمای ئەمریكی و ئەوروپی وەرگرتووە، یاخود لە دەزگا سینەمایی و تەلەفزیۆنیەكان شارەزاییان پەیدا كردووە، ڕۆڵێكی كارا دەبینن لە بەرەو پێشەوە چوونی بزاڤی سینەماو ناساندنی بە گەلانی دنیا، چ وەك هونەر چ وەك وروژاندنی پرسە نیشتمانیی و نەتەوەییەكانی كوردستان، هەست بەوەش دەكرێت كە ئەو لاوانە نەك هەر تەنها پێگەی خۆیان بە سەركەوتووانە لە فیستیڤاڵە نێو دەوڵەتیەكاندا دەكەنەوە، بگرە پێشبڕكێ لە گەڵ دیارترین ئەو بەرهەمانە دەكەن ، بۆیە ئەو وڵاتانە پێشوازییەكی گەرم لەو بەرهەمانە دەكەن و خەڵاتی بەهاداریان پێ دەبەخشن، بەڵام دیسان هەر بینەری كورد سوود لەو بەرهەمانە نابینیت و فیلمەكان لە هیچ


هۆلێكی سینەما و كەناڵێكی تەلەفزیۆنی پەخش ناكرێت و هیچ سوودێك بە بینەری كورد ناگەیەنن، تەنیا ئەوانە نەبن كە لە فیستیڤاڵە نێو دەوڵەتیەكانی دهۆك و سلێمانی نمایش دەكرێن، بۆیە هیچ لەو دەرهێنەرانە ناتوانن خۆیان بە بینەری كورد بناسێننن، بەڵكو هەموو ئەو بەرهەمانە بە تایبەت بۆ فیستیڤاڵ ئەنجام دەدرێن و سپۆنسەری بیانی و ڕێكخراوە جیهانییەكان دەبن بە سپۆنسەری ئەو بەرهەمانەو لە فیستیڤاڵە نێو دەوڵەتیەكان ناوداریەتی پێ وەدەست دێنن، ئەمە وای كردووە ،لە كوردستانیش لاوە سینەماكارەكان هەوڵی لاسایی كردنەوەی ئەوان بدەن و تەنیا بیر لە فیستیڤاڵ بكەنەوە، نەك لە دروست بوونی سینەمای كوردی، یاخود فیلمی درێژ بۆ پڕ كردنەوەی بۆشایی بازاڕو دابین كردنی پێویستی بینەری كورد بۆ فیلمی كوردی، زۆر لەو دەرهێنەرانەی لە هەندەران كار دەكەن، گەیشتوونەتە ئەو بڕوایە كە كوردستان زەمینەیەكی لە بار نیە بۆ دروست بوونی سینەماو بەدی هێنانی ئاواتی ئەو سینەماكارە گەنجانە، چونكە سەرچاوەكانی دروست بوونی فیلم لە كوردستاندا دەستەبەر ناكرێت، تەنیا حەزو ئارەزووش بەس نیە بۆ ئەو مەبەستە، ئەگەر زەمینە لە بار نەبێت و كەرەستەو ئامرازەكانی پیشەسازی سینەما لە ئارادا نەبێت.

لە لایێكی دیكەوە ئەو گەنجانە بوونی خۆیان لە دەرەوەو هەلومەرجی ڕەخساوی ئەو وڵاتانە بە قۆرخ كردنی كات دەزانن بۆ گەشە پێدانی بەهرەو تواناكانیان، لەوانەیە لە هەموو ڕۆژگارێكا ئەو دەرفەتە نەڕەخسێ، زۆریش لەوان گەیاندنی گوتاری نەتەوەیی خۆیان و نیشاندانی رابووردووی گەل و نیشتمانەكەیان و ئەو هەموو كارەساتە مرۆییانەی لەپەنای ناسنامەی نەتەوەییەوە بەسەریان هاتووە، بەئەركێكی نیشتمانیی پیرۆز دەزانن و پێیان وایە گەلانی دنیاش بە سۆزەوە تەماشای ئەو واقیعە تاڵەی رابووردووی كوردستان دەكەن، بۆیە وروژاندنی ئەو پرسە سیاسییانە لە لای ئەوان بە هەند وەردەگیرێن و ڕێز لەو فیلمانە دەگیرێ، كە زادەی گەلێكی ئاوا ستەم لێكراو بێت، ئەوەتا لەو دواییانە پرسی جینۆساید كردنی یەزیدییەكان و هێرشی تیرۆرستان بۆ ناوچەكانیان و ئەو كارە نامرۆییانەی دەرهەق بە یەزیدییەكان كرا، لە سینەما بەرجەستە كراو فیلمەكان پێگەی دیاری خۆیان لە فیستیڤاڵەكاندا تۆمار كرد، هەروەها مەرگەساتی كۆچ بۆ هەندەران و قوربانیەكانی، لەوانەش مەرگی ئالان و منداڵە جوانەمەرگەكانی تر، ویژدانی مرۆڤایەتیان هەژاندو لیژنەكانی تەحكیم بە

نەوازشتەوە بۆی هەڵسانە سەرپێ ..هەموو ئەو فاكتەرانە هاندەرن بۆ ئەوەی سینەماكارانی كورد لە ئەمریكاو ئەوروپا، هەوڵی دروست كردنی خۆیان و دروست كردنی سینەمای كوردی بدەن ..

ڕەنگە ئەگەر بتەوێت بە گشتی بەراوردێك لە نێوان گەنجە سینەماكارەكانی ئەوروپاو كوردستان بكەیت، بگەیتە ئەو بڕوایە، كە هەرگیز گەنجە سینەماكارەكانی كوردستان ناتوانن بە ریتمی گەنجانی ئەوروپا هەنگاو بنێن، چەند ئەوەندەی حەزو بەهرەیان هەبێت، دەسەلآتی ئەوەیان نیە ئەو پرۆژانەی لە مێشكییان دا چەقی بەستووە، پراكتیكی كەن، بۆیە زۆر لەوان هەنگاوەكانیان خاون، بەرهەمەكانیان بەكاڵی دەمێنێتەوە..

هەندێ لەو گەنجانەی لەمەڕ خۆمان دوو سێ كورتە فیلم ئەنجام دەدەن، وا دەزانن بوون بە دەرهێنەرو ئەگەر چیتر بەرهەمیشیان نەبێت ئەوان دەچنە خانەی نەمری، ئەو وەهمەیە، ئەو ئارەزوومەندانە ئیفلیج دەكات، لە هەندەران ئەو بەهرەمەندانەی دەیانەوێت بێنە دنیای سینەما، دەیخەنە رێزی سینەمای لاوان و لە قالبی ئەو نازناوەدا پێوەرێكی بۆ دادەنێن، نەك بە دوو كورتە فیلم بچێتە رێزی گەورە دەرهێنەرەكان، وەك هەندێ لە لاوانی ئێمە تێی گەیشتوون، تاڵترین شت ئەوەیە بۆ گەنجانی ئێمە، بەرهەمەكانیان بە هەزار مشەقەتی تەواو دەكەن و بۆ فیستیڤاڵە نێو دەوڵەتیەكانی دەنێرن، ئەگەر ئەو بەرهەمانە بپاڵێورێون و نمایشیش بكرێت دەسەلآتی ئەوەیان پێ نادرێ بچن بەشداری لەو فیستیڤالآنە بكەن و خەلآتەكان وەرگرن.



زۆرن ئەو دەرهێنەرە گەنجە لێهاتووانەی لەم بارەیەوە ئەسپی خۆیان تاو داوە،لەوانە : نەوزاد شێخانی، هەڵكەوت مستەفا، كازم عوز، تەیمور قادری، كامەران حوسنی، مازن شیربیانی، ڕێبەر دۆسكی، بریار كوتی، هۆزان عەبدو، سەهیم عومەر خەلیفە، پێشرەو نەبەرد، هوشیار عەبدی، هەڤال قاسۆ، ئیدریس عەبدی، وەیسی ئاڵتای، هاوڕێ بەهجەت، هەوراز محەمەد، ئەكرەم حیدۆ، كاردینیا هێمن، ماریا ماواتی، ئەیاد جەبار، گولبەهار ،دانا عومەر ،هاكار عەبدولقادر ،زاهانی سەنجافی ،شیرین جیهانیی ،محەمەد فریا ،میرال كلۆ، رزگار حسین، سولین یوسف، زینە ئەكیول، بارشا كایا، سونەر جانر، بیریڤان بینیفا ، ئارین عەنان ئەسلان، ڕێزان یەشیلباش، ساهیم عومەر، شاخەوان عەبدوڵلا قازی ،پەروێز رۆستەمی، زانیار ئادەمی، رزگار حسین، هاكار عەبدولقادر، حسین تاباك، ریزین عەساف، كامەران بیتاسی، شەهرام عەلیدی، كەمال بارناك، بتین قوبادی، لەوەند عومەر ..هتد. رەنگە تۆماركردنی ناوی ئەو دەرهێنەرە لاوانە توێژینەوەیەكی دوورو درێژو داتاییێكی سەرسوڕهێنەری هەبێت، كە لە زۆر وڵاتی دنیادا بڵاو بوونەتەوە، بەڵام ئەوان لە چالاكییەكانی خۆیاندا بەردەوامن ..

## سینەما

## لە نێوان حكومەت و كەرتی تایبەتیدا

ئەوەی لای ئێمە ناوی نراوە (سینەمای كوردی) تا ئێستا لە رووی بەرهەمهێنانەوە سەرچاوەی سەرەكی بەرهەمهێنانی پشتگیریی حكومەتە، بە پێچەوانەی هەموو ئەو سیستەمە جیهانیانەی كە بۆ بەرهەمهێنانی فیلم هەن و پشت بە كەرتی تایبەتی دەبەستێت، ئەو نەریتە نادروستە لە رابووردوودا هەم زەرەرو زیانێكی زۆری بە حكومەت گەیاندووە، چونكە لە رابووردوودا بە ملیۆنەها دۆلار بۆ بەرهەمهێنانی فیلم لە لایەن حكومەتەوە خەرج كراون، كەچی ئەو پشتگیریی كردنانە هیچیان لە واقیعی سینەمای كوردییان نەگۆڕیوە، بەڵكو بوونەتە هۆكارێك بۆ دروست بوونی گەندەڵی و لاواز بوونی ئاستی سینەما، لەوەندەش زێتر هەندێ لە دەرهێنەرە سینەماكارانی ئێمە چەندین ساڵە بودجەی زەبەللاحییان بۆ بەرهەم هێنانی فیلم بۆ خەرج كراوە، كەچی دەستیان لە بەرهەمەكان هەڵگرتووەو كەسیش پێیان ناڵێ كوا فیلمەكەت !

زۆر فیلم لە سەر بودجەی حكومەتی هەرێمی كوردستان بە بەرهەم هاتوون، بێ ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی سینەما ئاگای لە بەرهەمهێنانی ئەو فیلمانە بێت، بەڵكو هەندێ لەو دەرهێنەرانە راستەوخۆ بودجەكانیان لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ تەرخان كراوە، بێ ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران چ پسپۆرییەكی لەبواری سینەمادا هەبێت، یاخود لیژنەیەكی سینەمای هەبێت بۆ هەڵسەنگاندنی سیناریۆو گرێ بەستێكی یاسایی دانابێت بۆ بەرهەمهێنانی ئەو فیلمانە، ئەمە دەرفەتێكی باشی رەخساندووە بۆ گەندەڵی لە سینەمادا، لەهەمان كاتیشدا دەرهێنەری ناچار نەكردووە بكەوێتە ژێر هیچ بەرپرسیاریەتێكی هونەریی و یاسایی، رەنگە پشت بەستن بە حكومەت و ئەو كولتوورە سەقەتەی لە رابووردوودا بۆ بەرهەمهێنانی فیلم پیادە كراوە، هۆكارێك بوبێت بۆ دروست نەبوونی پیشە سازی سینەما لە كوردستاندا، خۆ ئەگەر حكومەت بیویستایە گەشە بە بزاڤی سینەمای كوردی بدات، ئەو پارەیەی بۆ دروست كردنی كارگەی سینەما تەرخان بكردایە باشتر بوو، چونكە بەلانی كەمەوە ئەو كارگەیە دەبووە بنەما بۆ دروست بوونی پیشەسازی سینەما لە كوردستاندا.

هەر بە هۆی ئەو ئاراستە نادروستە، جگە لە بەهەدەرچوونی دەرفەتێكی زۆرو سەرو سامانێكی گەورە، هەموو ئەو كەلو پەل و ئیكسسوارات و جلو بەرگ و دیكۆرانەش ون بوون كە لە فیلم و زنجیرە درامیەكاندا پارەیان بۆ خەرج كرابوو، كەچی كەس نازانێ چیان بەسەر هات، خۆ ئەگەر ئەو كارگەیە هەبوایە ئەوە دەمانتوانی ئەو هەموو پاشماوانە كۆكەینەوەو بۆ بەرهەمەكانی دابێ سوودمان لێ وەرگرتایە.

مەبەستم لەو چەند نموونانە ئەوەیە كە ئەگەر سیستەمێكی دروستی یاسایی هەبێت بۆ سینەما، ئەوە دەبێت حكومەت چۆن وازی لە راگەیاندنی حكومی هێناو گۆڤارو رۆژنامەو كەناڵە تەلەفزیۆنیەكانی خۆی داخست، دەبوا بەر لەوە بەڕێوەبەرایەتیەكانی سینەمای هەڵگرتایە، دەرگای بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی و زنجیرە دراماو كلیپی  لە رێگەی حكومەتەوە داخستایە، بۆ ئەوەی هونەرمەندانی ئێمە هەم لەم سیستەمە نادروستە رانەهێندرێن، هەمیش ناچاری ئەوەبن كە روو لە كەرتی تایبەتی بكەن، كە سەرچاوەی راستەقینەی دروست بوونی پیشەسازی سینەماو درامایە، ئەوەتا ئەمریكا كە بەرهەمهێنەری یەكەمی بواری سینەمایە لە جیهاندا، بە سەدان كۆمپانیای بۆ دروست كردنی فیلم هەیە لە كەرتی تایبەتیدا، هەر هەموویان پێشبڕكێ دەكەن لە سەر داهات، قەت رۆژێ لە رۆژان بۆ پشتگیریی ماددی روویان لە حكومەت نەكردووە بۆ هاوكاری كردنیان، جگە لە داوا كردنی هەندێ چەك و تەقەمەنی قورس نەبێت بۆ هەندێ لە فیلمەكان، لە بری ئەوەش كە سینەماكارانی هۆلیۆد چاویان لە حكومەت بێت بۆ كۆمەكی دارایی، ئەوە كۆمپانیاكانن هاوكاری و پێشكەش بە حكومەت دەكەن و باجی گەورە دەدەن و كۆمەكی پێشكەش بە رێكخراوە مرۆییەكان دەكەن و باری قورسی حكومەت سووك دە كەن.

خۆ لەو وڵاتە پێشكەوتووانەدا حكومەت هەموو ئەركێك ناخاتە ئەستۆی خۆی و لە نێو باری قورسی دارایی بناڵێنێ، بەڵكو ئەوە كەرتی  تایبەتیە كار دەكات و ژیان و ئابووری وڵات دەگرێتە ئەستۆو حكومەت سەرپەرشتی دەكات، ئەوە حكومەتە دەرفەت بۆ كەرتی تایبەتی دەرەخسێنێ بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەی بەرهەمهێنان، نەك حكومەت بە تەنیا ئەركە قورسەكان هەڵگرێ و كەرتی تایبەتیش كار تەنها بۆ بەرژەوەندییە تایبەتیەكانی خۆی بكات .

كەواتە ئەگەر سینەما، سەرچاوەی داهات نەبووایە ئەو هەزاران كۆمپانیا سینەمایی و درامیانە دروست نەدەبوون كە وڵات دەبوژێننەوە، لەرووی ئابووری و گەشتو گوزارییەوە، كەواتە دەبێ حكومەت سیستەمێكی نوێ بۆ سینەماو دراما هەبێ، هانی كەرتی تایبەتی بدات كە روو لە پیشەسازی سینەماو دراما بكەن، كۆمپانیا دامەزرێنن، لەو كۆمپانیایەدا كەرەستە پیشەسازییەكانی سینەما دابین بكەن، بۆ ئەوەی سینەماكارو دراماكارانی ئێمە ئیدی پێویستیان بەوە نەبێ فیلمەكانیان ببەنە تاقیگە بیانیەكان و وێنەگرو مۆنتاژو دەنگ و ئیكسسواراتی دیكە لە دەرەوە بێنن، ئەوەتا هەندێ فیلم هەن تەنها ناوی دەرهێنەرێكی كوردی بە سەرەوەیە ئەگەرنا هەموو كارە هونەرییەكانی تر لە دەرەوە و بە دەستی كەسانی بیانی كراون ،كەواتە ئێمە كە هیچ كەرەستەیەكی هونەریمان نەبێت و هەمووی بیانی بێت، چۆن دەتوانین بڵێین ئێمە سینەمامان هەیە ؟ خۆ ئەگەر واش بڵێین ئەوە خۆمان چەواشە دەكەین، چونكە تا نەبینە خاوەنی پیشەسازی سینەماو دراما لە كەرتی تایبەتیدا ئەوە قەت ناتوانین بڵێین سینەمامان هەیە .

ئەو بەرهەمانەی كە لە لایەن حكومەتەوە بەرهەم دەهێنرێن، هەرگیز ناچنە نێو بازنەی ركابەری لەسەر ئاست و كوالیتی هونەرییەوە، بەڵكو زۆربەیان بۆ فیستیڤاڵە جیهانییەكان بەرهەم دێن، كە سوودی یەكەمی بۆ دەرهێنەرەكە دەگەڕێتەوە، بەڵام وەك فیلمی كەرتی تایبەتی ناتوانێت بچێتە بازنەی ركابەری كوالیتی و لە رووی داراییشەوە هیچ سوودێك بە حكومەت ناگەیەنێ، بەڵكو تا ئێستا حكومەت هەر پارەی بەخشیووە بەڵام دینارێك لە داهاتی ئەو فیلمانە نەگەراوەتەوە سەندوقی حكومەت ...بە پێچەوانەی كەرتی تایبەتی كە كوالیتی فیلمەكانە وا دەكات بازاڕ بۆ سینەما پەیدا كات و داهاتی سینەما بگاتە ئاستی داهاتی نەوت لە هەندێ وڵاتدا، وەك هۆلیۆد و بۆلیۆد و توركیا و زۆروڵاتی تر .

دراماو سینەما لەو وڵاتانەدا، هەر یەكەو گوتارێكی دیاری كراو هەڵدەگرن، لەوانەش گوتاری سیاسی، كۆمەڵایەتی، هونەریی، بازرگانی، زۆر جاران سینەما دەبێتە كەرەستە بۆ جەنگێكی ساردی ،ئایینی ،سیاسی، نەتەوەیی، نیشتمانی، لە هەندێ كاتیشدا گوتارێك بۆ ئاشتی و مرۆڤ دۆستی و ئاراستەی پەروەردەیی و كۆمەڵایەتی، ئەوەتا زۆر لە وڵاتانی جیهان توانیوویانە لە رێگەی دراماو سینەما رووی وڵاتەكانی خۆیان بە جوانیی نیشانی جیهان بدەن و كارێك بكەن بۆ راكێشانی گەشتوو گوزارانی دنیا

بۆ ولاّتەكانی خۆیان، لەوانەش كۆریا و ئەرجەنتین و ئوستڕالیاو توركیا و زۆر ولاّتی تر كە حكومەت ڕۆلٚ دەبینیٚ لە ئاراستە كردنی ئەو كۆمپانیایانە و قۆرخ كردنی فیلم و دراما بۆ پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەكان، ئەو ئاراستەیە بوو لە لایەن حكومەت كە فیلمی عومەر موختار ئەو جوانیە بە مێژووی لیبیا ببەخشێت، ئەو خواستەی خامەنەئیی بوو ،درامای یوسفی راستگۆی بە بەرهەم هێنا، ئەو هاندانەی حكومەتی كۆریا بوو بۆ كۆمپانیا كۆرییەكان وای كرد، ئەو ملیۆنەها گەشتیارە روو لە كۆریا بكەن، ئەو لێگەیشتنەی نێوان حكومەتی توركیاو كۆمپانیاكان بوو وای كرد، داهاتی سالاٚنەی درامای توركی بۆ سالاٚنی نزیك بگاتە چەندین ملیار دۆلار ..كەواتە پەیوەندی حكومەت و كۆمپانیاكان لە سەر بنەمای ئاراستە كردن و سوود گەیاندنە بە بەرژوەندی گشتی و بەرز كردنەوەی پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەكان و گەشە پێدانی ئابووری ..

لە ولاّتی ئێمەدا كەرتی تایبەتی بە ئاراستەیەكی تەقلیدی كار دەكات، هەمیشە چاولێكەر بووە بۆ بەرهەمهێنان، ئەگەرنا ئەگەر سەرمایەدارانی ئێمە گەیشتبانە ئەو بڕوایە كە سەرچاوەی داهات هەر تەنها مۆل و هوتێلی دەرەجە دارو رێستۆرانت نیە، ئەوە روویان لە پیشەسازی سینەما دەكرد، كە هەم دەیانتوانی ببن بە سەرچاوەیەكی بازرگانی گەورە، هەم دەبوون بە دەروازەیەك بۆ بەرجەستەكردنی رووە جوانەكانی كولتوورو مێژووی ئەو نەتەوەیە و پرسە شارستانیەكانی، كە رەنگە لە زۆر لە ولاّتانی دیكە جوانترو بە پێزترو پڕ هەڕمێنتر بێت، بۆ دراماو سینەما ئەگەر كاریان لە سەر بكرێت، ئەوە جگە لەوەی بینەری ئێمە هاندەرێكی باشیش بێت بۆ بەرهەمی كوردی ئەگەر بێتو لە ئاستێكدا بێت ركابەری بەرهەمی بیانی پیٚ بكرێت ..

## لەوڵاتی ئێمەدا

## سینەما لە هەموو پیشەیەك ساناترە

لە تۆم كرۆزی گەورە ئەكتەری هۆلیۆدیان پرسی، بیرت لەكاری دەرهێنانی سینەما نەكردۆتەوە؟ زۆر بەنامۆ بوونەوە گوتی: ئەگەر كارێكی وابكەم رەنگە نزیكەكانم وا تێبگەن كە من شێت بووم، چونكە من ئەكتەرم و كارم بە دەرهێنانەوە نیە، نەك هەر تۆم كرۆز، ئەم دەرچوون لە پسپۆریەتیە بەجۆرێك لە شێتی دەزانێت، لە كەم لە ئەكتەرە هەر زەبەلاحەكانی دنیام بیستووە كە ئەكتەری گەورەبن و كاری دەرهێنانی سینەمایی بكەن، ئەوەتا ئەنتۆنی كوین، نیكۆڵ كیدمان، كینت وینسلت، برادبیت، كێ لەوانە جۆرئەتی ئەوەی كردووە كاری دەرهێنان ئەنجام بدات؟ ئەی كەواتە چۆن هەندێ لە ئەكتەرە بێ ئەزموونەكانی ئێمە لە ئەكتەرێكی درامی لاوەكی دەچنە پشت كامێراو فیلمی سینەمایی دەردەهێنن؟ خۆ هونەری دەرهێنان رووەكی خۆرسك نیە لە بیاباندا برویێ، ئەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەما كە دەیەوێت بەزمانی سینەما بەرەنگاری توندوتیژی بێتەوە، چۆن هەندێ لەو ئەكتەرە لاوەكیانە رادەسپێرێ كە فیلم بەرهەم بهێنن و ببن بە دەرهێنەر؟ دیمەنێكی سەیرە! نەك هەر تەنها ئەكتەرێكی لاوەكی ئافرەت، بگرە گۆرانی بێژێك كە لە ژیانیدا دوور و نزیك هیچ پەیوەندییەكی بە سینەماوە نەبووە شەپقەیەك لەسەر دەنێ و چاویلكەیەك لەچاو دەكات و لەپشت كامێرا تەوجیهی وێنەگرەكان دەكات و لەقتە هەڵدەبژێرێ، لە ئاكامیشدا بەناوی دەرهێنەر پارەی حكومەتی بۆ خەرج دەكرێت ! ئایا هاندانی ئەو ناشارەزایانەی بواری سینەما بە پاساوی ئەوەی مێینەن و لەسەر حیسابی بەهای سینەما جۆرێك نیە لە سووكایەتی كردن بە سینەما؟

دەمێكە گەیشتوومەتە ئەو بڕوایە كە ئەو شتانەی لە ژێر ناونیشانی گەورە گەورەو دروشمی زەبەللاح دا بە ناوی سازدانی فیستیڤاڵی سینەمایی لە كوردستاندا ساز دەكرێت و بودجەی خەیاڵییان بۆ خەرج دەكرێت، تا ئێستا نە توانییوویانە لە هەلومەرجی چەقیوی دروست بوونی پیشەسازی سینەما لە كوردستاندا بگۆڕن و كۆمەڵێ كادیری سینەمایی لە سیناریۆ نووس و دەرهێنەرو وێنەگرو مۆنتێری سینەمایی دروست بكەن، نە توانیوویانە خزمەتێك پێشكەش بە بزاڤی سینەمای كوردی بكەن لە كوردستاندا، ئینجا ئەو فیستیڤالانە لە ژێر هەر ناوو هەر ناونیشانیك بن، وەك فیستیڤاڵی سینەما بۆ

لاوان و فیستیڤاڵی سینەما بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی ئافرەتان، دەیان ناونیشانی دیكە كە رەنگە هەر ئامانجێك بپێكێنن، تەنها سینەما نەبێت .

ئیدی كەسانێكی وەك من ئەگەر سووشیان لە بەهەدەر چوونی ئەو پارەیە نەبێتەوە كە لە پەنای سینەماوە بە هەوادا دەچێت، ئەوە سوومان لەوە دەبێتەوە كە سوكایەتی بەو هونەرە مەزنە دەكریٚ كە ئەمرۆكە هەم بۆتە ناونیشان بۆ گەلانی پێشكەوتووی جیهان، هەم زەرورەتێك كە هەرگیز نەتوانن دەست بەرداری بن.

ئەوەی جیگەی سەر سوڕمانە ئەوەیە، ئاخۆ لە نێو ئەو هەموو هونەرە جۆراو جۆرانەی هەمانە بۆ تەنها یەخەی سینەما دەگیرێت؟ لە كاتێكا دەساڵ جارێكیش فیستیڤاڵ بۆ هونەرێكی وەك هونەری شێوەكاری ئەنجام نادرێت، ئەگەرچی كوردستان ولاٚتێكی دەوڵەمەندە لە هونەری شیوەكاری و كوردستان تەژییە لە داهێنەری گەورە لە بواری نیگار كێشاندا، ئەی كەواتە بۆچی تەنها بیر لە سینەما دەكرێتەوە ؟ تۆ بلٚیٚ ی سینەما هونەرێكی ئەوەندە سانا بیت و هەموو كەس دەست رۆیشتوو بێت لێی؟ ئەگەر وایە بۆچی دەیان ولاٚتی دنیا هەن كە ساڵەهای ساڵە دەوڵەتن كەچی تا ئیستا خاوەنی تەنها فیلمێكی سینەماییش نین!

بۆیە لە بری ئەوەی ئەو بودجە زۆرەی بۆ ئەو جۆرە بەناو فیستیڤالاٚنە خەرج دەكرێت، هۆلٚێكی سینەمایی پیٚ دروست بكرێت باشترە، یا چەند وۆرك شۆپێكی بۆ دروست بوونی پیشەسازی سینەمای پیٚ بكرێت لە گوون ترە، هەر نەبیٚ ئەو لاوانەی ئارەزووی ئەوە دەكەن بێنە ناو دنیای سینەما، پەرە بە توانست و شارەزاییان بدرێت و چەند كادیرێكی سینەماییان لیٚ دەرچێت، رەنگە سوودی ئەو وۆرك شۆپ و هۆڵە سینەماییانە لە ئایندەدا سوودێك بە ئایندەی سینەما بگەیینن كە زۆر بەهادارتر بێت لەو فیستیڤاڵە رووكەشانە. ئەوەندەی فیستیڤاڵ بۆ سینەما لە كوردستان ساز دەكریٚ، نیو ئەوەندە فیستیڤاڵ لە هۆلیۆد ئەنجام نادرێت! ئەوەتا گەورەترین ولاٚتی سینەما ساڵیٚ جارێك فیستیڤاڵ دەگێڕێت، ئەمە وای كردووە فیستیڤاڵ سەنگ و نرخ و بەهاییێكی گەورەی خۆی هەبێت، ئەو فیستیڤالاٚنەی ئاماژەم پێكردن، ئەوانەن كە لە لایەن رێكخراوەكانەوە یان لە لایەن وەزارەتی رۆشنبیرییەوە ساز كراون، بەو ئامانجانەی دەرگا لە رووی بەهرەمەندو ئارەزوو مەندانی

سینەما بكاتەوە، یان بە ئامانجی بەشداری پێكردنی ئافرەتان لە كاری سینەمایی، یاخود دەست گرتنی لاوەكانە، بەڵام هیچ لەو فیستیڤاڵانە نەیان توانییوە ئامانجەكانیان بپێكن ، جگە لە بە هەدەرچوونی پارەیەكی زۆرو لەكەدار كردنی سینەما نەبێت.

## كەرەستەو پێكهاتەكانی فیلمسازی

لە جیهانی سینەمادا دوو فاكتەری هاو تەریب هەن لێكتر جودا نابنەوەو یەكێك تەواوكەری ئەوی تریانە، یەكێكییان پیشەسازی فیلمسازییە، وەك هەر پیشەسازییەكی دیكەی بازرگانی كە تێیدا پێوەری بازاڕو قازانج و زیانی تێدا دەكرێت و فیلم وەك هەر كەرەستەیەكی دیكە دەكڕدرێت و دەفرۆشرێت، بە هەزاران كۆمپانیا لە كەرتی تایبەتیدا بە هەموو كەرەستەكانی خۆیانەوە ركابەری لە گەڵ یەكتر دەكەن بۆ بە دەست هێنانی زۆرترین داهات، فاكتەری دووهەمییان بوون و نەبوونی هۆڵی سینەماو بینەری سینەمایە كە تێیدا سینەما دەبێتە یەكێك لە پێداویستییە شارستانییەكانی ژیانی رۆژانەی مرۆڤ، وەك هەر پێداویستییەكی رۆژنەو ناتوانێت لێی جودا بێتەوە، لەنێوەندی ئەو هاوكێشە رەهایە، دەبێ بپرسین ئایا ئێمە مانان لە نێوان ئەو دوو رەهەندەی پیشەسازی سینەماو لە نێوان بوون و نەبوونی هۆڵی سینەما لە كوێ داین؟ بێگومان بە دەست خۆمان نیە دەبێ بڵێین لە هەردووكییان بێبەشین ، چونكە تا ئێستا وێڕای ئەوەی كە خاوەنی دەیان دام و دەزگای سینەماییین، كەچی نەمانتوانیيووە سەرەتایەك بۆ بونیاتی سینەما بە گشتی لە كوردستاندا دامەزرێنین، بۆیە مافی خۆیانە ئەگەر كەسانێك هەبن بڵێن ئەرێ كاكە بۆ، خۆ سینەما نەبۆتە تەلیسم لە وڵاتی ئێمەدا؟ پێمان ناڵێن كێشەی نەبوونی سینەما دەكەوێتە ئەستۆی كێ؟ لەئەستۆی حكومەتە كە پشتگیری سینەمای نەكردبێت؟ یا كەرتی تایبەتی نەگەیشتۆتە ئەو بڕوایە كە سینەما سەرچاوەیەكی بە پێزی بازرگانی بێت بۆ داهات و بتوانێت شوێنی مۆڵو سوپەر ماركێتە بازرگانییەكان پڕ كاتەوە؟ ئایا كۆمەڵگای ئێمە ئارەزووی ئامشۆیەتی كردن لە گەڵ سینەما ناكا و نایەوێت سینەما هەبێت ؟ یا خود سینەما لای كۆمەڵگای ئێمە نەبۆتە كەرەسەیەكی شارستانی و بوون و نەبوونی وەك یەك تەماشا دەكرێت ؟

من دەڵێم نا بۆ هەر هەموو پرسیارەكان و بە قسەی زۆرینەی سینەماكاران و دەزگا سینەماییەكان حكومەت تا ئێستا دەست رۆیشتوو بووە لە پشتگیری كردنی سینەما، بەڵام ئاخۆ ئەو دەست رۆیشتن و پشتگیریی كردنە تا چەند ئامانجەكانی پێكاندووە، یان سینەماكارانی ئێمە تا چەند متمانەیان پاراستووە و لە نێوان خەمی داهێنان و خەمی گڵدانەوە بەلای كامییاندا چوونە؟ ئەو بودجە زەبەللاحانەی بۆ سینەما تەرخان دەكرێن تا چەند بوونەتە فاكتەر بۆ بەرەو پێشڤە چوونی

سینەما؟ یاخود بە پێچەوانەوە بوونەتە هۆكار بۆ لەكەدار كردنی بەهای سینەما لە ژێر چەندین ناونیشانی بریقەداری زەقی وەك فیستیڤاڵی سینەمای لاوان و سینەمای ژنان و سینەمای بەرەنگار بوونەوەی توندو تیژی و چەندین ناوی تر؟ كە تێیدا بێجگە لە دابەش كردنی خەڵات بە سەر یەكتر شتێ بە باڵای سینەما نابڕێت.

بە راستی هاوكێشەیەكی وا شیكردنەوەی سەختە، ئێمە ئەگەر ئێمە پسپۆرەكانمان لە سینەمادا لە ئەزموونە سینەماییەكانی خۆیاندا دەست كورت بن، ئەی دەبێ ئەو لاوە بێ ئاگایانەی سینەما، كە تا ئێستا تەمەنیان لەو ئاستە دا نەبووە فیلمێ لە هۆڵی سینەمادا ببینن، گۆرانی بێژێك كە یەك دوو كلیبی بۆ كراوە، ئەكتەرێكی فاشیل لە شانۆدا، هەر یەكەو شەپقەیەك لە سەر دەنێ و رێگە بە خۆی دەدات بڵێت من دەرهێنەری سینەمام

! ئیدی وا باشتر نیە لە بری ئەو چرتۆك گرتنە لە سینەما، نەخشەیەك بۆ دروست بوونی پیشەسازی سینەما داڕێژرێت؟ دەستبكرێت بەدابین كردنی ئامێرەكانی ئەو پیشەسازییەو پێگەیاندنی كادیری سینەمایی و كردنەوەی وۆرك شۆپ و هێنانی شارەزاو پسپۆر، پەیوەندی بەستن لە گەڵ كۆمپانیا سینەماییە جیهانییەكان بۆ بەرهەمهێنانی هاوبەش و هاندانی نووسەران بۆ نووسینی سیناریۆو دەیان نەخشەی تر كە دەبنە فاكتەر بۆ رەخساندنی هەلی دروست بوونی ئەو پیشەسازییە؟ لە پاڵ هەموو ئەمانەدا دیارە كە هیچ پیشەسازییەك سەركەوتوو نابێت، ئەگەر بازاڕی نەبێت ، بۆیە دابین كردنی بازاڕی سینەماش لە كوردستاندا بەر لە هەموو شتێك بەوە دەبێت كە هۆڵی پرۆفیشنالی سینەمامان هەبێت، ئەو هۆڵانەی كە ساڵانێكە هاواری بۆ دەكەین، لە دەرەوەی مۆڵە تەسكو تریسكە بازرگانییەكان.

دەبێ بڵێین ئەگەر حكومەت نایەوێت چەند هۆڵێكی سینەما وەك ئەزموون دروست بكات كە شایەستەی سینەما بێت، ئەوە بەلانی كەمەوە با هانی كەرتی تایبەتی بدات بۆ دروست كردنی چەند هۆڵێكی تایبەت بە سینەما، هەمیشە بازرگانەكانی ئێمە ئۆباڵی دروست نەكردنی هۆڵ دەخەنە ئەستۆی سینەما كارەكان و پێیان وایە سینەماكارانی ئێمە نەیانتوانیووە ئەو فیلمانە دروست بكەن كە بینەر بۆ سینەما راكێشن، بۆ ئەوەی سینەما بینەری هەبێت و ئێمەش بازاڕمان هەبێت، ئەو

**گلەییەی بازرگانەكان تا رادەیەك راستە، چونكە كاتێ دەرهێنەرو بەرهەم هێنەرانی ئێمە دەست بە دروست كردنی فیلم دەكەن، خۆیان یەكلایی نەكردۆتەوە ئایا ئەوان ئامانجیان لە دروست كردنی فیلمەكە چیە؟ ئامانج ئەوەیە فیلمەكە بۆ فیستیڤاڵ و ناو دەركردن دەكەن، یاخود بۆ قازانج و دروست كردنی بازاڕی سینەما؟ هەر یەك لەو دوو جەمسەرەكە لە ئامانجی فیلم، ستایل و فۆرمی تایبەتی خۆیانیان دەویَ، ئەگەر ئامانجت فیستیڤاڵ بێت ، خۆت بە ئایدۆلۆژیای سیناریۆو دۆزینەوەی بیرۆكەیەكی مرۆیی دەبەستیتەوە، كە جێگەی سەرنج راكێشانی لیژنەی تەحكیم بێت و خەلاّتی بردنەوە مسۆگەر بكەیت، ئەگەریش ئامانجت بازاڕ بێت، ئەوە دەبیت بە دوای ئەو نهێنیانەدا بگەڕێ ی كە بینەرت هەبێت، بزانیت بینەر چی لێت دەوێت و چۆن دڵی رازی دەكەیت، ئەگەر بینەریش لێت رازی بوو، ئەوە بازاڕت دەبێت و دەتوانی سەرمایە دابنێیت بۆ بەردەوام بوون، ئیدی هەركات بوویتە خاوەنی سەرمایە دەتوانیت پڕۆژەكانت گەورە كەیت، سیناریۆ نووس و دەرهێنەرو هونەر كارەكان لە دەوری خۆت كۆ كەیتەوەو ببیتە خاوەن كۆمپانیاییێك، پەیوەندی لە گەڵ كۆمپانیا سینەماییەكانی جیهان دروست كەیت بۆ بازرگانی فیلم، ئەمە فاكتەری بنەڕەتی دروست بوونی پیشەسازی سینەمایە لە كوردستاندا.**

**ئێمە تا ئێستا لە كوردستان بازرگانی فیلممان نیە، هیچ بازرگانێكیش بیری لە دروست كردنی كۆمپانیای فیلم سازی و بازرگانی كردن بە فیلم نەكردۆتەوە، بەلاّم ئەگەر تەنیا یەك بازرگان لە ئەزموونی دروست كردنی فیلم سەركەوتوو بوو، ئەوە وەك كولتوورێكی تەقلیدی دەیان بازرگانی ترلاسایی دەكەنەوە و كوردستان لە فیلمسازی دا دەبێتە هیندستان، ئەگەر باس لە پیشەسازی سینەما بكەین بە گشتی، دەبێت بەر لە هەموو شتێ پێكهاتەكانی سینەما فەراهەم بكەین،چونكە هیچ بونیات و پیشەسازییەك بە بێ ئامادەیی كەرەستەو ئامرازەكانی نایەتە دی.**

**پیشەسازی سینەماش بە گشتی بە سێ قۆناغدا رادەبورێ و بریتین لە :**

**قۆناغی پێش بەرهەم هێنان**

پێش وێنە گرتن، قۆناغی وێنە گرتن، قۆناغی دوای وێنە گرتن، بۆ جێ بە جێ کردنی هەر یەك لەو قۆناغانە، کۆمەڵێ کەسی پسپۆر لە بوارە جیا جیاکانی خۆیاندا هەوڵی داهێنان دەدەن، بۆیە دروست کردنی فیلم لەو قۆناغانەدا پێویستیان بە چەند ڕەگەزێکی بنەڕەتی هەیە لەوانە:

**1. سیناریۆ:**

یەکێك لە سەختترین ڕەگەزەکانی دروست کردنی فیلم نووسینی سیناریۆیە، کە پلانی داڕشتنەوەی فیلمی لە سەر بونیات نراوە بەگشتی، بە تایبەت لەڕووی دیمەنی ڕوداوەکان و وێنەکان و کەسایەتیەکان سات بە سات، ڕەنگە نووسینەوەی سیناریۆ کاتێکی زۆری بوێت، بەڵام تا ڕاددەیەکی زۆر چارەنووسی فیلمەکەی لە سەر بونیات نراوە، بە کورتی سیناریۆ نەخشە ڕێگەی دەرهێنەرو هونەرکارەکانە بۆ کار کردن، ئامانج و فەلسەفەی فیلمەکەشی تێدا بەرجەستە دەکرێت.

سیناریۆی سینەمایی پێویستی بە تێڕوانینێکی تایبەتی و خەیاڵێکی قوڵ هەیە و سیناریست لەوە گەیشتووە کەسیناریۆ بۆ بینین دەنووسێت نەك بۆ گێڕانەوەو خوێندنەوە، ئەرکی سەرەکی ئەو دروست کردنی وێنەی سینەماییە بە هەموو ئەو قەوارانەی پێویستن، پیشەی سیناریۆ نووسین پیشەیەکی هونەری تایبەتە و ئەوانەی کە کاری سیناریۆ نووسین دەکەن، پێویستیان بە ئەزموونێکی دەوڵەمەندە لەو بوارەدا و کەسێك نیە لەو بوارەدا ببێتە ئەلتەرناتیفی، تەنانەت دەرهێنەرەکانیش ئەگەر بە ناچاری نەبێ ناتوانن جێگەی سیناریستەکان بگرنەوە، چونکە ئەرکی سیناریست هەندێ کەڕەت سنووری دەسەڵاتی تاکە کەسێك تێدەپەڕێنێ، لە هەندێ بەرهەمی سینەمایی و درامیدا چەند سیناریستێك پێکەوە بەشداری دەکەن لە نووسینی سیناریۆ بۆ بەرجەستە کردنی ئەو بیرۆکەو هێڵە درامیەی داندراون، بە مەرجێك سیناریستەکان یەك فۆرم و ستایل و زمان بەکاربێنن بۆ بەرجەستە کردنی سیناریۆکە.

ئێمە نامانەوێت زۆر لە سەر هونەری سیناریۆ نووسین بوەستین بەڵام دەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە یەکێك لە کێشە بنەڕەتیەکانی سینەمای کوردی بە دەگمەن بوونی کەسانی پسپۆر بە نووسینی سیناریۆن، بەو هۆیەی کە تا ئێستا ئەکادیمیە هونەرییەکانی بواری سینەما نەیانتوانییوە بە شێوەیەکی زانستی و پراکتیکی سیناریست دروست بکەن، بەردەوام نەبوونی پیشەی سینەمایی و

دووره پەرێزیٚ له مومارەسه كردنی ئەو پیشەیه دیسان هەر فاكتەرێكی دیكەی قەیرانی سیناریستە، بۆیه زۆربەی سیناریۆ سینەماییەكانی ئێمه له لایەن دەرهێنەرەكان خۆیانەوە دەنووسرێنەوە، رەنگه ئەمەش بۆشاییەك له پیشەی سینەمادا دروست بكات، نەك هەر تەنها سیناریۆ بگره زۆر رەگەزی دیكەی پیشه سازی سینەما له لایەن كەسانی پسپۆر ئەنجام نادرێن، بۆیه ناتوانن ئەو رەگەزە وەك خۆی تێر بكەن .

ئێمه لەكاتی دروست كردنی پیشەسازی سینەمادا وا تیٚ دەگەین هەموو شتیٚ دەرهێنەره ، كەچی رەنگه دەرهێنەر دەسەلاٚتی له هەموو رەگەزەكانی سینەمادا وەك یەك نەبێت، ئەم بۆچوونه وای كردووه كه بۆشاییەكی زۆر لەو پیشەسازییه دروست بێت، یان بۆشایی نەبوونی پسپۆرییەكان وا له دەرهێنەرەكانی ئێمه دەكات خۆیان هەوڵی پڕكردنەوەی بۆشاییەكان بدەن ئەگەر به سەقەتیش بێت، ئەمه هاوسەنگی ئاسته هونەرییەكانی فیلم لەنگ دەكات.

**دیالۆگ** كه به رووه جوانكارەكانی سیناریۆ دادەندرێت و تێیدا رەچاوی تایبەتمەندی دیالۆگی سینەمایی دەكرێت، كه جیاوازی خۆی هەیه لەگەڵ دیالۆگی شانۆ، چونكه سینەما پشت به وێنه دەبەستێت و ئەوەنده له دیالۆگدا قوڵ نابێتەوە، زۆر له وێنه گوزارشت بەخشەكانی سینەما دەتوانن ببن به ئەلتەرناتیفی دیالۆگ، بەلاٚم چونكه شانۆ پشت به ئەكشن و دیالۆگ و جەستەی ئەكتەر دەبەستێت و هەندیٚ جار دیدی بینەری شانۆیی وەك دیدی بینەری سینەمایی نیه بۆ بینینی وێنه، بۆیه دیالۆگ رۆڵی خۆی دەبینیٚ بۆ هەندیٚ له روداوەكاندا،تەنانەت لەو فیلمه سینەماییانەی له شانۆ یا له رۆمان وەردەگیرێن، دیالۆگی سینەمایی تایبەتمەندی خۆی وەردەگرێت ولێیان جودا دەبێتەوە، به شێوەیەك وا هەست بكەیت كه ئەو دیالۆگانه به تایبەت بۆ سینەما نووسراون .

له هەندیٚ كاری دیكەی سینەماییدا دەرهێنەر زۆر بایەخ به دیالۆگی نووسراو نادات و پێی وایه زمانی سینەما دەبێت زمانێكی سادەی گشتی بێت و كاراكتەرەكان به زمانی خۆیان قسه بكەن، وەك دیالۆگی فیلمەكانی بەهمەن قوبادی، بەلاٚم له فیلمه ئێرانی و ئەوروپی و ئەمریكیەكان دیالۆگ نرخ و بەهای خۆی هەیه، بەقەد روداوەكان بایەخی پیٚ دەدرێت، هەر بۆ نموونه ئەو فیلمانەی سیناریۆكانیان له قورئانی پیرۆزەوە وەرگیراوە، یا ئەو فیلمانەی له رۆمانەكانی ماركێزو

شانۆگەرییەكانی شكسپیر وەرگیراون، دیالۆگ رەگەزێكی هەرە بە تام و چێژی ئەو فیلمانەن، بەلأم لە فیلمی ئەكشن وئەوانەی بە تەكنەلۆژیای نویٚ بەرهەم دەهێندرێن بە تایبەت لە سینەمای هۆلیۆدی و ئەوروپی، كە دوورن لە ستایلی كلاسیك و رۆمانسیەت، هەموو شتیٚ بە ئامرازە تەكنەلۆژیەكان دەكرێن و دیالۆگ فۆرمێكی زانستی و تایبەتی خۆی هەیە و زۆریش بایەخی پیٚ نادرێت، چەنكە هەڵسوكەوتی راستەوخۆی سینەما لە گەڵ چاوو دەروونە ، نەك لە گەڵ فانتازیاو مێشك .

**دەرهێنەر :**

رەگەزی هەرە سەرەكی لە كاری سینەماییدا دەرهێنەرە، كە كۆمەڵیٚ ئەركی گەورەی لە سەر شانە و تەواوی رەگەزە سینەماییەكان لە لایەن ئەوەوە بەرجەستە دەكرێن، هەر لە هەڵبژاردنی سیناریۆو ئەكتەرو راهێنانیان، تا سەرپەرشتی كردنی وێنە گرتن و دیاری كردنی شوێنی وێنە گرتن و هەموو رەگەزەكانی دیكە، ئاستی سەركەوتنی فیلم تا رادەیەكی زۆر پەیوەستی بە تێڕوانین و ئەزموون و تێگەیشتن و ئاستی هونەری و مەعریفی دەرهێنەرەوە هەیە، بەر لە هەموو شتیٚ دوای خوێندنەوەی سیناریۆ دەرهێنەر شیكردنەوە بۆ سیناریۆكە دەكات و فۆرمێكی دیكە بۆ سیناریۆكە دروست دەكات و سیناریۆكە دەكات بە Decoupage بۆ دیزاین كردنی گرتەكان و بونیاتنانی دیمەنەكان، لەو كاتانەدا قەوارەی دیمەنەكان و شوێنی كامێرا دیاری دەكات و دروست كردنی وێنە دیاری دەكات ..

بۆئەوەی دەرهێنەر پەیامی كارە هونەرییەكەی بگەیەنێت پێویستی بە چەند هونەركارێكی لێهاتووە كەبە پسپۆری خۆیان یاریدەی دەرهێنەر دەدەن لە رووی ئەكشن، وێنە، رەنگ، دەنگ، موزیك، فێڵی سینەمایی، ئارایشت، جلوبەرگ، لە دەستپێكیشدا دەرهێنەر گروپێك لە هاوكارانی دروست دەكات، كە بە بەردەوامی لە گەڵ دەرهێنەر دەبن لە یاریدەرەكانی و بەڕێوەبەری وێنە گرتن، وێنەگر، ئەندازیاری دەنگ ، ماكێر، كە هەر یەك لەوان پسپۆری بوارەكەی خۆیەتی و دەرهێنەر سوود لە ئەزموونی ئەوان وەردەگریٚ بۆ جوانكردنی بەرهەمەكەی ،رۆڵی هەر یەك لەوانە تایبەتمەندی خۆیان هەیە، بۆیە لە فیستیڤاڵی ئۆسكاردا هەر یەك لەوان خەلأتی تایبەتی خۆیان هەیە، هەندیٚ جار یەك لەو

ڕەگەزانە دەبێتە فاكتەری بردنەوەی فیلم، هەندێ جاریش بەكارهێنان و بەرجەستە بوونی ئەو ڕەگەزانە بە لاوازی، دەبێتە هۆی ڕوخانی فیلم بە تێكڕایی .

لەو پەراوێزەدا دەكرێ ئێمە بپرسین ئایا كاری سینەمایی ئێمە لە ڕووی دەرهێنانەوە لە چ ئاستێك دایە؟ تا چەند توانیوومانە لە دروست بوونی فیلمدا پشت بە خۆمان ببەستین ؟ لە ڕاستیدا سەرچاوەیەك نیە لە كوردستان ئەمڕۆكە ببێتە بنەما بۆ دروست بوونی دەرهێنەری سینەمایی، تەنانەت پەیمانگاو كولێژە ئەكادیمییەكان كە دەبوا كارگەیەك بوونایە بۆ دروست كردنی دەرهێنەر، لاوازترین سەرچاوەن و توانای دروست كردنی هیچ دەرهێنەرێكیان نەبووە، چونكە ئەو مامۆستایانەی سەرپەرشتی قوتابیە ئەكادیمیەكان دەكەن، زۆربەیان پسپۆر نین لە بواری سینەمادا، ناتوانن بە پراكتیك (جگە لە تیۆر) شتێ فێری قوتابی بكەن، چونكە خۆیان خاوەن ئەزموون نین لە بواری سینەمادا، هەندێ دەرهێنەری دیكەمان هەن ئەزموونی دەرەوەیان هەیە، بەهۆی كۆمپانیا جیهانییەكانەوە فیلم بە بەرهەم دێنن، كەمتر مۆركی ئەزموونی تایبەتی خۆیانیان پێوە دیارە، هەندێ دەرهێنەری دیكەمان هەیە، لە هەموو كارە هونەرییەكانی وەك سیناریۆ و وێنە گرتن و ئەندازیاری دەنگ و فێڵی سینەمایی و موزیك و كارتێكردنی دەنگ پشت بە توانای بیانی دەبەستن، تەنیا شتێ كە ئەو دەرهێنەرانە بە دروست كردنی فیلم دەبەستێتەوە ناوەكەیەتی كە بە سەر تایتلی فیلمەكەوەیە، ئێمە بەو تاك تاكە فیلمانەی لە فیستیڤاڵە سینەماكانەوە دەیبینین ناتوانین بڵێین خاوەن سینەمای كوردین، وڵاتی وا هەیە بە ڕۆژێك بای دە ساڵی بەرهەمەكانی ئێمە بەرهەمییان هەیە و فیلمەكانیشیان لە سونعی خۆیانە، بەو پینەو پەڕۆیەش فیلم دروست ناكەن و توانستی خۆیان بۆ ئەو هونەرە بەرجەستە دەكەن و بازاڕێكی جیهانی فەراهەم دەكەن بۆ ئایندەی پیشەسازی سینەماو بە دەست هێنانی داهات .

**بەرهەم هێنەر :**

بۆ دروست كردنی هەر فیلمێكی سینەمایی پێویستیمان بە بەرهەم هێنەرە، لەوەی ئەركی دابین كردنی خەرجییەكانی دروست كردنی فیلم لە ئەستۆ دەگرێت، كە بە شێوەیەكی گشتی كەرتی تایبەتی لە ڕێگەی كۆمپانیا زەبەللاحەكانی سینەماوە فیلم بە بەرهەم دێنن، سەدان كۆمپانیا بۆڕ

بۆڕین لە سەر بە دەست هێنانی زۆرترین داهات دەكەن، بە هۆی ئەو داهاتانەوە دەتوانن بەردەوامی بە كاری بەرهەم هێنان بدەن و داهتێكی زۆریش بۆ خۆیان و وڵاتەكەشیان بە دەست بێنن، بۆیە زۆر لە وڵاتە پێشكەوتووەكانی بواری سینەما پشت بە داهاتی سینەما دەبەستن كە هەندێ جار لە داهاتی نەوت و غازیش تێدەپەڕێنێ ، ئێمە تا ئەو دەمەش سەرچاوەیەكی گرەنتیمان نیە بۆ بەرهەم هێنان و زۆر لە دەرهێنەرانی ئێمە پشتییان بە حكومەت بەستووە بۆ بەرهەم هێنانی فیلم، كە هەرگیز ئەو جۆرە سەرچاوەیە نە دەتوانی ئایندەیەك بۆ پیشە سازی سینەما دروست بكات، نە داهاتیك بە دەست دێنێ بە كەڵكی بەردەوام بوونی سینەما بێت، تەنها ئەوەندە نەبێت هەندێ دەرهێنەر دوور لە خەمخۆری ئایندەی سینەما بازرگانی پێوە دەكەن لە پێناو بەرژوەندی تایبەتی خۆیانەوە، ئەگەر بشمانەوێت بە پراكتیكی ببینە خاوەن پیشازی سینەما، ئەوە دەبێت پشت بە كەرتی تایبەتی ببەستین و چاومان لە حكومەت نەبێت بۆ یارمەتی دانمان، بە پێچەوانەوە كۆمپانیاكانی سینەما لە ئەمریكاو ئەورووپا یارمەتی حكومەت دەدەن و باجی زۆر دەدەنە حكومەت، بۆیە سینەما لەو وڵاتانەدا دەبێتە سەرچاوەی داهاتێكی بە هەرمێن بۆ حكومەت.

دوای قۆناغی یەكەم كە سیناریۆ نووسین و دەرهێنەرە، قۆناغی دووەم كە قۆناغی دیاری كردنی پێگەكانی وێنەگرتن جێ بە جێ كردنی رەگەزەكانی قۆناغی یەكەمە، لە وێنە گرتن و نواندن و ئارایشت .

**ئەكتەر:**

ئەكتەر رەگەزێكی گرنگی سینەمایە بۆ بەرجەستە كردنی ئەو كەسایەتیانەی دەرهێنەر بۆیان دیاری دەكات و ئەركی ئەو ئەكتەرانە رۆڵ بینینی كەسایەتیەكانە، بە شێوەیەكی كاریگەر، هەندێكیان ئەكتەری سەرەكی و هەندێكی دیكە لاوەكی و ئەوانی تر كۆمبارس دەبن، بەشێك لە ئاستی داهاتی فیلم لە سەر ناوداریەتی ئەكتەرەكان وەستاوە، ئەو داهاتەو ناوداریەتیەیە وا دەكات خەرجی ئەكتەرەكان لە فیلمەكاندا بگاتە ئاستێكی نموونەیی و سەرسوڕهێنەر كە لە ملیۆنەها دۆلار تێپەڕێنێ.

ئەكتەر لە سینەمای ئێمەدا بەگشتی پسپۆری نیە لە بواری نواندنی سینەمایی دا، زۆرێك لەوان ئەكتەری شانۆ یا درامان، بۆیە لە سینەمادا نواندنێكی ناوازە دەكەن و ناتوانن سرنجی بینەر بۆ

خۆیان ڕاكێشن، ئەكتەری سینەمایی پێویستی بە دەرهێنەری لێهاتوو ئەزموونی تایبەتی هەیە، ئەو ئەزموونەی پێویستە  لە ڕێگەی بەردەوام بوون لە كاری سینەماییدا دروست دەبێت، نەك لەوەی ئەكتەرێك لە چەند ساڵ جارێك ڕۆڵێكی بچووكی بەركەوێت، ئەكتەرەكانیش تا بەردەوامبوونی زۆریان نەبێت لە سەر پەردەی سینەماو نەبنە خاوەن خەڵاتی گەورەی سینەمایی، ناتوانن ببن بە ئەستێرەو جێگەی بایەخ پێدانی كۆمپانیاكان، هەمیشە وا باوە ئەو ئەكتەرانەی خاوەنی خەڵاتی گەورەی فیستیڤاڵەكانن بەتایبەت خەڵاتی ئۆسكارن، لە ئەكتەرەكانی دیكە لە پێشترن بۆ كۆمپانیاكان و بە دەست هێنانی بازاڕ بۆ فیلمەكان، وەك چۆن ئەو فیلمانەش خەڵات بە دەست دێنن، بازاڕیان لە نێو كۆمپانیا جیهانییەكانی سینەمادا بەشێوەیەك گەرم دەبێت، كە پێشبڕكێیان لەسەر بكرێت بۆكڕین، كەواتە بەدەست هێنانی خەڵات لە لایەن دەرهێنەرو ئەكتەرو فیلم، كاریگەری خۆیان هەیە لە سەر بەرزكردنەوەی ئاستی بازرگانی و داهات.

# فیستیڤاڵی نێو دەوڵەتی دهۆك بۆ سینەما




ئەوەی تا ئێستا لە رووی فیستیڤاڵەوە مایەی دڵخۆشی بووە لە كوردستان و شێوازێكی فەرمیان وەرگرتووەو لە فیستیڤاڵ دەچن، تەنها فیستیڤاڵی دهۆك و فیستیڤاڵی سلێمانی بوونە، كە هەر یەكەو لەوان ساڵانە بە شێوەیەكی رێكو پێك و نمایش كردنی كۆمەڵێ بەرهەمی نایابی سینەمایی كارەكانیان ئەنجام دەدەن .

فیستیڤاڵی نێو دەوڵەتی سینەمایی دهۆك، یەكێكە لە دیارترین فیستیڤاڵە نێو دەوڵەتیە سینەماییەكان لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست، ساڵی 2011 دامەزراوە، لە لایەن وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوانی حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە- بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیریی و هونەر، بە هاوكاری كۆمپانیای مۆتۆسفیلم لە بەرلین بەڕێوە دەچێت، لەوفیستیڤاڵەدا كە نزیكەی 47 وڵات بەشدارییان تێدا كردووە، زێتر لە 10 هەزار بینەری هەبووە، ساڵانە حكومەتی هەرێم ملیۆنەها دۆلاری بۆ خەرج دەكات .

هەموو ساڵێك فیستیڤاڵ چەندین فیلمی نایابی درێژو فیلمی دیكۆمێنتی جیهانی دەخاتە پێشبڕكێوە، ئامانجی فیستیڤاڵەكە نمایش كردنی ئەو فیلمانەیە كە بەهاییێكی بەرزییان هەیە، چەندین هونەری جیاجیای گەلان و بەها مرۆییەكان ئاوێزانی یەكتر بكات و سوود لە ئەزموونەكانیان ببینێن و خەڵكیش چێژ لەو ئەزموونانەوەربگرن، فیستیڤاڵ پردێك لە نێوان بەرهەم هێنانی فیلمی كوردی و پیشەسازی سینەما لە هەموو جیهاندا دروست دەكات، فیستیڤاڵەكە كەش و هەواییێكی ئاوێزان بە یەكتری هونەری دروست بكرێت.

تا ئێستا فیستیڤاڵی دهۆك  چەندین خولی بە خۆیەوە بینیووە، لەوانە خولی 2011، 2012، 2013، 2015، 2016، 2017 كە چەندین خەلاتی تێدا دابەش دەكرێت لەوانە:خەلاتی یەلمازگۆنای بۆ باشترین فیلمی درێژ، خەلاتی باشترین فیلمی جیهانیی ،خەلاتی باشترین فیلمی دیكۆمێنتی جیهانیی، خەلاتی باشترین كورتە فیلمی جیهانیی، خەلاتی لیژنەی تەحكیم بۆ باشترین هەڵسوڕینەری كوردی فیلمی درێژ، خەلاتی باشترین فیلمی كوردی، باشترین سیناریۆی كوردی، باشترین ئەكتەری پیاوی فیلمی كوردی، باشترین ئەكتەری ئافرەتی فیلمی كوردی، خەلاتی باشترین فیلمی دیكۆمێنتی كوردی، خەلاتی باشترین كورتە فیلم، خەلاتی لیژنەی تەحكیم بۆ باشترین كورتە فیلم، خەلاتی جەماوەر بۆ باشترین فیلمی نێو دەوڵەتی، خەلاتی شاری دهۆك بۆ باشترین فیلمی درێژ.

ئەم فیستیڤاڵە لە رووی نمایش كردنی فیلم نموونەیەكی جوانی سینەمایە و لە ریزی فیستیڤاڵە جیهانییەكان هەژمار دەكرێت، بەلاّم پێویستە هەمان فیستیڤاڵ لە هەولێریش ئەنجام بدرێت، وەك دهۆك و سلێمانی، ئەو كاتە پانتاییەكی زۆرتر بۆ سینەمای كوردی تەرخان دەكرێت، ئێستاش دوورەپەرێزیی و فەرامۆش كردنی شاری هەولێر لە ئەنجامدانی ئەو فیستیڤاڵە هیچ مانایەك نابەخشییێت.

## فیستیڤاڵی نێو دەوڵەتی سلێمانی بۆ سینەما




فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی سلێمانی بۆ سینەما، دووەم فیستیڤاڵی گەورەی سینەمایە لە پایتەختی ڕۆشنبیریی، شاری سلێمانی، كە لەلایەن كەرتی تایبەتیەوە هەڵدەسوڕێندرێت، لە یەكەم فیستیڤاڵدا لە 2016، 100 وڵات بەشدارییان لە فیستیڤاڵەكەدا كرد، ساڵانە لە فیستیڤاڵەكەدا چەندین كورتە فیلم و فیلمی درێژو فیلمی دیكۆمێنتی كوردی و بیانی تێدا پێشكەش دەكرێت و چەندین خەڵاتی بەهادار بە دەست دێنن، بە میوانداریەتی دیارترین سینەما كارەكان لە كوردستان و وڵاتانی عەرەبی و لە جیهاندا، هەر لە پەراوێزی فیستیڤاڵەكەدا چەندین وۆرك شۆپی سینەمایی و كۆڕو سیمینار ئەنجام دەدرێت، وێڕای بڵاوكردنەوەی چەندین چاپكراو بەو بۆنەیەوە .

# فیستیڤاڵی سینەمایی دژ بە تیرۆر

بۆ ماوەی سێ ساڵە فیستیڤاڵی سینەمایی (سینەما دژ بە تیرۆر) لە هەولێر دەكرێت، كە جگە لە چەند سینەماكارێكی كوردستان، ژمارەیەك لە هونەرمەندە عەرەبەكانیش بەشدارییان تێدا كردووە، زۆرینەی فیلمەكان بەرجەستەی ئەو كارەسات و روداوانە دەكەن كە تیرۆرستان دژی مرۆڤایەتی ئەنجامی دەدەن، بەڵام فیستیڤاڵەكە بە گشتی تا ئێستا نەیانتوانیووە ئەو ناونیشانە گەورەیە بەرجەستە بكات كە هەڵی گرتووەۆر.

## تیرۆر لەچاوی سینەماكارانەوە



لە ماوەی چەند ساڵی رابووردوودا لە گەڵ پەرەسەندنی تەوژمی تیرۆركاری دژ بە هزرو شارستانیەت و مرۆڤایەتی لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، وای لە سینەماكاران كردووە كە روو بە رووی پرسیارێك ببنەوە ئەویش ئەوەیە، ئاخۆ لەو هەلو مەرجە تراژیدییە پڕ لە تەم و مژە، رۆڵی سینەما چی دەبێت بۆ ئەوەی لە پاڵ ئامرازەكانی دیكە، شوێنی تایبەتی خۆیان هەبێت لە پەردە لادان لە رووی هەقیقەتی ئەوانەی بازرگانی بە ئاینەوە دەكەن و لە پاڵ ئەو ئاینەدا نیازە نەگریس و دواكەوتووەكانی خۆیان پەرتو بڵاو دەكەنەوە، سینەماكاران لە هەوڵی ئەوە دادەبن، بە دەسەڵاتە هونەرییەكانی خۆیانەوە، بەرەنگاری ئەو تەوژمە رەشەی تیرۆر ببنەوەو لەچەندین گۆشەی جیاجیادا، بەرجەستەی تاوانە رەشەكانی تیرۆر بكەن، چونكە دیارە كە سینەما هەمیشە چەكێكی كاریگەرو ئەكتیف بووە

بۆ دژایەتی كردنی ئەو تەوژمە كە بە چەندین شێواز هەڕەشەی ریشەكێش كردنی ئاشتی و لە باربردنی ئارامی وئازادی كۆمەڵگاكان دەكات .

**چمكی سینەما**

لەو پێو دانگەوە حكومەتی ئەو ولأتانە چەند ئەوەندەی بە دوای دابین كردنی ئاسایش و هوشیار كردنەوەی خەلكو چڕ كردنەوەی پۆلیسن، ئەوەندەش بە تەنگ ئەوەوەن ئایدۆلۆژیایەك بۆ بەگەڕ خستنی سینەما دابنێن، بۆئەوەی سینەماكاران بەكامێرا ریسوای تیرۆر بكەن و فیستیڤاڵی سینەما ساز بكەن بۆ ئەو ئامانجە .

**سینەمای كوردی و تیرۆر**

كوردستانیش ـ بە هەموو پارچەكانییەوە لەو هەرێمانەیە كە بۆتە ئامانجی تیرۆرستان و بە چەندین شێواز تیرۆرستان قەستی بریندارکردن و شێواندنی ئارامی كوردستانیان داوە، لەو پێودانگەشەوە كوردستان بەشالأو خوێنی رشتووە، هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە رێ لەو تەوژمە رەشە بگرێ، بەلأم ئایا سینەماو شانۆی كوردی تا چەند توانییویانە ئەو تراژیدیاو مەرگەساتانەی ڕووبەڕووی كوردستان بۆوە، بە تایبەت لە شەنگال و كۆبانی و قاتوقڕ كردنی مەسیحی و یەزیدیەكان و تەقاندنەوەی مەزارگەو موزەخانەكان و لە ناوبردنی كولتوورو شوێنەوارە پیرۆزەكان بە هونەریی خۆیان بەرجەستەی بكەن، لە سینەما ودراما، لە شانۆ و فۆتۆ، لە شێوەكاری و پەیكەرتاشی، لە موزیك و گۆرانی و سرود؟ ئەمە پرسیارێكەو ڕووبەڕووی هونەرمەندانی ئێمە دەبێتەوە، بەتایبەت سینەماكاران، رەنگە ئەوانیش وەك ئێمە دڵیان بە ئەنجامەكەی خۆش نەبێت و نكۆڵی لەوەدا نەگەن كە لە ئاستی پێویست دانەبووینە، بەلأم ئەگەر بشپرسین بۆ؟ ئەوە دیارە ئەوانیش پاساوی خۆیان هەیە كە من لێرەدا تیشك دەخەمە سەر هەندێكییان :

1.دەسەلأت دارانی ئێمە تا ئێستا نەگەیشتوونەتە ئەو باوەڕە كە سینەما چەكێكی هونەری ئەكتیفە بۆ شەڕی تیرۆر و دەتوانێت كاریگەری خۆی لە سەر گۆڕینی رای گشتی بگێڕێت و كەشفی ئەوراق بكات و دەست نیشانی بیرو باوەڕە چەوتەكان و هیڵە پیلانگێڕیەكان بكات، بە زمانێكی سینەمایی، بۆیە پشتگیریی كردنی بۆ سینەما وەك پێویست نەبووە .

2. هەلو مەرجی ئابووریی كوردستان كۆسپێكی گەورەیە لە بەردەم سینەما كاران بۆ ئەوەی ئەو پرۆسە سینەماییانەی هەیانە بە پراكتیف بكەن، لە هەمان كاتیشدا هەر ئەو هەلو مەرجە رێگر بووە لە بەردەم سازكردنی فیستیڤاڵی سینەمایی .

3.سینەمای كوردی ئەو ئامادە باشییەی نیە لە رووی هونەرییەوە كە بتوانێت لە ئان و ساتی خۆیدا پرۆژە سینەماییەكان بە ئەنجام بگەیەنێت، بە تایبەت لە رووی ستافی هونەرییەوە .

4.ئەزموونی سینەماكارانی ئێمە بۆسینەمای جەنگ و سینەمای دژ بە تیرۆر ئەزموونێكی ئەوتۆ نیە كە بتوانێت لەو بوارەدا ئەو ئەزموونە بەرجەست بكات .

5.لەرووی سیناریۆو كارە هونەرییەكانەوە، سینەماكارانی ئێمە دەسەڵاتێكی دیاری كراویان هەیە و پڕ كردنەوەی ئەو بۆشاییە كارێكی ئاسان نیە، زۆر جارانیش كە خۆمان لە قەرەی ئەو جۆرە سیناریۆ سەرپێیانە دەدەین، بە هۆی لاوازی هونەرمەندانی ئێمە لە نووسینی سیناریۆدا، لە زمانی سینەما دوور دە كەوینەوە و زێتر پەنا بۆ دروشم ودیاردەی زەق دەبەین .

6.ئاراستەیەكی دیاری كراوی ناوەندی بۆ سینەما نیە لەلایەن هیچ سەنتەرێكی رۆشنبیریی و هونەریی كە خاوەنی نەخشەو پلانێك بۆ سینەماو تەلەفزیۆن و دراماو شانۆ دابنێت كە بە چ ئاراستەیەك ئەو كەرەستە هونەرییانە بەرجەستە بكات بۆ چەند ئامانجێكی دیاری كراودا.

ئەوەش كە تا ئێستا دراماكارو سینەما كارانی ئێمە لە پێودانگی ئەو رووداوانەدا بینیوویانەو بیستوویانە لە سینەمادا بەرجەستەیان كردووە، دەتوانین بە نەبوونی دابنێین، بەڵام ئەوەش هەمدیسان خاڵی كۆتایی نیەو دەكرێت وەزارەتی رۆشنبیریی پلان و بەرنامەیەكی هەبێت بۆ ئاراستە كردنی سینەماكارانی ئێمە و ساز كردنی فیستیڤاڵی سینەمایی لەوەی یەكی شوباتی ئەمساڵ ئەنجامی دەدات .

**رۆڵی حكومەت بۆ شانۆو سینەمای دژ بە تیرۆر چیە؟**

پێویستە حكومەت پشتگیریی سینەمای دژ بە تیرۆر بكات، چونكە ئەم جۆرە سینەمایە پەیوەندی بە ئەمنی نیشتیمانی و نەتەوەییەوە هەیە، هەر پشتگیرییەكی حكومەت بۆ سینەمای دژ بە تیرۆر،

وەك پشتیگیریی پێشمەرگەیە بە چەك بۆ بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر، ئەوەتا شەڕی زۆربەی ئەو كۆمەڵگایانە لە گەلْ تیرۆردا هەر تەنها شەڕی مەیدانی و شەڕ بە چەك و زری پۆش و فرۆكە نیە، بەڵكو شەڕی دەروونی و شەڕی هزری لە شەڕە سەربازییەكان كاریگەرترن، بە سەر روخانی ورەو دارمانی دەروونی، لەو حاڵەتانەدا و لەو بوارە سایكۆلۆژی و ئایدۆلۆژیانەدا، شەڕی سینەماو شەڕی شانۆ، لە ناو كۆمەڵگادا بە قەد شەڕی تانك و فرۆكەكان كاریگەری خۆیان دەبێت، بۆ هوشیار كردنەوەی كۆمەڵگاو تێگەیشتنیان لە مەترسییەكان و راست كردنەوەی چمكە هەڵەكان، ئەگەر تیرۆرستان بە رێگە فریو خواردووەكانیان لە مێشكی هەندێ لە تاكەكانی كۆمەڵگایان چاندبێت .

**تیرۆر لەسینەمای جیهانیدا:**

لە نیو سەدەی رابوردوودا كۆمپانیا سینەماییە جیهانییەكان بەرنامەیەكی تیرو تەسەلیان ئامادە كردووە بۆ بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر و چەندین فیلمی دیارو بەرچاویان بە بودجەی زەبەللاحەوە نمایش كردووە، بۆ ریسوا كردنی رێكخراوە تیرۆرستییەكان و پیلانە رەشەكانیان بۆ دژایەتی كردنی مرۆڤایەتی.

لەدە ساڵی رابووردوودا هۆلیۆد رێكخراوی تیرۆرستی قاعیدەی كردۆتە ئامانجی سەرەكی خۆی، پیشی ئەویش سینەمای ئەمریكی، زوومی كامیراكانی دەخستە سەر هەندێ لەو كەسایەتیانەی كە رۆڵی تیرۆركارییان بینیووە، وەك هەندێ لە سەركردە تیرۆرستەكان، بەڵام بەگشتی سینەمای ئەمریكی لە دەوری بنكەی سەرەكی تیرۆر قاعیدە سوڕاوەتەوە، بە تایبەت دوای تەقینەوە وێرانكارییەكەی یانزەی سیبتیمبەر، لەوانەش فیلمی فەهرەنهایت 9/ 11 ی مایكل مۆرو دەیان فیلمی دیكەی وەك یۆنایتید 93ی دەرهێنەر بول گرانگراس، فیلمی گەمارۆو فیلمی( ئایرفۆرس 1) ی هاریسۆن فۆرد كە باس لە رفاندنی فرۆكە تایبەتیەكەی سەرۆكی ئەمریكا دەكات لەلایەن تیرۆرستانەوە. دوای هێرشەكانی ئەم دواییەی داعش بۆ فەرەنسا، ئێستا سینەماكاران بە گوڕوتینێكی زۆرەوە هەوڵی ئەوە دەدەن كە رووداوەكان بخەنە توێ ی سینەما .

ئەوەتا دەرهێنەری فرەنسی باتیست بابین ـ دامەزرێنەری هاوبەش بۆ فیلمی دیكۆمێنتی دەڵێت: ئێستا ئێمە لە سینەمادا بەدوای دەرهاوێشتە دەروونییەكانی فەرەنسییەكاندا دەگەڕێین، لەوانەش

ئەوانەی سانسۆریان خستۆتە سەرخۆیان و خۆیان بیبەش كردووە لە سەربەخۆیی، بەهۆی ئەو تۆقاندنەی تیرۆرستان بۆیانیان دروست كرد. واش پێ دەچێت كە خواستێكی زۆر هەیە بۆ ئەوەی سینەمای فرەنسی روو لە تیرۆ بكات كە ئەمڕۆكە بۆتە هەمێكی گەورەی فرەنسییەكان، ئەوەتا هەر لەم بوارەدا فرەنسییەكان چەندین فیلمیان بە بەرهەم هێناوە، لەوانەش فیلمێكی ( ئاریك روشانت ) كە باس لە كاری سیخوری دەكات دژ بە تیرۆرستان و فیلمی (ماد ئین فرەنس) كە باس لە رۆژنامە نووسێك دەكات چۆن خۆی خستۆتە نێو یەكێ لە رێكخراوە تیرۆرستەكان . هەروا میسرییەكان كە سەردەمانێكی زۆر بۆتە سەرچاوە بۆ هەندێ لە تەوژمە توند رەوەكان، ولأتێك بووە هەمیشە تیرۆرستان رۆڵی خۆیان تیادا بینییووە، بۆیە سینەمای میسری دەمێكی دوورە كار لەسەر لابردنی ماسكەكان و دەرخستنی رووی راستەقینەو پەردە پۆشراوی ئەواندا دەكات، لەم بوارەدا سینەمای میسری تەژییە لەو جۆرە فیلمانە ، كە هەندێ جار ئەكتەرە ناودارەكانی ئەو ولأتە روو بە رووی هێرشی ترسناكی ئەو توند رەوانە بوونەتەوە، لەوانەش فیلمی (چارەنووس ) ی یوسف شاهین و عادل ئیمام لە فیلمی ( تیرۆرست ) وفیلمی ( باڵندەكانی تاریكی) و (خوێنی ئاسك) وچەند فیلمێكی تر.

**فیلمی كۆمێدی بۆ ریسوا كردنی تیرۆرستان**

هەندێ لەو فیلمانەی چوونەتە چوارچیوەی فیلمی دژ بە تیرۆر، ئەو فیلمانەن كە بە شێوەیەكی كۆمێدی ئەو كەسایەتی و رێكخراوە تیرۆرستانەیان ریسوا كردووە، ئەم ستایلەش وەك پسپۆرە دەروونییەكان دەڵێن: كاردانەوەیەكی ئەكتیفی دەبێت بۆ رووتكردنەوەی ئەو توندڕەوو تیرۆرستانە لە هەقیقەتی خۆیان و شكاندنی ئەو ستراتیژییە تۆقێنەرەی بەكاری دەهێنن دژ بە كۆمەڵگاكان.

لە هەموو حاڵەتێكا ئێمەش ئەگەر بمانەوێت سینەما بۆ ئەو ئەركە نیشتمانییە تەرخان بكەین، ئەوە پێویستە وەزارەتی رۆشنبیریی لە چوارچیوەی شەڕی دژە تیرۆر ئەو دەسەڵات و توانایە بۆ خۆی دابین بكات كە بتوانێت لە رێگەیەوە ئەركی هونەریی و كولتووری خۆی بۆ ئەو ئامانجە راپەڕێنێ، بەتایبەت لەرێگەی رێكخراوە نێو دەوڵەتیەكانەوە، لەوێشەوە دەست بە بەرهەم هێنانی كورتە فیلم بكات و جەخت لە سەر سازكردنی فیستیڤاڵی سینەمایی بكاتەوە، بە هەماهەنگی لە گەڵ

هونەرمەندانی كوردستانی گەورە، بۆ گرد كردنەوەی توانستە هونەرییەكان لە دەوری خۆیدا، پێشم وایە لەو فیستیڤالانەدا بەرهەمەكان چڕ بكرێنەوە بۆ ئەوەی سینەما ناسنامەو زمانی پارێزراو بێت، ئەگەرنا سازكردنی فیستیڤاڵ تەنها بۆ ئامانجێكی میدیایی ناتوانێت ئامانجەكان بپێكێنێ .

## گرنگی سەرمایە لە سینەمادا

نووسەری ناسراو(ئەرنست فیشەر) لە كتێبی ( زەرورەتی هونەر) دا دەڵێت: هونەر بۆتە كەرەستەیەك، وەك هەر كەرەستەیەكی تر، سەرمایەدارەكانیش ئەوانەن كە هیچ سنوورێكییان نیە بۆ بەدەست هێنانی كەرەستە گران بەهاكان، هونەرمەندەكان خاوەنی ئەو كەرەستەیەن كە سەرمایەدارەكان بەدوایدا دەگەڕێن بۆ تێر كردنی خواستەكانیان، بینەریش كڕیارو فرۆشیاری ئەو كەرەستانەن، كە هەمیشە كەوتونەتە ژێر باری هاوكێشەكانی نیشان دان و خواست، كۆمپانیاكانن ئەستێرەكان دروست دەكەن، ئەو ئەستێرانە فاكتەری گەشەسەندنی سەرمایەن، بۆیە هەموو خواستەكانیان بۆ دابین دەكرێت تا نازناوەكانیان ببێتە سەرچاوەی دابین كردنی سەرمایە. سەرمایەدارەكان ئەگەر لە زانستی سەرمایەداری بگەن، زووتر لەوە دەگەن كە پیشەسازی فیلمسازی چ ئافاتێكی بە هەرمێنە بۆ دەوڵەمەند بوونی سەرمایە. كۆمپانیای (دیزنی) باشترین نموونەی پەیوەندی هونەر بە سەرمایەدارییەوەیە، ئەو دەزانێ چۆن گەمارۆ دەخاتە سەر ئەقڵو سۆزی بینەرانی، ئەوەتا پاركەكانی دیزنی لاند ـ پرۆپاگەندە بۆ كاراكتەرەكانی فیلمەكانی دیزنی دەكات، تۆڕی تەلەفزیۆنی ABC چۆن ڕێكلام بۆ یارییەكانی فیلمی دیزنی دەردەخات، هەموو ئەو دەسەڵاتە داراییانەی خۆی بۆ فیلمەكانی دیزنی دەخاتە گەڕ، بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن داهاتێكی پێوەری لە جیهاندا.

كۆمپانیاكانی (واتەر پرۆس) بۆ بەرهەم هێنانی فیلم كە خاوەنەكەی ئیمپراتۆریەتی (تایم وارنەر) ی زەبەللاحە، چەندین تۆڕی تەلەفزیۆنی تەرخان كردووە بۆ ڕێكلامی فیلمەكانی، كە هەموو ئەمانە كاریگەری خۆیان هەیە لە سەر دەنگدانی ئەكادیمیای هەڵسەنگاندنی فیلم و لە سەر راكیشانی بینەر بۆ بەر پەنجەرەی هۆڵەكانی سینەما، لە ئاكامیشدا بۆ بەرز كردنەوەی داهاتی فیلم بە تەنها پالأوتنی فیلم بۆ فیستیڤاڵە گەورەكان رەواجی فیلمەكان دەگەیەنێتە لوتكە، بۆیە ئەوانەی وا دەزانن سینەماكار هۆكاری دروست نەبوونی پیشەسازی سینەمایە بە هەڵە داچوو، بەڵكو ئەوە بازرگانەكانن چارەنووسی سینەمایان بە دەستە نەك هونەرمەند .

خۆ سینەما لە سالأنی 1895 ـ 1900 لە فەرەنساو بریتانیاو نەمساو ئەمریكا گەشەی سەند، بەلأم بۆ ئەمریكا بوو بە سەروەری سینەماو هۆلیۆد بوو بە پایتەخت؟ لە بەر ئەوەی سەرمایەدارە ئەمریكییەكان زووتر لەوانی تر گەیشتنە ئەو باوەڕە كە سینەما گەنجینەیەكی لە بن نەهاتووی داهاتە، هەولّی ئەوەیان دا چەند ئەوەندەی بایەخ بە دروست كردنی فیلمەكانیان دەدەن، ئەوەندەش بایەخ بە هۆلّە سینەماییەكان بدەن، كە سەرچاوەیەكی سیحراوی ئارامی بینەرو چێژ لێ وەرگرتنیەتی، ئێستاش بینەری ئەمریكی ئەگەر بە دوای مەنفەزێك بگەڕێ بۆ سووك كردنی زەحمەتی رۆژانەی، یاخود رەخساندنی شوێنێكی ئارام بۆ حەسانەوەی مێشك، ئەوە روو لە سینەما دەكات و لەو هۆلأنەدا دەكەوێتە دنیاییێكی جیاواز لە دنیای دەرەوەی هۆلّ، ئەمە وای كردووە ئێستاكە ژمارەی هۆلّەكانی سینەما لە ئەمریكا لە 10 هەزار هۆلّ تێپەڕێنێ، زۆربوونی هۆلّەكانی سینەماش هۆكار بووە بۆ زێدە كردنی بەرهەمی سینەمایی، هەندێ لە كۆمپانیاكانی چەشنی بارامۆنت، ولویفۆكس ،مترۆ ،بونفێرسال ،پەیوەندییەكی توندو تۆلّیان بە كۆمپانیا داراییەكانی جیهانەوە هەیە، ئەو كۆمپانیایانە هەر تەنها پشت بە دەرهێنەر نابەستن، بەلّكو بایەخی هەرە زۆریان لە سەر بەرهەم هێنەرو دەرهێنەرەكانە، بۆیە هەموو لایەك گەیشتونەتە ئەو بڕوایە كە سەرچاوەی هەرە سەرەكی بۆ بەرهەمهێنانی فیلم سەرمایەیە.

بەرهەمهێنەرەكان لە هۆلیۆد، گەورەترین سەرمایەدارەكانی ئەمریكا هەموو دەسەلأتێكیان ە هەیە بۆ دابین كردنی هەر پێداویستییەك كە خزمەتی پرۆژە سینەماییەكان بكات، ئەو سەرمایە هەمیشە هۆلیۆد بۆ دروست كردنی فیلم سەرمایەكی ئێجگار زەبەللاح بۆ دروست كردنی فیلم تەرخان دەكات، دواتر گەورەترین پسپۆرەكانی بواری تەكنیكی سینەمایی و سیناریۆو دەرهێنان لە فیلمەكەدا بەشداری پێ دەكات، وا دەكات بازاڕ چ ئەكتەرێكی بوێ، ئەو بە كرێ بگرێ، چ شێوازێكی بوێ ئەو دروست دەكات، ئەمەیە وای كردووە داهاتی فیلمەكانی لە ملیۆنەها دۆلار تێپەڕێنێ و كرێ ی هەندێ ئەكتەری لە فیلمێكدا پتر لە 300 ملیۆن دۆلار بێت، پێویستە دەرهێنەرەكانی ئێمە لە هەلو مەرجێكی ئاوادا شوێنی كۆمپانیاكانی بەرهەم هێنان بگرنەوە، تا قەناعەت بە كەرتی تایبەتی دەكەن.

ئەوەندی درکم پێ کردبێت، هونەرمەندی سینەماکار حەسەن عەلی هەوڵێکی جدی هەبوو بۆ بوژانەوەی سینەمای کەرتی تایبەتی، بۆ ئەم مەبەستەش گەلێك کاری سەرکێشی کرد ، لەوانە بەکرێ گرتنی هۆڵی کریستاڵ بۆ ماوەیەك و نمایشکردنی فیلمی کوردی تێیدا، بەڵام چونکە ئەزموونەکە بە توانایێکی دارایی لاواز بوو، کەسی لە پشت نەبوو، لە هەلومەرجێکی ئابووری خراپی کوردستان دەستی پێکرد، سینەما ماوەیەکی زۆر بوو داڕمابوو، پێویستی بە هەڵسانەوەیەکی لە سەر خۆ هەبوو، ئەزموونەکە سەرنەکەوت و لە گەڵ خۆیدا زەرەرو زیانێکی زۆریشی لە دوای خۆیدا بۆ دەست پێشخەرییەکە بە جێ هێشت .

دیسان هەر ئەو سەرنەکەوتنە حەسەن عەلی لە پرۆژەکەی دا سارد نەکردەوە، ئەمجارە هۆڵێکی تری لە( رۆیال مۆل) لە هەولێر بە کرێ گرت و چەندین فیلمی کوردی و بیانی تێدا نمایش کرد، بەڵام لەویشدا بە هۆی ئەو قەیرانی داراییەی لە کوردستان هەبوو ئەو سەرکەوتنەی بە دەست نەهێنا ئاواتی بۆ دەخواست .

هەوڵەکانی حەسەن عەلی هەوڵی لاواز بوون و ئەو پرۆژەیە پێویستی بە دەسەڵاتێکی زۆری دارایی هەیە کە رەنگە بە تاکە کەسێك دەستەبەر نەکرێت، هەر لەو ئەزموونەدا پێشتریش حەسەن عەلی وەك دەرهێنەر هەوڵی ئەوەی دا، بە فیلمەکانی بینەر بگەڕێنێتەوە هۆڵ ، یەکێك لە هەوڵەکانیشی بەرهەم هێنانی فیلمی ( شیرین) بوو، من ئەو کاتی ئەو هەوڵەم  بە رێچکەیەکی دروست زانی، بۆ ئەو دەرهێنەرانەی کە کار تەنها بۆ فیستیڤاڵ دەکەن و تا ئێستا چەندین فیلمییان بۆ فیستیڤاڵەکان دروست کردووە، بینەری ولاتی خۆشییان بێبەش کردووە لە سینەما ، دەبێ دەرهێنەرکان لەوەدا ورد بن کە بینەری کورد ئەمڕۆکە چی دەوێت؟ حەسەن عەلی رۆمانسیەتی هەڵبژارد چونکە دەیزانی لاوانی ئەمڕۆ چەند تامەزرۆی چیرۆکە سۆزداری و ئەشق بازییەکانن، لەمەدا سەرکەوتوو بوو، چونکە بینەرێکی زۆری لە شارەکانی کوردستان گەڕاندەوە هۆڵەکانی سینەما.

## ڕەخنەی سینەمای كوردی

لە پەراوێزی ئەو كتێبەدا و بۆ تێگەیشتن لە ئاستی هەندێ لەو فیلمە كوردییانەی لە كوردستان نمایش كراون، خوێندنەوەیەكی ڕەخنەیی بۆ ژمارەیەك لەو فیلمانە دەكەین هەر یەكەو بە پێی زەمەنی خۆیان، ڕەنگە فۆرمی ڕەخنە ئەو كات و ئێستا گۆڕانكارییان بە سەر داهاتبێت، بەڵام وام پێ باش بوو، هەر وەك خۆیان بمێننەوە .

### شوێنێك بۆ یاری .. سوچێكیش بۆ ڕەخنە



كاتێ دەمەوێ یەك دوو قسە لەمەڕ (شوێنێك بۆ یاری) دەرهێنەر شەوكەت ئەمین بكەم، ئەوەم لە بەرچاو نیە كە ئەو فیلمە لەكام فیستیڤاڵدا بەشداری كردووەو چەند خەڵاتی بە دەست هێناوە، چونكە ڕەنگە پێوەری ئەوان بۆ بەشداری بوون و خەڵات كردن شتێك بێت و بیرو تێڕوانینی تایبەتی بینەرێكی كوردیش بۆ هەڵسەنگاندنی فیلمەكە شتێكی دیكە بێت، بەهەمان شێوەش، ڕەنگە ڕەخنەو خواستی بینەریش بۆ فیلمێك كە ناو لە خۆ بنێت فیلمی جیهانی، لە خواستی بینەر بۆ بەرهەمێكی لۆكاڵی قورستر بێت، ئەم فیلمەی شەوكەت ئەمین، وەك زۆرینەی فیلمە كوردییەكانی دیكە بۆ فیستیڤاڵ دروست كراون نەك بۆ بازاڕ، ئەمە خەسڵەتی زۆرینەی دەرهێنەرانی ئێمەیە كە هەمیشە مەیلی كار كردن بۆ فیستیڤاڵ دەكەن و دەیانەوێت سنووری ئیقلیمی خۆیان ببەزێنن و لە یەكەم

هەنگاودا باز بدەنە ئاقارە جیهانییەكان و ئەو پانتاییە بەرفرەوانە چۆڵو هۆڵەكەی سینەماش لە وڵاتەكەیاندا فەرامۆش بكەن! بۆیە هەمیشە بۆشاییەكی ئێجگار زۆر بەرفرەوان لەو نێوەندەدا بەجێ دەمێنێ، كە نەتوانین شتێ بۆ هاتنە كایەوەی پیشەسازی سینەما لە كوردستاندا بكەین.

كێشەكە لەو نێوەندەدا لەنگ بوونی هاوسەنگییەكانە، مەبەستم هاوسەنگی لە نێوان فیلمی فیستیڤاڵ وفیلمی بازاڕە كە ئێمە نیمانە، هەر بۆ نموونە گەورەترین دەرهێنەرە كانی هۆلیۆد ئامانجی سەرەكییان لە دروست كردنی فیلم بازاڕە نەك فیستیڤاڵ، بۆیە فیلمەكانیان لە هەفتەی یەكەمی نمایش كردنیاندا بە ملیۆنەها دۆلار لە بەر پەنجەرەی هۆڵە سینەماییەكاندا دەدورنەوە، زۆر جارانیش بازاڕ دەبێتە پێوەر بۆ فیستیڤاڵەكان و لە بازاڕدا بینەر حوكم لە سەر ئاست و جۆری فیلم دەدەن، من نازانم ئەو فیلمانەی ئێمە كە لە فیستیڤاڵەكاندا وەردەگیرێن، تا چەند بازاڕیان هەیە لە دەرەوەدا، یان ئەو رەواجەی لە فیستیڤاڵەكاندا هەیانە لە بازاڕیشدا هەر وان ؟

## شەوكەت ئەمین كوركی كێ یە؟




شەوكەت ئەمین ـ كە حزورێكی بەردەوامی هەبووە لە فیستیڤاڵە نێو دەوڵەتیەكان و چەندین جاریش فیلمەكانی لە هۆڵەكانی سینەما لە كوردستان نیشانی بینەر دراوە، لە سێیەم فیستیڤاڵی نێو دەوڵەتی سینەمایی لە دهۆك خەلاتی باشترین دەرهێنانی لە فیلمی (یاداشتەكانی سەربەرد) بە

**دەست هێنا، تێیدا باس لە تیمێکی سینەماكار دەكات لە كاتی بەرهەم هێنانی فیلمێك روو بە رووی چ مشەقەتیەك دەبنەوە .**

**شەوكەت ئەمین ـ لە ساڵی 1973 لە یەكێ لە گوندەكانی زاخۆ لە دایك بووە، بەهۆی كێشەو ئاریشا سیاسییەكان ساڵی 1975 شەوكەت لە گەڵ خێزانەكەی ئاوارەی ئێران دەبن، ماوەی 24 ساڵ لەئێران دەمێنێتەوە، لەوێ ئارەزووی بۆ شانۆو سینەما نەشونوومای كردووە، شەوكەت دەگێڕێتەوە دەڵێت : تەمەنم** 14 **ساڵان بوو كاتێ بۆ یەكەمجار سینەمام بینی، لەتەمەنی 15 ساڵی بەشداریی چالاكییە شانۆییەكانی قوتابخانەی كردووە، ساڵی 1994 بۆ ماوەی ساڵێك بەشداری خولێکی سینەمای كردووە، ،ئیدی دوای ئەو وۆرك شۆپە سینەماییە دەستی كردووە بە دروست كردنی كورتە فیلم و فیلمی دیكۆمێنتی، دواتر لە ساڵی 1999 گەڕاوەتەوە كوردستان، دوای روخانی رژێم ساڵی 1005، فیلمی (پەڕینەوە لە گەڵ غوبار) ی بەبەرهەم هێناوە، ئەو فیلمە یەكەم فیلمی درێژی ئەو بوو، ساڵی 2009 لە گەڵ كەناڵی(ئێن ئیچ كەی) بە هاوبەشی لە گەڵ ژاپۆنییەكان بۆ بەرهەم هێنانی فیلمێك دەربارەی كەركووك، بە ناوی (كیك ئۆف كەركوك) كاری كردووە، ئەم فیلمە لەزۆر فیستیڤاڵی جیهانیدا چەندین خەلاتی بە دەست هێناوە، هەروەها فیلمی (شوێنێك بۆ یاری) لە چەندین فیستیڤاڵی نێو دەوڵەتیدا چەندین خەلاتی پێ بەخشراوە، لەوانە خەلاتی لیژنەی تەحكیم لە مەسقەت و خەلاتی فیستیڤاڵی بەیروت و چەندین خەلاتی تر.**

لە هەموو حاڵەتێكا شەوكەت ئەمین وەك دەرهێنەرێكی كورد لە هەردوو فیلمی ( **پەڕینەوە لەغوبار** ) و (**شوێنێك بۆ یاری**) وفیلمی (**یاداشتەكانی سەر بەرد**) لەماوەی ئەو دوو ساڵەدا پشكی شێری لە خەلاتەكاندا بەركەوتووە، دەنگدانەوەیەكی زۆریشی لەمیدیا جیهانییەكاندا بۆ سینەمای ئێراقی پەیدا كرد ..

ئێستا **شەوكەت گەیشتۆتە ئاستێك، دەتوانێت لە پاڵ ژمارەیەك سینەماكاری دیكەی كورد نوێنەرایەتی سینەمای كوردی بكەن لە وڵاتانی جیهاندا**، گرنگیشە ئەگەر ئەو متمانەیەی دروستیان كردووە، ببێتە فاكتەرێك بۆ هاوكاری بەرهەمهێنانی زێتری فیلمی كوردی ، وەك ئەو هاوكاریەی لەم فیلمەدا شەوكەت لە گەڵ ژاپۆنییەكاندا ئەنجامی داوە، چونكە بمانەوێت و نەمانەوێت پرسی

بەرهەمهێنان سەرچاوەیەکی بنەڕەتییە بۆ دروست بوونی سینەما، رەنگە بۆ ئێمە مانانیش کە کەرتی تایبەتیمان نیە، ناتوانین بەو هەلو مەرجەی ئێستا هەیە پشت بە حکومەت ببەستین بۆ ئایندەی سینەمای کوردی.

**نمایشەکەی هۆڵی پێشەوا:**

ئەو نمایشەی فیلمی (شوێنێك بۆ یاری) کە بە بۆنەی ریزلێنانی ستافی فیلمەکە لە لایەن وەزارەتی رۆشنبیرییەوە لە هۆڵی پێشەوا نمایش کرا، لە رووی تەکنیکی و هونەرییەوە زۆر شێواو بوو، چ لەرووی دەنگ و چ لە روووی وێنەوە، من نازانم ئاخۆ نوسخەکانی دیکەی فیلمەکە چۆنە، بەلاّم شوێن و ئامێرەکانی دەنگ و وێنە بەو شێوەیەی ئێمە بینیمان کاریگەرییەکی ئێجگار خراپیان هەبوو بە سەر ئاستی فیلمەکە بە گشتی کە دەبوا دەرهێنەر لە سەر شانۆ روونکردنەوەیەکی لەم بارەیەوە هەبوایە.

**دەق و سیناریۆ**

دەرهێنەرانی ئێمە هەمیشە وا راهاتوون کە بۆ دروست کردنی فیلم لە رووی نووسینی دەق و سیناریۆوە پشت بە خۆیان بەستن، ئەمەش وای کردووە کە بۆشایی هەرە گەورە لە فیلمەکانیاندا دروست بێت، من نازانم تەماشا کردنی لاوەکی سیناریۆو دیالۆگ بەو شێوە لای دەرهێنەرانی ئێمە هۆی چیە؟ خۆ ئەوان لە بینەر زێتر دەزانن کە بایەخی دیالۆگ و سیناریۆ لە سینەمادا چیە و قەت مەرج نیە دەرهێنەر نووسەرێکی باشی سینەما بێت ، وەك هیچ لە دەرهێنەرە جیهانییەکانیش هەرگیز پسپۆرایەتی هونەرکارانی دیکە ناکەن بە هی خۆیان ، ئەوەی لەم فیلمەشدا بینیمان ئەوەیە کە شەوکەت راستە بە ئەنقەست دەیەوێت زمانێکی سادەی میللی بداتە پاڵەوانەکانی، بەلاّم لەبەر لاوازی تێکست و دیالۆگ و نەفەسی کورتی دیمەنەکان، زۆر دەرفەتی جوان لە بارچوون، ئەوەتا فیلمەکە هێڵێکی درامی سەرەکی هەیە، بەلاّم ئەو هێڵە درامیە بە شێوەیەك بەرجەستە نەکراوە کە قوڵیەك بداتە روو داوەکان و کەسایەتییەکان، بەڵکو هەمووی هەر بە رووکەشی تێدەپەڕێت ودەرفەتی لەسەر وەستانیان نیە، هەر بۆ نموونە ئەو خۆشەویستییەی لە نێوان ئاسۆو هیلین لە یاریگەکە دروست

دەبێت، ئەگەر لەوەندە قولّ بكرابوایەو، رەنگە مەغزاكەی تێر تر دەبوو، نەك بەو شێوە سادەیەی كە بینیمان، بیرۆكەی ئەو تەوەرە ئێجگار بە پێز بوو كە ئاسۆ وەك لاوێكی رۆشنبیر دەیویست لە دوو سەرەوە لەو یاریگایەدا كار بكات، یەكێكیان ئەوەبوو كە ورەی لاوەكان بەرز كاتەوەو هانیان بدات كە دەست لە ناكۆكیەكانی خۆیان هەڵگرن و بەردەوام بن لە یاری كردن ، دووهەمیان وەك مرۆڤ لەناخی خۆیدا خۆشەویستی دەكرد بە سەرچاوە بۆ رزگار بون لە میحنەتیەكان، بۆیە ئاسۆ هەم رۆڵێكی فیكری دەبینی لە هوشیار كرنەوەی خەڵكەكە،وەك گەنجێكی هوشیاروخاوەن هزر، دووهەمیان رۆڵی ئەو راهێنانی لاوەكان بوو، بۆ بەرەنگار بوونەوەی خۆ بە دەستەوەنەدان و سەركەوتن بە سەر نەهامەتییەكان.

لە تەوەری ئەو برا بچووكە پەككەوتەیەشدا كەرۆژێ لە رۆژان لە كاتی یاری كردندا بە هۆی تەقینەوەی مینێك قاچێكی لە دەست داوە، بێگومان وێڕای ئەوەی ئەو كەسایەتیەو روداوەكەش لە چەند فیلمێكی دیكەی جانۆ رۆژبەیانی و قوتبەدین سادقیش دا هەیە، لە گەڵ ئەوەشدا دەرهێنەر نەدەبوا وا لەو منداڵە بكات كە بیر لە خۆ كوشتن بكاتەوە، دیارە خۆكوشتن فەلسەفەیەك نیە بۆ بەردەوام بووون ودەست هەڵگرتن لە نەهامەتیەكان، ئەلتەرناتیفی ئەو دیمەنە تراژیدییە ئەوەبوو كە دەرهێنەر هۆكار بدۆزێتەوە بۆ دروست بوونی توخمەكانی گەشبینی لە دڵی هەموو منداڵە بێ ئومێدەكانی ئەو یاریگایە.

تەوەرێكی دیكەی جوانیی فیلمەكە تەوەری(هیلین)ە ئەو كچە هوشیارەی خۆشەویستیەكی شاراوە لە ناخیدا وای لێ دەكات ئەشقی كتێب بێ، ئەو ساتە كوشندانەی خۆی بە خۆشەویستی و بە كتێب راو بنێ، لە لایێكی دیكەوە لەو كوخە كەلاوەییەی خۆیەوە كۆتر پەوەردە بكات، وەك هێمایەك بۆ گەڕانەوەی ئاشتی و دڵنیایی بۆ هەموو ئەوانەی دڵنیاییان لێ ون بووە، بەلاّم دەرهێنەر نەیتوانییوە هاوێنەكانی كامێرا وەك پێویست تەوزیف بكات بۆ بەرجەستە كردنی ئەو روداوە كە پانتاییەكی ئێجگار بەرفرەوانی تێدایە بۆ خوێندنەوەی دیوی ئەمدیوی روداوەكان و كەسایەتییەكانی ، بەڵكو چڕنۆكێكی وێنەیی لێ گرتوووە و دەسەلاّتی بەرجەستە بووونێكی فەلسەفیانەو هونەرییانەی نیە بۆیان، بۆیە ئەو تەوەرە جوانەی لە دەست داوە، بێ ئەوەی كاریگەرییەك لە ستاتیكای سینەماییی و لە وروژانێكی دەروونی بە جێ بێڵێ، وێڕای ئەوەی كاتێ ماڵی هێلین بار دەكەن، دەرهێنەر بێجگە لە

گریانێكی سادە نەبێت، نەیتوانی گوزارشتێكی ئەوتۆ لەو بەجیٚ هێشتنە بكات، بێجگە لەوەی كە ڕۆیشتن ئیدی گەڕانەوەیان هیچ نرخێكی نەبوو، سەرە ڕای ئەوەی ئاسۆ لەو پرسی بەجیٚ هێشتنە هیچ هەڵوێست و ڕۆڵێكی نەبوو كە نیشانەی خۆشەویستییەكی قوڵ بێت لە نێوان خۆی و هیلیندا، ئەمەش كاریگەری خۆی هەبوو، لەسەر پووكاندنەوەو سووك كردنی خۆشەویستیەكە لای بینەر.



**هێما (ڕەمز) لە شوێنێك بۆ یاریدا :**

**دەرهێنەر لایەنێكی زۆری فیلمەكەی بە هێما (ڕەمز) بەرجەستە كردووە، بەهێزترین هۆكارێكی ڕەمزیش لە فیلمەكەدا ئەو ئەسپەیە كە ناوە ناوە بە نێو ئەو یاریگا پڕ لە ماتەمیەدا رادەكاو دەحیلێنیٚ، جۆرێك لە زیندوویەتی ڕۆح و زیندوویەتی مێژوویی بە خەڵكەكە بەخشێوە كە لە نێو بازنەیەك لە چاوەڕوانی و بیٚ ئومێدیدا دەژین .**

**تێكەڵ كردنی هێما لە سینەمادا زۆر جاران شوێنی دیالۆگ دەگرێتەوە، ڕەنگە ئەوەی بە هێما بەرجەستە دەكرێت، ئەو هێزی بەرجەستە بوونە لەدیالۆگدا نەبێت، نەك هەر تەنها لە ئەسپەكە ئەو هێمایانە لە كۆترو لە كاسەكەو لە راكشاندنی تەرمی ئاسۆ لە نێو گۆڕەپانەكدا دیارە، دەرهێنەر**

دەیەوێت بلێت  ئێمە لەو گۆڕەپانەدا كە پارچەیەكە لە دڵی كەركوك، بە مردنیش ناچینە دەرەوە، كاتێكیش كە منداڵەكان كاسە براوەكە هەڵدەگرن و رادەكەن، سەركەوتن و برانەوەی كۆتایی دوای شەهید بوونی ئاسۆ  بە منداڵەكانی نەوەی نوێ دەسپێردرێت ..

ئەم خوێندنەوە هێمادارانە جوانن و بەڵام هەندێ پەراوێزی وێنەیی هەبوون خەریك بوو وێنەی هێماكان بشێوێنن، لەوانەش كاتێ تەرمی ئاسۆ دەهێندرێتەوە ناو گۆڕەپانەكە و لە نێو ئەو كارەساتە پڕ لە مەرگە ساتە (گۆڤار ئەنوەر) بێ ئەوەی خۆی بشێوێنی خۆی و ماتۆڕەكەی لە لاپەڕەیێكی گۆڕەپانەكە وەستاون دوور بە دووری تەماشای دیمەنەكە دەكەن !



**ستایل :**

دەرهێنەرانی ئێمە بە گشتی كاریگەرن بە ستایلی یەكتر و كەم لەوان خاوەنی مۆركی تایبەتی خۆیەتی لە ستایلدا، ئەوەتا بەهمەن قوبادی لە زەمانێ بۆ مەستی  ئەسپەكان) كەوتۆتە ژێر كاریگەری (تەختە رەش ) ی سەمیرە مەخمەلباف) و بینەر مەزەندەی ئەوە دەكات كە فیلمەكەی بەهمەن تەواوكەری فیلمەكەی سەمیرەیە، شەوكەتیش بێ ئاگایی خۆی بە هەمان شێوە  لە هەندێ حاڵەتدا بە تایبەت لە ستایلی كار كردندا دەكەوێتە ژێر كاریگەری بەهمەن، لە ئەنجامدا دەكەونە نێو جوغزێكی تەقلیدی كە نەتوانن لە ژێر كاریگەری ئەوی تریاندا دەرباز بن، هەر بۆ نموونەش زۆرینەی دەرهێنەرانی ئێمە دەیانەوێت سینەمای سیاسی پێشكەش كەن، بۆئەوەی لە فیستیڤاڵەكاندا سۆزێكی

نەتەوەیی بۆ خۆیان راكێشن ،كەچی زۆرینەیان دەرەقەتی ئەو بابەتە زەبەللاحانە نایەن كە هەڵی دەبژێرن و دەسەلآتی ئەوەیان نیە بە زمانی سینەما قسە لە گەڵ بینەردا بكەن، بۆیە ئەو پرسە نەتەوەییە گەورانەی هەمانە لە سینەمادا بچوك دەكرێنەوەو زۆر لە بەها سیاسییەكانی خۆیان لە دەست دەدەن، بێ ئەوەی ئەوە بزانین كە فیلمی گەورە بە مانای روداوی گەورە نیە، بەڵكو هێزی گەورە لە وێنەو زمانی سینەما دایە .

لەم فیلمەدا شەوكەت لە هەوڵی ئەوە دایە جۆرێك لە گۆڕان لەو جۆرە ستایلانەی پێشوو دروست بكات، كاتێ كۆمیدیا دەكاتە سیماییێكی ئەو گۆڕانە، ئەم شێوازەش وێڕای ئەوەی بواری ئەوە ناڕەخسێنێ بۆ بینەر كە بكەوێتە نێوەندی كەشوو هەواییێكی خنكێنەری تراژیدی لە نێو رووداوە تاڵەكاندا، لە هەمان كاتدا هونەرێكی گەورەیە دەرهێنەر بە كۆمیدیا بەرجەستەی تراژیدیا بكات، یاخود تێكەڵ بە یەكتریان بكات لە پێنناو هاوسەنگ راگرتنی ریتمی فیلم بە گشتی .

هەڵبژاردنی ئەكتەرێكی وەك ( گۆڤار ئەنوەر) یش وەك ئەكتەرێكی كۆمیدی شەفاف، بەرجەستەی زۆر لە ئامانجەكانی كردووە، بە هەمان شێوەش باڵی دووەمی فیلمەكە بە گشتی لەو منداڵە پەككەوتەیەدا كۆ دەبێتەوە، كە لە رووی نواندندا بەرەو لوتكە هەڵدەكشێ لە تراژیدیادا ، بۆیە ئاوێتە كردنی هەردوو شێوازی كۆمیدیاو تراژیدیا لە گەڵ یەكتردا بێ ئەوەی هاوسەنگی لە نێوانیاندا تێك بچێت، دیسان هەر بە لایەنێكی ئەرێنیانەی فیلمەكە دادەندرێت

**كارە هونەرییەكان :**

زۆر جاران فیلمەكانی خۆمانم بە زڕ فیلم دێتە بەرچاوی، چونكە بەدەست و دیدی هونەركارانی خۆمانە ئەنجام نادرێن، كەچی وێڕای هەموو ئەوانەش زۆر لەو كارانە بە تەواوەتی تێنوویەتی بینەر ناشكێنن ،هەر بۆ نموونە لە فیلمی ( شوێنێك بۆ یاری) كە لە لایەن وێنگرێكی وەك (سالم سەڵەواتی ) وێنەی گیراوە، ئەو وێنە گوزارشت كارو سرنج راكێشانەم نەبینی كە چاوی بینەر تێر كات و بەرجەستەیەكی قوڵی دیمەنەكان بكات، وێڕای ساردو سڕی كامێراو و سستی جولانەوەو درێژدادڕی لەدیمەنەكاندا، هەستم دەكرد زۆرینەی گرتەكان یا گشتی بوون یا ناوەندی، كەمتر گرتەی كلۆس و گوزارشت كارم دەبینی، ریتمی كامێرا بەگشتی لە گەڵ روداوەكاندا نەبوو، بۆیە زۆر لە دیمەنە

ئەكتیفەكان كە پێویستییان بە دیقەتی كامیرا هەبوو، لە بار دەچوون و كامێرا بەو دیمەنە مردووانە توانای بەرجەستەكردنیانی نەبوو، بەدەر لە هەندێ گرتەی وەك حاڵەتی خۆ كوشتنی منداڵە پەككەوتەكەو راكشانی تەرمی ئاسۆ لە گۆڕەپانەكە و دیمەنی ئەسپەكە لەناو یاریگاكەو چەند دیمەنێكی تر، موزیك لە فیلمەكەدا شوێنێكی دیارو كاریگەری ئەوتۆی نەبوو، ئەمە لە كاتێكا ئێمە بۆ زۆر رووداوی كاریگەرو درامی پێویستییەكی ئێجگار زۆرمان بە موزیك و موئەسیراتی دەنگ هەبوو، بە تایبەت لە دیمەنە بێدەنگەكاندا.

**ئەكتەرەكان :**

ئەكتەرە پاڵەوانەكانی فیلمەكە بە گشتی، بەرجەستەیەكی جوانی كەسایەتیەكانی خۆیان كردووە، لەوانەش شوان عەتوف ، رۆزان محەمەد، گۆڤار ئەنوەر، محەمەد حامید، بەڵام درك بەوە دەكرێت هەندێ ئەكتەر بەشێوەیەكی ناوازە و زەق خراونەتە نێو فیلمەكە، وەك ( ناسر حەسەن) كە لاسەنگێكی فیلمەكەی لاواز كردوە، یاخود دیمەنی هێنانی هێزە زەبەللاحەكەی پۆلیس كە هیچ پاساوێكی بۆ نەهێندراوەتەوەو تەنها بریتییە لە رێكلامێكی لاوازو رێچكەو شێوازی فیلمەكەی شێواندووەو كونجێك بە زۆری كراوەتەوە بۆ نیشاندانی عەمید سەرحەد و موجامەلە كردنی، ئەمانە هەندێ جار زۆر بە گران لە سەر ئاستی فیلمەكاندا دەشكێنەوە، یاخود دەبنە فاكتەر بۆ رووخانی.

## سێ فیلمی دەرهێنەر هونەر سەلیم

سێ فیلمی هونەرمەند هونەر سەلیممان لەو كتێبەدا هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی خوێندنەوەیەكی ڕەخنەییان بۆبكەین :

**1.فیلمی ڤۆدگا لیمون**

**.فیلمی كیلۆ مەتر سفر**

**3. فیلمی بیبەری شیرین**

هەر سێ فیلم هەر یەكەیان كۆمەڵێ خەسڵەتی تایبەتی و ئاستی هونەری و هزری جیاواز لە یەكتر بە خۆیانەوە هەڵدەگرن، ئێمە بۆ هەر یەك لەو فیلمانە هەڵسەنگاندنی تایبەتیمان كردووە و پەنجەشمان لە سەر جیاوازییەكان داناوە، بەڵام بە گشتی هونەر سەلیم نەیتوانییووە حاڵەتێكی سەقامگیر لە ڕاگرتنی ئەو ئاستانەدا دروست بكات، بەڵكو هەمیشە لە گۆڕان دابووە و مەودایێكی ئێجگار بەرفرەوان لە نێوان ئاستی فیلمەكاندا دەبیندرێ، كە هەندێ جار بینەر دووچاری گومان دەكات .

**فیلم : ڤۆدگا لیمون**

**سیناریۆو دەرهێنانی: هونەر سەلیم ،بە زمانی كوردی، رووسی، ئەرمەنی**

**نواندنی :رومین ئەڤینیان ـ لالاساركسیان ـ ئیڤان فرانیك ـ رۆزان سروییان ـ و چەند ئەكتەرێكی تر .**

**بەرهەمهێنانی : فرەنسی ـ سویسری ـ ئەرمەنی هاوبەش**



**من و هونەر سەلیم لە گفتوگۆیەكی  ڕوو بە ڕوو  لە مەڕ فیلمی ڤۆدگا لیمۆن**

هونەر سەلیم لە ئەوروپا بە چەند ئەزموونێكی سەرەتایی  دەستی پێكرد، وەك فیلمی ( بژی بووك و ئازادی كوردستان ساڵی **1977**، قاچاخچیانی هیوا، ساڵی**2002**،  تەنیایی ڕەها **2002**.

هونەر سەلیم لەڤۆدگا لیمۆندا سەربوردەی بێوەژنێك (نینا) و ڕەبەنێكی بە ساڵاچوو(هامۆ) مان بۆ دەگێڕێتەوە كە لە گوندێكی لاپەڕی ئەرمینیا دوای تێك شكانی یەكیەتی سۆڤیەتی جاران ژیان بە سەر دەبەن، لەو كەشو هەوا قەوقازییە شەختە بەندو ساردەدا كە بە تارای سپی بەفر داپۆشراوە، ئەو دوو كۆست كەوتووە، هەموو جارێ لە گۆڕستانی گوندەكەدا یەكتر دەبینن كە چەند كیلۆ مەترێك لە گوندەكەوە دوورە، هامۆ دوو ساڵێك دەبێت ژنە خۆشەویستەكەیماڵئاوایی لە دنیادا كردووە، هەر جارەی بە تەنیایی و جلی ماتەمییەوە دەچێتە سەر گۆڕەكەی، تۆپەڵە بەفرەكانی سەر وێنەی ژنەكەی لە سەر كێلی گۆڕەكەی بە ئەسپایی لادەبات، بۆ ئەوەی بە بینینی وێنەكەی كەمێك فەرامۆشی بە دڵە خامۆشەكەی خۆی ببەخشێت، (نینا) ش بەهەمان شێوە بە جلی ڕەشی ماتەمییەوە، هاوكات لە گەڵ ( هامۆ) ی ڕەبەن و تەنیا، بە بێ دەنگی لە سەر گۆڕەكە ڕوو دەنیشێ و سەیری وێنەی مێردە سەربازە كوژراوەكەی دەكات، لەو گۆڕستانە تەنیایەدا، كە تەنها ئەو ژن و پیاوە كۆست كەوتووانە دەگرێتە خۆی (نینا) دوور بە دووری و ناوە ناوە ئاوڕ لەو پیرەمێردە

خەمباره دەداتەوە، كه هەروەك زیندوویەك قسە لەگەڵ ژنە مردووەكەی دەكات و نامەی كوڕەكەیانی بۆ دەخوێنێتەوە، كه چۆن گوندی جێ هێشتووە و ئێستا لە هەندەران لە شاری پاریس دا دەژیت، ناوە ناوەش خۆی بۆ ناگیرێ و بە هێمنی دەگری و دەیەوێت حەسرەتەكانی خۆی بە هەڵڕشتنی چەند دڵۆپە فرمێسكێ هەڵڕێژێ، یاخود زەردەخەنە وەك شنەبایێكی ناوەختە بەسەر روخساریدا هەڵدەكات و سەراپای دەم و چاوی داگیر دەكات و شنەبای زەردەخەنەكانی ئاوێزانی شەپۆلی فرمێسكەكانی دەبێت، ئەو دوو بنیادەمەی گۆڕستانەكە هەموو جارێك بێ ئەوەی قسە لە گەڵ یەكتردا بكەن بە یەكەوە دێنە سەر گۆڕستانەكەو بە یەكەوەش بە سواری كۆنە پاسێك دەگەڕێنەوە شار كە لە زۆربەی گەڕانەوەكاندا هەر ئەو ژن و پیاوە هەڵدەگرێ ..

لە نێو ئەو رووداوە لە سەرخۆو ریتم هێورو هێمنانەدا كە بێجگە لە بڕە بڕی دەنگی پاسەكە نەبێت، هیچ بزووتنەوەیەكی دیكە بە روخساری ئەو ژیانە خامۆشەوە نابینی كە ئەوانی تێدا دەژیت، بینەر چاوەڕوانی ئەنجامێك دەكات، رەنگە مەزەندەی ئەوەی لە لا گەلاڵە بێت، كە بێ شك ئەو كەشو هەواو رووداوە هێورانە ئێستا نا ئێستا بەرەو ئاكامێكت دەبات، ئەو چاوەڕوانیە چێژێكی دەروونی بە بینەر دەبەخشێت كە نەتوانێت دووچاری سارد بوونەوە بێت، درك بەوە دەكات كە رووداوەكان، دیمەن دوای دیمەن بەرەو هەڵچوون دەچن و چێژی بینەریش لە چاوەڕوانی رووداوەكاندا لە زێدە بوون دا دەبێت.

دەرهێنەر هەوڵی داوە پێناسێكی وردی ژیان و رابووردووی پاڵەوانەكانی خۆی بكات، بە تایبەت كارەكتەرە سەرەكییەكانی، ئەوەتا بینەر ئاشنا بەوە دەبێت كە پیرەمێرد جاران عەسكەرتارێكی سوپای سوور بووە، بەڵام پێش چەندساڵێك خانەنشین كراوە، كە تا ئەو ماوەیەش جلە سەربازییەكانی هەر مابوون تا ئەو رۆژەی دەست كورتی و نەداری بە شێوەیەك تەنگی پێ هەڵچنی كە ئەستێرەكانی سەر شانی فڕی بداو بە نرخێكی هەرزان بیانفرۆشێ، تەنانەت ئەو بارە ناهەموارە وای لێكرد كە ماڵو هەندێ كەلو پەلی بەنرخی ماڵەكەشی بفرۆشێ، لەوانەش دۆلابی ماڵ كە هەموو رۆژێ بە پشتی خۆی بەدەم ئەو رێگە سەخت و دژوارەی بەفرەوە دەیباتە سەر شەقامەكە بۆ فرۆشتن، خەڵكیش مەزەندەی ئەوە دەكەن كە كوڕە پەناهەندەكەی لە دەرەوە كۆمەكی دەكات، بۆیە هەر كات تەلەفون دەكات، خەڵكەكە لە چاوەڕوانی ئەوە دان كە ئاخۆ كوڕە چ هەواڵێكی

دڵخۆشكەری پێیە بۆ باوكە كلۆڵەكەی ..كەچی هەموو جارێ پیرەمێرد چ لە تەلەفۆن و چ لە نامەكاندا خەونەكانی لە بار دەچن و هەناسە سارد دەبێت ..

بێوەژنیش (نینا) تەنها خۆی و كچێكی تاقانەی پیانوو ژەنی هەیە، ئەو خۆی لە كەشكێكی ڤۆدگا فرۆشتن دا لە سەر رێگای وێرانە دێیەكدا ڤۆدگا دەفرۆشێتە رێبواران و كچەكەشی لە هوتێلێكی شاردا بە نان و سك خزمەتكارە، بەلاّم موچەی دایكەكە ئەوەندە كەمە كە تەنانەت بەشی خۆی و كچەكەی و چوونە سەر گۆڕستانیشی ناكات، بۆیە چەند جارێك بە قەرز دەچێتە سەر گۆڕستان و پارەی پاسەكەی نیە، تا وای لێ دێت شوفێری پاسەكە لێی بێزار دەبێت و رێگەی پێ نادات سواری پاسەكە بێت ..بەلاّم دواتر (هامۆ) ی پیرەمێرد بە هانای دێت و بە بێ ئاگایی بێوەژن هەموو قەرزەكانی بۆ دەداتەوە، ئەم هەڵوێستەی هامۆن وا لە نینا دەكات كە زیاتر لێی نزیك بێتەوە و پەیوەندییان لەو كەشو هەوا ساردەدا گەرم بێت.



ریتم لەو ساتانەدا ریتمێكی ئاسایی نیە و بەڵكو ئاوێزانی رووداوو بزووتنەوەی كامێراو موئەسیراتی دیكەی دەنگ دەبێت، ئەو ریتمە پڕ لە نهێنیەیە وا دەكات كە وێڕای هێوری و لە سەرخۆیی رووداوەكان، بەلاّم بینەر لە كەشوو هەواییێكی شەختەبەندی فیلمەكەدا دەستی لە دیمەن و ئاوێتە

بوونی رووداوەكاندا بەرنەبیٚ، ئینجا ئەگەر رووداوەكان تراژیدی یا سووكە كۆمێدی بن، یاخود رۆمانسی وەك رۆمانسیەتی ڤۆدگا لیمۆن.

ئەوەتا ریتمی كامێرا لە دیمەنی سەرەتاییدا دەگاتە ترۆپ، كاتێ پیرەمێردێكی خاوەن ماتەم لە سەر پشتی قەروێلەیەكدا بەرەو گۆڕستان لێژ دەبێتەوە، بینەر لە گەڵ خۆیدا دووچاری دڵە راوكێ و سەر سوڕمان دەكات .

دەكرێ بڵێین هونەر سەلیم ستایلێكی تایبەت بە خۆی هەیە كە بە شێوازیكی زۆر سادەو ساكار، لە دنیاییێكی رۆمانسیانەی بێ گرێ هەوڵ دەدات ئەو وێنە سەرسوڕهێنەرانە نیشانی بینەر بدات، كە قولاٌییەكی مرۆیی لە دەروونیدا بەجێ دێڵن، لە هەمان كاتیشدا هزرێكی فەلسەفی بە خۆیانەوە هەڵدەگرن و بوارێكی بەرفرەوانیش بۆ خەیاڵی بینەر بەجێ دێڵن .. بەلاٌم لێ ناگەڕێ بینەر لە ناو گێژەنەیەكی نا واقعیدا بخولێتەوە وەك ئەوەی ژیانی سادەی نەتەوەیی و كولتووری ئەرمەنییەكان وەك خۆی نیشان بدات، راستگۆیی دەرهێنەر لە گەڵ واقیعدا لەوەدا بەرجەستە دەبێت كە نایەوێت ژیانی ئەوان بە شێوەیەكی رتوشكراو كە ل نیشاندا كە لەگەڵ سەردەم و باری سیاسی و كۆمەلاٌیەتی و رۆشنبیریی ئەواندا كۆك نەبێت، ئەگەرچی دەرهێنەر لە رووی جوگرافییەوە ماوەیەكی دوورو درێژی بەینە لە نێوان زێدی باوك و باپیرانی، بەلاٌم بە شێوەیەك ئاشنا بە ئەرمەنستەكانە كە بینەر مەزەندەی بۆ ئەوە بچێت كە ئەو دەرهێنەرە ئەوەندە شارەزای كولتوورو كەلەپوورو ژیانی ئەوانە وەك ئەوەی ئەو دەرهێنەرە ئەرمەنی بێت، خۆ ئەگەرچی دەرهێنەر دەسەلاٌتی ئەوەی نەبووە كە فیلمەكە بە تەنها زمانی كوردی بكات، بەلام توانیوویەتی كەشو هەواو كولتووری كوردی بە سەر پانتایی زەمینەی فیلمەكەدا زاڵ بكات ، كە بە دەر لە زمان بینەری كورد بە وێنەو روداوو دیمەنەكان لە فیلمەكەدا هەست بە بوونی خۆی بكات ، گەلانی دیكەش ئەو بۆچوونەیان لا گەلاڵە بێت كە ئەو فیلمە فیلمیكی كوردییە، بەمەش دەرهێنەر توانیویەتی پێناسێكی راستگۆیانەی ئەو گەلە بكات و خۆشی وەك دەرهێنەریكی كورد خۆی بە دنیا بناسێنێ .

زەمینەی بنەڕەتی فیلمەكەی لەسەر بەرجەستە كردنی هەاو مەرجی تەنگەتاوی ئابووری داناوە، ئەوەتا زۆربەیكەسایەتیەكانی دووچاری ژیانێكی كولە مەرگی كردووە، لە دیمەنێكا ئەوەمان نیشان

دەدات كە چۆن دۆلابەكەی پیرەمێرد دەدزرێ و دەڕفێندرێ، وا لە كچێكی تازە پێگەیشتووی وەك كچی بێوەژنەكە دەكات كە دوای دەركردنی دایكی لە كەشكە قۆدگاكە ناچاری ئەوە بێت، لەشی خۆی بفرۆشێتە خاوەن هۆتێلەكە، یان بێوەژن بۆ خۆ رزگار كردن لەو تەنگژە سەختەی برسیەتی ناچاری ئەوە بێت پیانووی كچەكەی بفرۆشێت كە بەلای كچەكەوە هەموو ژیانی بوو، تاقە سەلوایەكی ئەو بارە نائارامە دەروونییەی ئەو بوو، دەرهێنەر كاتێك دەتوانێ كاریگەری گەورەی لێك جودا بوونەوەی ئەو كچە لە گەڵ پیانووەكەی دا نیشان بدات، كە كچەكە لە ناو شەپۆلی فرمێسكەكانیدا دوا عەزفی ماڵئاوایی لە گەڵ پیانوویەكەی لێدەدا، ئینجا بە ماتەمی دەست لە پیانووەكەی هەڵدەگرێت كە بیبەن بیفرۆشن، هەر لەو دیمەنانەدا دەرهێنەر باری نالەباری ئابووری خەڵكەكەی نەدەدا، بگرە ئەوەشمان نیشان دەدات كە چۆن زۆر لە رۆڵەكانی ئەو گوندە بۆ نان پەیدا كردن ، روویان لە هەندەران كردووە، لەوانەش كوڕەكەی (هامۆ) بەلاَم وەك دەرهینەر نیشانی دەدا، ئەمەش رێگە چارەی رزگاربوونی خەلكی گوندەكە نیە بۆ رزگار بوون لەو بارە ناهەموارە، بەڵكو ئەوانیش هیچیان بە هیچ نەكردووە و نەیانتوانیووە خەونەكانیان بهیننە دی، دیوێكی دیكەی نەگەتیفیانە كە دەرهێنەر خستویەتیە روو: لایەنی شەڕە كە لە ناو خەڵكی گوندەكەدا دەردەكەوێت، لەوانەش رفاندن و دزین، دەست درێژی كردنە سەر كچی بێوەژنێكی وەك نینا قەستی كوشتن لە نیوان خزم و كەسوكاری یەكتری گوندەكە لە سەر پارە چەندین  حاڵەتی تر، بەلاَم لە گەڵ ئەوهەموو حاڵەتە تراژیدییەی پڕ لە مەرگەساتانەشدا دەرهێنەر هاوسەنگی و ریتمی درامی فیلمەكەی لە نێوانی تراژیدیاو سووكە كۆمێدیا، یان  لە نێوان رەشبینی و گەشبینی دا تێك نەداوە، ئەوەتا كە نینای بێوەژن دوای دەركردنی لەو كارە لە گەڵ كچەكەی فرمێسك هەڵدەرێژن، شەپۆلی زەردەخەنە هارمۆنیاییێك دەدەنە فرمێسكەكان و جوانییەك بە تراژیدیای فرمێسكەكانی دەبەخشێت .

دەرهێنەر فیلمەكەی لەسەر زەمینەیەكی خۆشەویستی بونیات ناوە، هەر تەنها خۆشەویستی سۆزداریشی نا بگرە خۆشەویستی بۆ ژیان كە بەردەوامی بەژیان دەداو لای ئەو هەتا ئەو كاتەش كە نینا مێردەكەی لە گۆڕ دابوو هامۆ – ژنەكەی مردبوو، ئەوان لە خۆشەویستی مردووەكانیان جیا نەدەبوونەوەو مومارەسەی خۆشەویستییان لە گەل مردووەكانیاندا دەكرد، لە لای دەرهێنەر هیچ حاڵەتەپڕ لە مەرگەساتەكان كۆتاییان بە خۆشەویستی نەهێناوە، هەتا ئەگەر بنیادەم لە ویستگەكانی

دوا تەمەنیشی دابێت ، ناتوانێت بێ خۆشەویستی هەڵ بكات، بۆیە نینا ی بێوەژن و هانۆی پیرەمێرد سەرەتای خۆشەویستییەكی دیكە لە گەڵ یەكدا دەست پی ٚ دەكەنەوە، بەڵام خۆشەویستی دووەم خۆشەویستی یەكەم لە ناو دەبات، بە ئاشكراش دەرهێنەر ئەوەمان بۆ روون دەكاتەوە كە بۆشایی سێكسی فاكتەرێكی بنەڕەتیە بۆ ئەو حاڵەتە رۆمانسی و تراژیدییەی كە كاراكتەرە سەرەكییەكانی تێدا دەژیت، بە نەمانی ئەو بۆشاییەش بە هۆی بەستنی پەیوەندییەكی نوێ و دۆزینەوەی ئەلتەرناتیف بینەر درك بەوە دەكات كە ئەو حاڵەتە مرۆییە رۆمانسییە سۆزداریە نامێنێت، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە كە دوای دروست بوونی خۆشەویستی لەنێوان بێوەژن و پیاوە رەبەنەكە، جارێكی دیكە هیچ لەوان بیری مردووەكانیان ناكەنەوە.



هونەر سەلیم زەمەنیشی لە پاڵ دیاردەكانی تری فیلمەكە كردووە بە هێما بۆ خوێندنەوەی رووداوەكان، ئەوەتا هەر بۆ نموونە سەراپای وەرزی فیلمەكە زستانە، تەنها كۆتاییەكەی نەبێت كە بەهارەو هێمای دەست پێكردنەوەی ژیانێكی نوێیە، ئەو بەهارە كۆتایی بەرۆژانی بەستەڵەكی تەنیایی و بێ ئەومێدی دێنێ و دەبێتە دەستپێكی وەرزێكی نوێ ی خۆشەویستی، بۆیە دەرهێنەر لە چارەسەر كردنی دراماییانەی فیلمەكە دەگاتە تروپكی داهێنان، كاتێ هامۆی رەبەن و نینا ی بێوەژن بڕیار دەدەن كەپیانووی كچەكە نەفرۆشن، لەدیمەنێكی سیحراوی دا هەردوكییان لە بەردەم پیانووەكەدا دادەنیشن و بەدەم ئەو گۆرانییە دەڵێنەوە كە جاران بەدەم رێگەی چوونە سەر

گۆڕستان، شوفێری پاسەکە بۆیانی دەچڕی و ئەوانیش لە گەڵیدا هەستی خۆشەویستی و خۆش ویستنی ژیانیان لە لادا سەر لە نوێ چڕۆی دەکردەوە

## كیلۆ مەتر زیرۆ

پارساڵ فیلمی ( ڤۆدگا لیمۆن) ی هونەر سەلیمم بینی، بەوە شاگەشكە بووم كە ئێمەش دەرهێنەری سینەمایی ئەوتۆمان هەیە، دەسەڵاتو ئەزموونی لەدەرهێنەرە جیهانییەكان كەمتر نەبێت، ئەم بۆچوونەم بەرامبەر بە سینەماكارێك لەسەر ئەوە بونیات نابوو، كە هونەر لە ساڵی **1980** وە تاوەكو ئەمڕۆ، لە وڵاتانی وەك ئیتاڵیاو فرەنساو ئەرمینیا لە گەڵ سینەمادا هەڵسوكەوت دەكات، لەو ماوەیەشدا چەندین فیلمی بە بەرهەم هێناوە كە دواترینییان فیلمی ( كیلۆمەتر زیرۆ ) بوو كە بەشداری فیستیڤاڵی (كان) ی سینەمایی كرد .

هەمیشە لە چاوەڕوانی ئەوە دابووم ئەم فیلمە، ئەگەر لە ئاستی (ڤۆدگا لیمۆ) بەرزتر نەبێت، لەو ئاستە نزمتر بێت، بەڵام كاتێ فیلمەكەم بینی و مەزەندەكانم سەرەو ژێر بوون، ناچاری ئەوەش بووم كە گومان لە ڤۆدگا لیمۆش بكەم، كە مەودایەكی ئێجگار فرەوانیان لەبەینی داهەبوو، ئەوە جگە لەوەی هەر دەرهێنەرێك ستایلی تایبەتی خۆی پێوە دیارە چەند ئەوەندەی هەوڵی گۆڕنكاری بدات لە فۆرم.

**بۆچی كان ؟**

ڕەنگە ئەمە پرسیارێكی ڕەوا بێت كە بینەرێكی هوشیار دوای بینینی ( كیلۆمەتر زیرۆ) پرسیاربێك بكات و بڵێ، ئەی چۆن ئەو فیلمە گەیشتە كان؟ بەڵام ئەوانەی ئاگایان لەوە هەیە كە ئەمڕۆ سینەما بۆتە چ كارتێكی سیاسی بۆ گەلان و حزب و لایەنە دوو بەرەكەكان، ئەوە دەزانن كە سینەما لە فیستیڤاڵە سینەماییە جیهانییەكان چۆن بۆتە پارچەیەك لە سیاسەت و لەسەر كۆمەڵێ بنەمای تایبەت هەڵدەسەنگێنرێت، بۆیە لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی پێشبڕكێی فیلمەكان زەین بدە ئەنجامەكان و

ببینە دابەشكردنی خەڵاتەكان زۆر جاران بە پێچەوانەی هەموو پێوەرو پێشبینیەكان دەردەچن، ئەوەتا پارساڵ هەموو پێشبینییەكان بەرەو ئەو ئاقارە دەچوون كە فیلمی (فڕۆكەوان) ی دەرهێنەر ( سكورسیزی ) خەڵاتی یەكەمی ئۆسكار بە دەست بێنێ ، كەچی دواتر فیلمی ( كیژۆڵەیەك بە یەك ملیۆن دۆلار) ی دەرهێنەر ( كلینت ئیستۆرد) خەڵاتی یەكەمی بە دەست هێنا، ئەمساڵیش هەموو پێشبینیەكان لە كان بە ئاراستەی فیلمی (شەڕی ئەستێرەكان) ی جۆرج لۆكاش بوون، كەچی هەموو پیشبینیەكان پوچەڵ بوونەوە و دوو برای چیكی خەڵاتەكانیان بەركەوت.

ئێمەی كوردیش دڵمان بەوە لێی دەدا كە خەڵاتێكمان بەركەوێت، كەچی بەشداربوونمان بە فیلمی ( كیلۆمەتر زیرۆ) ئەو خەڵاتە بوو كە فرەنسا بە ئێمەی بەخشی وەك گەلێكی چەوساوەی دنیا، كە ئەمڕۆ دەیەوێت ژیان دەست پێ بكاتەوە و بە سینەما خۆی بە دنیا بناسێنێ .

وەزیری رۆشنبیریی فرەنسیش لەو پێودانگەوە خەڵاتی (شوفالیا) ی بە هونەر سەلیم بەخشی، وەك رێزلێنانێك لەو نەتەوەیە كە رۆژێ لە رۆژان لە سالانی 1988 كەوتە ژێرزەبرو زەنگ و پەلاماری رژێم، فرەنسا لەو كاتەدا كۆمەكی رژێمی عیراقی دەكرد لە هەڵمەتی قاتو قڕ كردنی كورد، بۆیە ئەم خەلاتە بە مانای لێبوردنێكی هونەریی فرەنسایە بەرامبەر بە هەڵوێستە چەوتەكانی ئەو كاتە .

**گونالد دویندوك** - ی وەزیر لە كاتی بەخشینی خەڵاتەكەی گوتی: هونەر سەلیمی هونەرمەند لە وڵاتێكەوە هاتووە كە لە كاتی خۆی بە پێی رێكەوتننامەی (لۆزان) وڵاتەكەی دابەشی چوارپارچە كراوە، ئەویش كوردستانە، ئێمە ئەمڕۆكە رێزی لێ دەنێین لە بارتەقای ئەو خزمەتەی پێشكەش بەو وڵاتە پارچە پارچە كراوەی خۆی كردووە . هونەر سەلیم خۆشی لە پەیوەندییەكی تەلەفۆنیدا لەگەڵ (جەزیرە نێت) گوتی: ئەو خەڵاتەی كە پێشكەش بە من كراوە هیچ پەیوەندییەكی بە فیستیڤاڵی (كان) ەوە نیە، بەڵكو رێزلێنانێكە لەو چالاكییە رۆشنبیریی و هونەرییانەی كە من لە ساڵانی رابووردوودا لە وڵاتی فرەنسادا نواندوومە .

هەموو ئەمانە بەڵگەی ئەوەن كە پرسی سیاسی رۆڵی خۆی دەبێنیت لە نرخاندنی ئەو فیلمەو بەشداری پێ كردنیان لە فیستیڤاڵەكان و ئەنجامەكانیشیان، جگە لە پرسی سیاسیش ئەوەشمان لە بیر نەچێت كە نیوەی بەرهەمهێنانی فیلمەكە فرەنسییە، دیارە ئەمەشیان دیسان فاكتەرێكی دیكەیە

بۆ پالآوتنی فیلمەكە بۆ (كان) رەنگە هەموو ئەمانە كاریگەریی خۆیان هەبووبێ لە گەیشتنی هونەر سەلیم بۆ (كان).

من پێم وایە ئەگەرچی كیلۆ مەتر زیرۆ گەیشتە كان، بەلآم ڤۆدگا لیمۆن بۆ هونەر بوو بە مایەی ئەو ناوداریەتی و پلەو پایەی كە لە جیهانیی دەرەوەدا دەنگی دایەوە، چونكە فیلمەكە لە ئاستێكی جیهانیی ئەوتۆ دابوو كە بە هەقیقەت لە دەسەلآتی دەرهێنەرێكی سینەمایی جیهانیی بچێت .

ئێستاكەش كە بینەر هەردوو فیلم دەبینێت، روو بە رووی دوو حاڵەتی لە یەك نەچوو دەبێتەوە، یان ئاشكرا تر بڵێین ناهەقیان نابێت ئەگەر گومان لە (ڤۆدگا لیمۆن) بكەن، چونكە بە هیچ كلۆجێك بەراورد لە نێوان ئەو دوو فیلمەدا ناكرێت و ئاسمان و رێسمانیان بەینە، رەنگە ئەوەی من لەم پەراوێزەدا لە بارەی پرسیارو گومانی بینەردا دەیوروژێنم دواتر زەمەن خۆی وەلآمی بداتەوە، بە تایبەت لە بەرهەمەكانی ئایندەدا، ئایا رۆژێ لە رۆژان هونەر سەلیم دەتوانێ فیلمێكی دیكەمان لە ئاستی ڤۆدگا لیمۆن دا پێشكەش بكات ؟

**فیلمێكی بێ سیناریۆ :**

لە كیلۆ مەتر زیرۆ، دەرهێنەر چ بایەخێكی ئەوتۆی نە بە سیناریۆ نە بە دیالۆگ داوە، زێتر لە هەموو شتێ پشتی بە وێنە گرتن بەستووە، راستە كە زۆر جار وێنە لە سینەمادا دەبێتە ئەلتەرناتیفی دیالۆگ، بەلآم زۆر جارانیش سیناریۆو دیالۆگ نرخ و بەهای خۆیانیان دەبێت، هەر بۆ نموونە(مستەفا عەقاد) یەكێكە لەو دەرهێنەرانەی كە بایەخێكی زۆری بە سیناریۆو دیالۆگ داوە، بە تایبەت لە فیلمەكانی ریسالەو عومەر موختاردا، بەلآم ئەگەر هونەر سەلیم بە بیانووی وێنەوە ئەو بۆشاییەی لە فیلمەكەدا دروست كردبێت، ئەوە وێنەیەكی رەمزی یان تەعبیریی ئەوتۆمان لە فیلمەكەدا نەبینی كە بگەینە ئەو بڕوایە دەرهێنەر وێنەی هێمادار دەكاتە ئەلتەرناتیفی سیناریۆو دیالۆگ .



**زەمەن لە كیلۆ مەتر زیرۆدا :**

**دەرهێنەر زەمەنی فیلمەكەی خۆی دیاری كردووە كە ساڵانی 1988ی شەڕی نێوان ئێراق و ئێرانە، تاساڵی 2003 ی روخانی رژێم، بۆیە ناتوانێت لە چوارچێوەی ئەو زەمەنەدا دەرچێت، كە لێواو لێو لە رووداوی تراژیدی، بەڵام ئەو تەنها دەپرژێتە سەر دیمەنی ئەو سەربازانەی كەوا لە بەرەكانی شەڕدا دەكوژران و تەرمەكانیان بە ریز رەوانەی لای كەسوكارییان دەكرا، بەڵام لەنێو رووداوەكانی ئەو زەمەندا ئەو دیمەنە دیمەنێكی كاریگەرو نامۆو سرنج راكێش نیە و هەرگێزیش نابێتە مایەی وروژاندنی بینەر، بەردەوام بوونی دەرهێنەر لە سەر هەمان ریتم ناتوانێت بێبەش بوونی بینەر لە چێژ بشارێتەوە، بینەر لەوە ناگا كە بۆچی دەرهێنەر ئاوا بە ئاسانی لە سەر زەمەندا باز دەدات، وەك ئەو بازە ناوازەیەی هاوێشتی لە بوردومانكردنی گوندەكانی كوردستان .**

**كورد لە كیلۆ مەتر زیرۆ دا**

خۆ ئەگەرچی هونەر سەلیم بە ناوی كوردەوە چۆتە كان، كەچی ناوەرۆكی فیلمەكە پەیوەست بوونیكی ئەوتۆی بە پرسی كوردەوە نیە، بەڵكو لەوەندە زێتر باسی فرەنسا كراوە، بۆ خاتری ئەوەی بەشداری بەرهەمهێنانی فیلمەكەی كردووە، هونەر ڕێگەی بە خۆی داوە بپرژێتە سەر زەمەنێكی ئاوا كە گەورەترین كارەساتەكانی كوردی تێدا ڕوویداوە، لە هەلەبجەو ئەنفال و ڕاگواستن و دەیان كارەساتی تر ..كەچی دەرهێنەر بە هیچ شێوەیەك نەپرژاوەتە سەر ئەو ڕوداوانە و فەرامۆشی كردوون، ئێمە ناتوانین داوا لە دەرهێنەر بكەین باسی چی دەكاو باسی چی ناكا، بەڵام مادام زەمەنێكی ئەوتۆی هەڵبژارد ئەوە ناتوانێت چاوپۆشی لەو زەمەنەدا بكات، دەرهێنەر باس لە ڕوخانی سەدام دەكات، بەڵام باس لە هیچ ڕۆڵێكی كورد ناكات لە ڕوو بە ڕووبوونەوەی ئەو ڕژێمەدا . ئەمەش هەم دیسان دەرهێنەر دەخاتە دەرەوەی پرسی نەتەوەیی دەرهێنەر و قۆزتنەوەی دەرفەت، بەلكو ئامانجی دەرهێنەر تەنها ئەوە بووە بە دیدێكی فرەنسی و بە خواستی فرەنسی كار لە فیلمەكەی دا بكات .

**پاڵەوانە داهێزراوەكان** :

پاڵەوانی فیلمەكە كەسەربازێكە كەسایەتیەكی لاوازو بێ دەسەلات و بێ هەڵوێستە، كە وێڕای ئەوەی زۆر ترسنۆك و بێ هەڵوێستە، هەرگیز نایەوێت هەڵوێستێك وەربگرێت، بەرامبەر بەو واقیعەی بڕوای پێ نیە، بۆیە بە درێژایی فیلمەكە بینەر درك بەوە ناكات ئەو سەربازە هیچ ڕەفتارێك نیشان بدات كە ئەو بڕوای بە ڕەتكردنەوەی ئەو واقیعە هەبێت، نەك هەر ئەو لە لایەن هیچ لە سەربازەكانی دیكەش بینەر شتێ نابینیت بۆنی ڕەتكردنەوەو یاخی بوونی لێ بێت . ئەمە وای كردووە كە فیلمەكە خاری بێت لە هەستی شۆڕشگێڕانە بەرامبەر هەموو ئەو مەرگەساتانەی خەڵك تێیدا دەژیت .

سەرباری ئەوانەش دەرهێنەر سووكایەتی بە هەندێك لەوان دەكات، بە تایبەت سەربازە كوردە قەڵەوەكە كە ئەفسەرێكی ڕژێم بە رووتی سەمای پێ دەكات، بەمە ئەو سەربازە كوردە دەكاتە گاڵتەجاڕو وا دەكات كە بینەری كورد بە خۆی پێبكەنێ ..

دەرهێنەر لە هیچ دیمەنێكدا هەڵوێستێكی جوامێرانەمان نیشان نادات ئەوە بسەلمێنێ كە ئەو میللەتە هەڵوێستێكی هەبووە لە قوربانی دان ، لە مەرگ نەترساوە بەرامبەر بە دوژمن، بۆ نموونە لە فیلمی

(عومەر موختار) پیرەمێردێكی بە ساڵاچووی بە دیل گیراوی لیبی  تف لە چەهرەی ژەنەراڵێكی ئیتاڵی دەكات، ئەو پیرەمێردە پێشتر دەیزانی كە ئەو

هەڵوێستە بەگران لە سەری دەوەستی، بەڵام ئەو لە نێوان مردن و سەر شۆڕی دا مردنی هەڵبژارد، بۆ ئەوەی بیسەلمینێ كە ئەو گەلە سەر بۆ داگیركەر شۆڕ ناكات .

**هەڵەی هونەریی :**

لە هەندێ دیمەندا دەرهێنەر هیچ پاساوێكی نیە، بۆیە كۆمەڵێ پرسیاری بێ وەڵام لای بینەر سەرهەڵدەدات، لەوانەش كەس لەوە ناگا كە بۆچی كاتێ سەربازەكە ئاڵاكە پێشێڵ دەكات و فڕ ێ ی دەداتە ناو سەندوقی تەرمەكە، بۆ جارێكی دیكە هەمان ئاڵا بە سەر تەمەكەدا دەداتەوە و دیسان بەڕێ دەكەوێتەوە ؟ یان كاتێ سەربازە ئیراقیەكان هەڵدەكوتنە سەر گوندێكی كورد نشین و ئەو لاوانە دەستگیر دەكەن كە لە سەربازی هەڵاتوون، چۆن دەرهێنەر هەمان ئەو سەربازە هەڵاتووانە دەكاتەوە سەرباز؟ ئایا نەدەكرا دەرهێنەر ئەو دوو گروپە لێك جودا بكاتەوە؟ یان بینەر ناهەقیەتی ئەگەر بپرسێت : ئەرێ پاڵەوانی فیلمەكە كاتێ لە گەڵ خەڵكی ناوچەكە دەستگیر كرا بۆ هەندێ لەوان بە سانایی گوللە باران كران، كەچی ئەو ئازاد كرا ؟ ئایا پاساو بۆ ئەو ئازاد كردنە چی بوو؟ لەكۆڕێكدا كە بۆ هەڵسەنگاندنی فیلمەكە كاتێ بینەرێك لە هونەر سەلیم دەپرسی بۆچی منداڵەكە (برای كچەكە) بە دیالیكتی سۆرانی قسەی دەكرد و كەچی خوشكەكەی و باوكەكەی دیالیكتی كرمانجیان هەبوو، وەڵامێكی زۆر سەیری دایەوە كاتێ گوتی: قەی چی دەكا خۆ خەڵكی ئەوروپا جیاوازی لە نێوان ئەو دوو دیالیكتەدا ناكەن. یان كاتێ ئەكتەرێكی وەك ئازاد دڵپاك گوتی: من لە تایتل ناوم هەیە، بەڵام لە فیلمەكەدا دەورم هەڵگیراوە، دیسان هونەر كەوتە هەڵەیەكی تر كاتێ گوتی: ئەوە خەتای من نیە، ئەو ژنەی مۆنتاژەكەی كردووە وایكردووە، بەڵام تۆ بڵێ ی لە سینەمادا كارێكی وا هەبێت كە دەرهێنەر ئاگای لە كاری مۆنتاژ نەبێت.

## فیلمی ولاتەكەم خاكی بیبەری شیرینە



لە نمایشێكی تایبەتیدا بۆ كۆمەڵێ كەسایەتی سیاسی و رۆشنبیریی و هونەریی و رۆژنامە نووسیی و ژمارەیەك لە میوانانی بیانی هونەرمەندی سینەماكار هونەر سەلیم دوا فیلمی خۆی بە ناوی :

My sweet pepper land

( ولاتەكەم .. خاكی بیبەری شیرین ) ی لە سینەمای فاملی مۆل لە هەولێر نمایش كرد، لەفیلمەكەدا كە لە سیناریۆو دەرهێنانی ـ هونەر سەلیم خۆیەتی، سێ تەوەری سەرەكی بۆ سیناریۆی فیلمەكەی هەڵبژاردووە، لەتەوەری یەكەمدا: كە نمایشی باری لاوازی دادوەری و پێشێڵ كردنی مافی مرۆڤە لە كوردستاندا، دەرهێنەر كات و شوێنی بە ئاشكرایی تێدا دەست نیشان كردووە و رووداوەكان دەگێڕێتەوە بۆ هەلومەرجی نا ئاسایی كوردستان، لە ماوەی 10 ساڵی رابووردووی دوای ئازاد كردنی كوردستان، كە تێیدا بە شێوەیەكی نا لۆژیكی و پڕ لە هەڵچوونی نا واقیعیانە، چەند دیمەنێك لە شلو شۆقی دادوەری لە كوردستاندا لە رووی پێشێڵ كردنی مافی مرۆڤ و سەرپێچی یاساو بێ دەسەڵاتی یاسا و گەمە پێكردنی بەرجەستە دەكات، لە رێگەی نمایشكردنی دیمەنی لە سێدارەدانی گوناهبارێك بە دزی كە لە سەر تەختەی هەڵبژاردنی ساڵی **2000** بە پەت هەڵدەواسرێت و دوای نەمردنیشی

چۆن بە چەند ئامرازو شێوازێكی وەحشی گەریانە ئەو گوناهبارە بە ئامرازێكی یاری كردنی وەك سەللە هەڵدەواسن ...

دەرهێنەر ئەو دیمەنەی بە شێوەیەكی كۆمێدی بەرجەست كردووە، بۆ ئەوەی خەڵكی بە شێوازی دادوەری و لاوازی یاسا لە كوردستان و دەسەڵاتەكەی پێ بكەنن، كە بێگومان ئەم سوكایەتی پێكردنە بە یاساو دادوەری كوردستان لە توی ّی فیلمێكی جیهانیدا كە لە چەندین فیستیڤاڵی جیهانیدا نمایش دەكرێت و زۆر لە گەلانی دنیا دەیبینن، جێی شانازی نیە لە رووی سیاسیەوە، بۆ دەرهێنەرێكی كورد كە بەو نمایشە نا واقیعی و نا دروستیە دوا كەوتووە، گەل و وڵاتەكەی خۆی بە دنیا بناسێنێ، كە رەنگە هەر بینەرێكی نامۆی كوردستان ئەو دیمەنانە ببینێ جیاوازییەك لە نێوان رژێمی سەدام و دەسەڵاتی ئەمڕۆكەی كوردستاندا بەدی نەكات ..

لە دیمەنێكی دیكەشداو لە گوندێكی دەورو بەری قەزای سۆران كاتێ پیاوانی حكومەت قاچاخچیەك دەگرن و دادگایی دەكەن، دەرهێنەر دیمەنێكمان لە دادگایی كردن نیشان دەدا كە رەنگە نەك هە ر تەنها ئەو شێوازەی دادگایی كردنە لە سەردەمی ئەمڕۆكەدا بوونی نیە بەڵكو پێش نیو سەدەش دادگای وا قەرەقۆشانە لە هیچ گوندو شارۆچكەیەكی كوردستاندا بوونی نەبووە كە دادوەرێك بە تاقی تەنیا لە ژوورێكاو بە ئامادەبوونی گەورەو بچووكی گوندێك بە جلی دادوەرییەوە دادگایی گوناهبارێك بكات و دواتریش بە تەنها ئاماژەیەكی ئاغایەك ئەو تاوانبارە ئازاد بكات، دەرهێنەر زێدە رۆییەكی زۆری كردووە لە نیشاندانی دەسەڵاتی دادوەری لە كوردستاندا، لە رۆژێكی وەك ئەمڕۆكەدا كە كوردستان بە تیكساسێكی جارانی ئەمریكا بشوبهێنێ و پیاوانی حكومەتیش لە شێوەی كاوبۆی و گاوانی مانگا نیشان بدات لە رووی جلو بەرگ و شەبقەو جبەخانەی پۆلیس خانە ...

ئەو بارانی پاڵەوانی فیلمەكەی بە شەریفەكانی تیكساس دەشوبهێنێ، كە روو دەكەنە ئەو شوێنانەی یاسای تێدا ونەو شەریف دەبێتە نوێنەری یاسا بۆ گرتنی چەتەكان، ئەگەرچی دەرهێنەر لە دەستپێكی فیلمەكەی دا زەمەنی رووداوەكانی دیاری كردووە كە دەساڵی دوای ئازادی كوردستانە، بەڵام دەیەوێت ئەمڕۆی كوردستان بگێڕێتەوە بۆ سەردەمی دەرەبەگایەتی و لای ئەو تا ئێستاش لە ناوچە گوند نشینەكاندا دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی زاڵەو دادوەریش بۆتە ئامرازێك بە دەستی ئەو ئاغاو

دەرەبەگانەوە، یاخود قەستی ئەوە دەكا كە سستەمی حوكمڕانی بە سەردەمی حوكم رانی ئاغاو دەرەبەگەكانی رابووردوو بشوبهێنیّ كە بە زەبری هێز گەمە بە یاسا دەكەن.

هەموو ئەو دژایەتیە لە سەردەم و واقیعدا بۆ ئەوە دروست دەكات كە پاساوێك بۆ پیاوێكی حكومەت بڕەخسێنیّ، كە روو لە ناوچەیەكی دوا كەوتووی گوند نشین بكات بۆ ئەوەی لەویّ مل ملانیّ لە گەلّ سەرپێچی كاران لە یاسادا بكات و ریّ لە دیاردەی قاچاخچیەتی بە تریاك بگریّ، كە لە سنووری كوردستانی توركیاو ئێران و كوردستانی ئیراقدا باوە.

دەرهێنەر هەوڵی داوە بە چەند دیمەنێكی وەك شەڕی ئەسپێكی سپی و ئەسپێكی رەش و هەورە تریشقەو بروسكە هەلومەرجی ئەو دەوروبەرە ناجێگیرە، بە مل ملانێی هیزی خێر لە گەلّ هێزی شەڕ بەرجەست بكات، بەڵام هێزێكی بەرژەوەند پەرست بەو بازرگانییە نایاساییانە هەیە لەو ناوچەیە كە بە وێنەی ئاغایەكە هەرەس بەو ئەركە دێنیّ و تیایدا یاساو دەسەڵات لە هەمبەر هێزی شەڕدا شەرمەزار دەكات كاتیّ دادوەرێك خیانەت لە پیشەكەی خۆی دەكات و تاوانبارێك بە حەزی ئاغا بە بەرائەت ئازاد دەكات. كاتی خۆی بەهمەنی قوبادی لەفیلمی (زەمانیّ بۆ مەستی ئەسپەكان) زۆر بە تێرو تەسەلی و لە بەرگێكی سینەمایی دا پرسی قاچاخچیەتی لەو سنوورانەدا نیشان داوە، بەڵام وەك هونەر سەلیم سەركەشانە، تەنیا كەسێك و دووانی لاوازو بیّ دەسەڵاتی دروست نەكردووە بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەو دیاردەیە، بەڵكو هونەر ئەو لاوازی روو بە روو بوونەوەی قاچاخچیەتی تەنها بۆ سووكایەتی پێكردنی دەسەڵاتی دادوەری دروست كردووە .

تەوەری دووەم : ئافرەت لە كۆمەڵگای دووا كەوتوودا

دەرهێنەر لەو تەوەرەدا دیسان لە گەلّ زەمەندا روو بە روی هەڵەی زەق دەبێتەوەو باسی ئەو كچە ئافرەتە مامۆستایە (گۆڤەند) دەكات كە دەیەوێت وەك مامۆستایەك بچێتە گوندێكی سەر سنوور ،10 براكەی و باوكی لە بەراییدا ناڕازین بەو چوونە، بەڵام سوورِ بوونی كچەكە ناچاریان دەكا بە رازی بوون، كە دەچێتە گوندەكە لە رێگادا لە گەلّ ئەو بارانە ئاشنا بە یەكتر دەبن كە ئەویش بە سواری ئەسپ، قەستی هەمان گوند دەكات بۆ ئەوەی لەو گوندەدا بچێتە پۆلیس خانە..

**(جارێ ئەو فۆرمەی ئەو باسی دەكات بۆ پرسی چەسپاندنی یاسا بە هۆی شەریفێك بە ئەسپ و شەبقەو دەمانچی كوردستاندا، تەنیا لە تیكساس هەیەو هیچ پەیوەندی بە گوندەكانی كوردستانەوە نیە، بەتایبەت لەسەردەمی نوێ ی كوردستاندا، دەبوا دەرهێنەر چووبوایە تیكساس بۆ تۆمار كردنی فیلمەكەی و وروژاندنی پرنسیبی لە رێ لا دەرەكانی یاسا، بە هۆی ئەو پیاوە پۆلیسیە ناو شەریفە)**

لە رێگا كچەكە لە پشتی خۆی سوار دەكاو دەیگەیەنێتە گوندەكە، بەڵام كاتێ كچە مامۆستاكە دەچێتە گوند دەكەوێتە بەرتیری چاوی خەڵكێكی دوا كەوتوو كە هاتنی مامۆستایەكی ئافرەت بۆ گوندەكەیان بە نامۆ دەزانن (ئەمە لە كاتێكا چوونی مامۆستای ئافرەت بۆ گوندەكانی كوردستان لە هیچ زەمەنێكا حاڵەتێكی نامۆ نەبووە، نەك لە سەردەمی ئێستادا) لەوێ دەرهێنەر دەكەوێتە هەڵەیەك كاتێ كچەكە دەچێتە چایخانەی گوندەكە بۆ پەیدا كردنی شوێنی حەوانەی لەو شەوەدا كە پڕپەتی لە پیاوانی ئاغا، چایەچیەكە پێی دەڵێ شوێنی حەوانەوەی نیە، دەرهێنەر لەوەدا كەوتۆتە هەڵە كە چایخانە ئەگەر گریمان لە گوندێكی كوردستانیش دا هەبێت كە نیە، خۆ هوتێل نیە تا كچە مامۆستاكە داوای پەیدا كردنی شوێنی حەوانەوەی لێ بكات، ئیدی لەو ساتەوە كچەكە دەكەوێتە ململانێ لە گەڵ داب و نەریتی كۆنی گوندەكە كە خۆشەویستی تێدا حەرامە، لەم پێناوەشدا دووچاری ئەشكەنجەو ئازارێكی زۆر دەبێتەوە، بە تایبەت كە ئاغا دەزانێ پەیوەندی لە گەڵ ئەو پیاوە هەیە كە ناوی بارانەو نێردراوی حكومەتە بۆ چەسپاندنی یاسا، ئیدی دەرهێنەر لە رێگەی باران هەوڵی چەساندنی یاساو لە رێگەی گۆڤەند هەوڵی رووبەڕوو بوونەوەی جەهل و دوا كەوتنی زانست و مەعریفە دەدات .. هەردوو هێز دەكاتە یەك هێز بۆ روو بە روو بوونەوەی هێزی شەڕ، مەبەستیشی لە بەكارهێنانی ئەسپی سپی و ئەسپی رەش ململانێی شارستانیەتە لە گەڵ كوێرەوەری و نەزانین و ململانێی تاریكی و رووناكی و خێرو شەڕ بەرجەستە بكات.

لە چوارچێوەی ئەو رووداوانەدا خۆشەویستییەكی شاراوە و رۆمانسیانە لە نێوان كچە مامۆستاكە( گۆڤەند) و پیاوەكەی حكومەت ( باران ) دروست دەكات، كە كەسو كاری كچە بەمە دەزانن هەڵ دەكوتنە سەری بۆ گەڕاندنەوەی گۆڤەند، بەڵام گۆڤەند دەست بەرداری گوندەكە نابێت لە بەر باران و منداڵە قوتابیەكان، بۆیە یاخی دەبێت و لە ئاكامدا تەوقەكە دەشكێنێ و خۆی لە ئامێزی باران دەئاڵێنێ و لە گەڵیدا دەخەوێ. دەكرێ بڵێین كە هونەر سەلیم لەو رووداوانەشدا دیسان هەر لە گەڵ

سەردەمدا لێك جودا دەبنەوە و دەگەڕێنەوە بۆ زەمەنێكی دووری رابووردوو، چونكە هوشیاریی كۆمەڵایەتی لە گوندەكانی سەر سنووریش گۆڕاوەو ئێستا زۆرینەی ئەو گوندانە بە شێوەیەكی ئاسایی ئافرەتی مامۆستایان تێدایەو هەرگیز نەبۆتە حاڵەتێكی نامۆ، لە رووبە ڕوو بوونەوەی ئەوانەش كە خوازیاری زانست نین ئەوە ناسر حەسەن لە زنجیرەی ژاڵەو مامۆستاییێكی وەك جیهاد دڵپاك ئەو پرسەی بە شێوازێكی دراماتیكی قول دركاندووە، كە زۆر جوانترو كاریگەرتر بێت لەوەی هونەر سەلیم بەرجەستەی كردووە، بەڵام ناسر حەسەن ئەو زەمەنەی گەڕاندۆتەوە بۆ ساڵانی شەستەكان نەك ئێستا .

هەر هونەر سەلیم ئافرەتیشی وەك جەنگاوەریش نیشان داوە كە لە شێوەی گەریلاكانی پەكەكە لەو سنوورانەدا بۆ دەرمان و چارەسەری بریندارەكانیان دەگەڕێن كەچی لەم پێناوەدا روو بە رووی ململانێ دەبنەوە لە گەڵ هێزی شەڕ و لە ئەنجامدا ئەو هێزی شەڕە نە بە هۆی گۆڤەندی زانست خوازو نە بە هۆی بارانی یاساخواز لە ناو دەبرێ بەڵكو بە هۆی ئەو گەریلا ئافرەتانە قاتوقڕ دەكرێن ..دەرهێنەر دەیەوێت بڵێت : بە یاسایەكی شلۆق كە باران نوێنەرایەتی دەكاو بەزانست خوازێكی ئافرەت كە گۆڤەند نموونەیەتی هێزی شەڕ لەو ناوچەیەدا لە ناو ناچێت، بەڵكو ئازادی لە دەستی ئەو گەریلا ئازادی خوازانە دەستە بەر دەكرێت ...لە مەشدا دیسان هەر دەرهێنەر چارەسەرێكی كارتۆنی بۆ رووداوەكان دروست كردووە ، كاتێ زۆر بە سووك و سانایی ئەو هێزە شەڕخوازو جەهل خوازانە لە ئان و ساتێكا كۆتایی پێ دێنێ و فیلمەكە لە رەوتێكی واقیعییەوە دەگوازێتەوە بۆ رەوتێكی خەیاڵی كە بۆ چارەسەری درامی لە فیلمە هیندییەكان بچێت

**تەوەری سێیەم : تەوەری خۆشەویستی**

دەرهێنەر ویستوویەتی لەگەڵ نمایش كردنی كەشو هەواو سروشتی كوردستان چیرۆكێكی خۆشەویستی دروست بكات لە نێوان باران و گۆڤەند.. ئەو خۆشەویستی دەخاتە بەرگێكی رۆمانسی و نهێنی، بەڵام لە كۆتاییدا كۆت و پێوەندە كۆمەڵایەتیەكان و دابو نەریتە تەقلیدییەكان دەشكێن و هەردوو یاخی بوو ئاوێزانی یەكتر دەبن وەك یاخی بوونێك لە سەردەم و دەرهاوێشتەكانی سەردەم، تا ئێرە دەرهێنەر چارەسەرێكی درامی گونجاوی دانا بۆ روو بە روو بوونەوەی ئەو هەلو مەرجە

تەنگەتاوە كۆمەڵایەتیە، بەڵام زێدە ڕۆیی لەوەدا كرد كە سنووری قودسیەتی ئەو خۆشەویستیەی بەزاندو تێكەڵ بە پرسێكی سێكسی كرد، بەمەش هێزی یاخی بوونەكەی لاواز كردو شەرعیەتێكی دایە كۆمەڵگا لە دانانی هەندێ سنووری كۆمەڵایەتی.

**هونەر سەلیم ستایلی جێگیریی نییە**

وێڕای ئەوەی هونەرمەند هونەر سەلیم وەك دەرهێنەرێكی سینەمایی كورد هەر لە یەكەم ئەزموونی سینەمایی خۆی فیلمی كۆمێدی فرەنسی ( بژی كوردستان) ساڵی 1966 لە فەرەنسا تا ئێستا لە چەندین فیستیڤاڵی نێو دەوڵەتی سینەماییدا بەشداری هەبووە و چەندین خەڵاتی بە دەست هێناوە لەوانە ساڵی 2003 خەڵاتی(سان ماركۆ) لە فیستیڤاڵی نێو دەوڵەتی فینیسیا، هەروا فیلمی كیلۆمەتر سفر خەڵاتێكی لە فیستیڤاڵی كان وەرگرت، وێڕای فیلمەكانی دیكەی ( شێرۆ 1997) ( لە پشت خەونەكانەوە 1999) خەڵاتی لیژنەی هەڵسەنگاندنی لە حەوتەم فیستیڤاڵی ئەبو زەبی لە فیلمی مای سویت بیبەر لاند 2013، چەندین خەڵاتی دیكەی سینەما لە چەندین فیستیڤاڵی تر، بەڵام دەتوانین لەم فیلمەدا بگەینە ئەو بڕوایە كە نەخێر تا ئێستا وەك زۆر لە دەرهێنەرە سینەماكارەكانی تر هونەر ستایلێكی جێگیری نیە كە وەك بەهمەن تایبەت بە خۆی بێت، بەڵكو هەمیشە لە گۆڕان دایە، ئەو گۆڕانە لە ڤۆدگا لیمۆن، كیلۆ مەتر سفر، وڵاتەكەم و ئەوانی تریش هەر یەكەو بە شێوازێك و بە ئاستێكە، ئەم نا سەقامگیرییە لە ستایلدا گەلێك هۆكاری خۆی هەیە، زۆر جاران كاریگەری ئەو وڵاتەی لە سەرە كە فیلمەكەی لێ دێتە بەرهەم، یاخود كاریگەری لایەنی بەرهەم هێنان و شوێن پەنجەی هەندێ دەرهێنەری بیانی بەسەر بەرهەمەكانی هونەر وەك كاریگەری بەرهەم هێنەرە ئەرمینییەكان لە ڤۆدگا لیمۆندا، دروست بوونی ستایل لای دەرهێنەرەكان دەگەڕێتەوە بۆ كاریگەر بوونی هەر دەرهێنەرێك بە دەرهێنەرێكی دیكە كە لە كاریكی هاوبەشدا پێك دەگەنەوە، وەك كاریگەری شوێن پەنجەی سەمیرە مەخمەلباف بەسەر موحسین مەخمەلباف، یا كاریگەری بەهمەنی قوبادی بەسەر فیلمەكانی سەمیرە مەخمەلباف و ئەزموونی هاوبەشییان لە فیلمی تەختە رەش ..

لە نێو هونەرمەندە سینەماكارەكانی كورد دەتوانین بڵێین بەهمەنی قوبادی توانیویەتی ستایلێكی تایبەت بە خۆی دروست بكا، كە پشت دەبەستێت بە وێنەو گرتەی درێژو ئەكتەری سەرشەقام و

سیناریۆ، بۆیە فیلمەكانی قوبادی لە هەر شوێنێكدا بن ناسنامەی خۆیانە لە گەڵ دایە هونەر سەلیمیش لەو دەرهێنەرانەیە كە ئەوەندە بایەخ بە تێكستی سینەمایی نادەن و پشت بە سیناریۆ دەبەستن، لە رەحمی ئەو سیناریۆیەدا هەندێ رووداو دروست دەكەن لە دەوری وێنەدا، بۆیە هەست بەوە دەكرێت كە دیالۆگ لەو فیلمانەدا زۆر لاوازە و لە دایك بووی لەحزەن و ناتوانن كاریگەرییەكی هزری دروست بكەن، دەرهێنەرانی ئێمە بە گشتی لەوانەش هونەر سەلیم پێیان وایە سینەما یانی وێنەو بەس، لای ئەوانە هەمیشە وێنە دەبێتە ئەلتەرناتیف بۆ دیالۆگ، كەچی لە ئەزموونی دیارترین دەرهێنەرە جیهانییەكان ئەگەر دیالۆگ بەقەوارەو ریتمی هاوسەنگی خۆی بەرجەستە بكرێت، ئەوە چێژی دیالۆگ لە چێژی وێنە كەمتر نیە، بۆیە زۆربەی شانۆگەرییەكانی شكسپیرو رۆمانەكانی ماركیزو زۆرانی دیكە دەكرێن بەفیلمی سینەمایی ،هونەر سەلیم لە زۆربەی فیلمەكانیدا دیالۆگی تێكەڵاو بەكار دەهێنێ، واتە هەر ئەكتەرێك و شێوەزارێكی جیاوازی هەیە، ئەمە تا رادەیەك پاساوی خۆی هەیە، بەڵام كاتێك پاساوی بۆ نابێت كە دایكێك بەجۆرە دیالیكتێك بئاخەڤی و كوڕەكەشی بە یەكێكی تر، وەك لە چەند دیمەنێكی نێوان باران و دایكی دا دەردەكەوێت، كە یەكێكییان بە كرمانجی و ئەوی دیكەیان بەسۆرانی، من پێم وایە هۆكاری دروست بوونی ئەو ئەشكالیەتە لەوە دایە كە هەندێ جار دەرهێنەر ناتوانێ ئەو ئەكتەرانە لە بەرهەمێكدا كۆ كاتەوە كە یەك شێوە زارییان هەیە، بەلای ئەوەوە شێوەی ئەكتەرەكان و لێوەشاوەییان لە گەڵ دەورەكانیان لە شێوە زاریە كانیان گرنگترە، هەر لە پەراوێزی دیالۆگدا و لە دیالۆگی ئەكتەری سەرەكی فیلمەكەدا (گۆڤەند) بینەر هەستی بە سەختی دركاندنی دیالۆگەكان دەكرد لە كاتی ئاخافتن و دەیزانی كە ئەو ئەكتەرە فارسەو فێری دیالۆگی سۆرانی كراوە، بەڵام نەیدەتوانی وشەكان وەك پێویست بدركێنێ، ئەمەش لەنگیەكی بۆ دیالۆگەكانی گۆڤەند دروست كردبوو، كەچی دەرهێنەر چاوپۆشی لێ كردبوو، لە دوا فلمیدا (هونەر ) هەندێ جار دیالۆگی خیتابیش بەكار دەهێندرێ كە راستەوخۆییەكی زۆری پێوە دیارە، بە تایبەت لە دیمەنی لە سێدارە دانی تاوانبارەكە، ئەم خیتابیەتە چێژ لە وێنەو گوزارشتەكانی وێنە دەكوژێ و لە دەسەلاتی دەرهینەر بۆ نواندن و وینە كەم دەكاتەوە

**ئەكتەرەكان**

یەکێك لە فاکتەرەکانی بە هاوسەنگ ڕاگرتنی فیلمەکانی هونەر سەلیم شارەزا بوونییەتی لە هەڵبژاردنی ئەکتەرەکانیدا، بۆ هەڵبژاردنی پاڵەوانی سەرەکی فیلمەکانی هەمیشە بە دوای روخساری نامەئلوف دەگەڕێت، کەمتر پشت بە ئەکتەرەکانی کوردستان دەبەستێت بۆ رۆڵە سەرەکییەکان، بەڵکو هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدات کە توانست و جوانیی و نازناوی هەندێ ئەکتەر بۆ فیلمەکانی خۆی تەوزیف بکات و بە هۆیەوە هێزێکی نادیار بە فیلمەکانی ببەخشێ ، بە تایبەت لە سیەنەمای جیهانیدا، لە فیلمی وڵاتی من و بیبەری شیریندا ئەکتەری فرەنسیو بە ڕەسەن ئێرانی (گوڵشەفتە فەرهانی ) هەڵبژاردووە وەك یەکێك لەپاڵەوانە سەرەکییەکانی بۆ رۆڵی (گۆڤەند) ی مامۆستای قوتابخانەی گوندێکی دوورە پەرێزی کوردستان، گولشەفتە کچی ئەکتەرو دەرهێنەری ناسراوی ئێرانی بەهزاد فەرهانییە و لە سەر دەستی ئەو فێری کاری نواندن بووە، ئەو تەمەنی سی ساڵەو تا ئێستا لە چەند کارێکی سینەماییدا کاری کردووە، لەوانە فیلمی پارچەیەك لە درۆو فییلمی گولایی کە تێیدا خەڵاتی باشترین ئەکتەری لە فیستیڤاڵی فەجری ئێرانی بە دەست هێناوە، وێڕای کار کردنی لە چەند شانۆگەرییەکدا .

ئەکتەری دووەمی سەرەکی(**قورقماز ئەرسەلان**)ە کە کوردێکی وڵاتی تورکیایە و نیشتەجێی ئەڵمانیایە، دەرچووی ئەکادیمیای شانۆیە، لەچەند فیلمێکدا بەشداری هەبووە، لەوانە مەقادیشیۆ کە ساڵی 2008 لە تەلەفزیۆن نمایش کراوە، هەروەها فیلمی پاشای لمەکان، هاوشان لە گەڵ ئەو دوو ئەکتەرە سەرەکییە چەند ئەکتەرێکی دیکەی کوردو فارس و تورك بەشدارییان لە فیلمەکە دا هەیە لەوانە: سوعات ئوستا، میر مراد بەدرخان، تاریق ئاکرەیی و چەند ئەکتەرێکی تر، ناشکرێت نکۆڵی لەوەدا بکەین کە تاریق ئاکرەیی وەك ئەکتەرێکی کوردستان رۆڵێکی کارای جوانی بینی بۆ بەرجەستە کردنی رۆڵی ئاغا، کە رەنگە شوێن پەنجەی ئەو لە نیو ئەکتەرەکانی تردا دیارو بەرچاو بێت، هەروا ئەم بەرچاویەی ئاکرەیی ئەوەش دەسەلمێنێت کە ئیمەش لە کوردستاندا ئەکتەری سینەمایی لێهاتوومان هەیە، لەوانەی دەتوانن بە زمانی سینەما هەڵسوو کەوت لە گەڵ کامێرادا بکەن.

**ستافی پرۆفیشنال**

هونەر سەلیم لە هەموو فیلمەکانیدا لە رووی وێنە گرتن و مۆنتاژەوە هەمیشە پەنا بۆ ستاف پرۆفیشنالی جیهانی دەبات، بۆیە لە رووی هونەری وێنە گرتن و مۆنتاژو دەنگ و دۆبلاژ کردنەوە، دە توانێت ئاستێکی باش نیشان بدات، فیلمی (وڵاتەکەم و بیبەری شیرین) کە ماوەکەی 100 خولەکە، لەلایەن فەرەنساو ئەڵمانیاو کوردستان بەرهەم هێنراوە، وێنەکەی لەلایەن وێنەگری ناسراوی فرەنسی (باسکال ئەفرای) وێنە گیراوە کە وێنەگرێکی کارامەی بواری سینەمایەو خاوەنی 13 فیلمە، لەو فیلمەدا بۆتە کۆڵەگەو بەشێکی زۆری راگرتنی ریتمی فیلمەکە بۆ هونەرو دەست رەنگینی ئەو وێنەگرە دەگەڕێتەوە، هەروا مۆنتاژی فیلمەکەش لە لایەن (جولییت هاوبوس) ئەنجام دراوە کە چەندین ئەزموونی لە سینەمای فرەنسی دا هەیە، ئەندازیاریەتی دەنگ ( میروسلاف بایتش )ە کە هونەرێکی گەورەی لە فیلمەکەدا بەرجەستە کردووە، بە تایبەت لە رووی بەکارهێنانی موئەسیراتی دەنگەوە ،بە گشتی ( وڵاتەکەم بیبەری شیرینە ) بە بەراورد لە گەڵ بەرهەمی پیشووتری هونەر سەلیم (کیلۆمەتر سفر) کە تێیدا هونەر سەلیم دووچاری شکستێکی هونەریی بوو، هەنگاوێکی باشتری ناوە، بەڵام تا ئێستاش نەیتوانیووە ئەزموونی ڤۆدگا لیمۆن دووبارە کاتەوە، کە وەك رێکەوتێك بووە لە ژیانی هونەریدا .

## كچی كافرۆش .. رۆمانسیەتێك دابڕاو لە سەردەم



### تەنیا كەریم .. یەكەم ئەزموون

دەرهێنەر (تەنیا كەریم) زێتر لە دوو ساڵ سەرقاڵی بەرهەم هێنانی فیلمی (كچی كافرۆشە)بوو، لەو ماوەیەشدا زۆرێك لە بینەران لە چاوەڕوانی ئەوە دابوون كە بەرهەمی ئەو هەموو پرۆپاگەندانە ببینن كە دەرهێنەر لە میدیاكاندا دەیوروژاندن، ئەوەتا لە ئاكامدا بەرهەمەكە لە دایك بوو، بینەرێكی زۆریش بەرهەمەكەیان بینی، ئیدی دەرهێنەر قسەی نەماو دوای نمایشكردنی فیلمەكە قسە بۆ بینەرو رەخنەگرەكان دەبێت.

لە بەراییدا دەبێ ئاگامان لەوە بێت كە ئەم بەرهەمە یەكەم ئەزموونی سینەمایی تەنیا كەریمە و پێشتر(تەنیا) دوورو نزیك هامشۆیەتی لە گەڵ كاری سینەماییدا نەبووە، بۆیە بڕیاردان لە سەر ئەوەی كە لە پڕێكا بتەوێت ببیت بە دەرهێنەرێكی سینەمایی رەنگە سەركێشییەكی سەخت و دژوار بێت و گەمەیەكی خەتەرناك بێت لە كاری هونەریدا .. چونكە نەك هەر تەنها دەرهێنەرێكی بێ ئەزموون، ئەگەری شكست هێنانی لە گەڵ هونەرێكی زەبەڵلاحی وەك سینەما نزیك بووە، بگرە

زۆرێك لە هونەرمەندە کوردە خاوەن ئەزموونەکانیش، کە ساڵانێك لە ئەوروپا ئاوێتەی سینەما بوونە تا ئێستا هەندێکییان نەیان توانیووە مافی تەواو بە سینەما بدەن و کارێك بکەن کە ئێمەی کورد بڵێین ئێستا دەتوانیین بڵێین هونەرێکمان هەیە ناوی سینەمای کوردییە، ئەوانیش تا ئێستا لە حاڵەتێکی نا سەقامگیرو ناجێگیر دابوونە لە رووی بەرەو پێشڤەچوونی ئاستی هونەرییان،چونکە ئەگەر لە هەندێ بەرهەمدا هیوایەکت پێ ببەخشن ئەوە لە دوو بەرهەمی دیکەدا دووچاری نیگەرانیت دەکەن، ئەی کەواتە چۆن متمانەمان بەوە هەبێت کە گەنجێکی بێ ئەزموون و دوور لە سینەما بتوانێت بەرهەمێك بە ئەنجام بگەیەنێت ناوی لێ بنرێت بەرهەمی سینەمایی ؟

**لە دراماوە بۆ سینەما**

لەم پێودانگەشەوە، ئەگەر چاوێکیش بە بەرهەمە درامیە رابووردووەکانی تەنیا کەریم دابخشێنینەوە، ئەوە بێجگە لە چەند بەرهەمێکی سادەو ساکاری درامای تەلەفزیۆنی بەولاوە نەبێت، هیچی ترمان لە بواری سینەمادا لێ نەبینیووە، بە تایبەت لە رووی بەرهەمهێنانی فیلمی درێژ، بۆیە هاوکێشەیەکی نارەهایە ئەگەر دەرهێنەرێك لە کاری سادەی درامای تەلەفزیۆنی دا هەرەس بێنێ، کەچی لە سینەمادا سەرکەوتوو بێت ! ؟ رەنگە شیکردنەوەی ئەم هاوکێشە بە پێی لۆژیك ، پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد بێت تا باگ راوندەکانی ئەو سیحرەمان بۆ یەکلا دەبێتەوە .

**بەڵێندەری سینەما یا دەرهێنەری سینەمایی ؟**

بە بازدان لە سەر ئەو هاوکێشەیە ئەوە دیارە لەو چەند ساڵەی دواییدا و لە نەوەی سێیەمی ئەوەی پێ ی دەڵێن سینەمای کوردی، کۆمەڵێ لەو لاوانە هاتنە پێشەوە کە سەرقاڵی کاری دەرهێنانی سینەمایی بوونە، بە چاوپۆشین لە ئەزموونی دروست کردنی کورتە فیلم، کە ئەوان گرنگییان پێ نەداوە و لەسەر زەمینەیەکی پڕ لە بۆشایی خۆیان لە قەرەی دروست کردنی فیلمی درێژ داوە، کە من وای دەبینم هەندێ لەوان لە قەوارەی ئاسایی توانست و مەعریفەو زانیاریی خۆیان زێتر تێدەپەڕێنن،

چونكە سینەماو دروست كردنی فیلم، نە ئارەزووە، نە شیعرو پەخشانە، بۆ ئەوەی گوزارشتی لێ بكەین، سینەما زانست و هونەرو پیشەسازی و تەكنیكە، كە ئێمە بمانەوێت و نەمانەوێت، لێی دەست كورت و هەژارین، ئەوەتا لە ولآتانی جیهان بە هەزاران كۆمپانیای زەبەللاح هەن بۆ پیشەسازی سینەما، ئیدی نازانم چۆن (تاكە كەس) دەتوانێت فیلم دروست بكات ؟ بێگومان تاكە كەسەكان هەندێ جار كە دەستەپاچەن لە ئەزموونی سینەمایی دەبن بە بەلێندەر( مقاول) ی سینەما، مەبەستم ئەوەیە پەنا بۆ لایەنی دیكەو كەسانی پیشەكار دەبەن لە كەرتی تایبەتیدا بۆ پڕ كردنەوەی بۆشاییەكان و دروست كردنی فیلم، من دەرهێنەری وا دەناسم كە بە بەلگە دەتوانم بیسەلمێنم تەنها ئەركی لە دروست كردنی فیلمێكدا دابین كردنی بودجەی فیلم بووە و ناویشی لە سەر تایتلی فیلمەكە بە دەرهێنەر نووسراوە.

### بە پەراوێز كردنی پیشەسازی سینەماو پشت بەستن بە دەرەوە

ئەم پەنا بردنە بەر پسپۆرانی سینەما لە دەرەوە و بوونی هاوكێشەی بازرگانی لەو نێوانەدا وای كردووە كە هەم نەتوانین ببین بە خاوەنی پیشەسازی سینەما لە كوردستان و هەم ئاستی توانست و داهێنانی دەرهێنەرەكانمان جێگیر نابێت و لە هەندێكیان سەركەوتوو دەبن و لە ئاستی دەرهێنەرە جیهانییەكاندا خۆیان نیشان دەدەن، كەچی لە هەندێكی تریاندا دەسەلآتی هونەرییان شكست دێنێ، هەر بۆ نموونەش بە هیچ شێوەیەك ئێمە ناتوانین بەراورد لە نێوان فیلمی (ڤۆدگا لیمۆ) و كیلۆ مەتر سفر) ی هونەر سەلیم بكەین، یان فیلمی (گەڕەكی داهۆڵەكانی ) حەسەن عەلی بەراورد بكەین لە گەلّ (ئەمریكانۆ)

### لە نێوان ئەكادیمیاو ئەزموندا

زۆرینەی ئەو سینەماكارانەی نەوەی ئەمڕۆ لەوانەش ( تەنیا كەریم) دەرچووی هیچ ئەكادیمیایێكی سینەمایی نین، بەلّكو زۆربەیان پشتییان بە ئەزموونی تایبەتی خۆیان بەستووە و ویستوویانە ئەو بۆشاییەی قەیرانی دەرهێنەری ئەكادیمی پڕ بكەنەوە، بەلآم هەست بەوە دەكرێت كە نەفەسی بەردەوام بونییان تەنگە، یاخود ئەگەر لە پەنای چەندین هۆكارەوە هەنگاوێك ببڕن كە مایەی دلّخۆش بوونی بینەر بێت، ئەوە ئاستەمە لە سەر ئەو ریتمە بەردەوام بن و ئەو دەسەلآتەیان زامن بێت كە

بتوانن لە ئایندەدا لە سەر هەردوو پێدا بوەستن، رەنگە بە گوێرەی ئەو دەرهێنەرە گەنجانەی كە پشت بە پشتگیری حكومەت دەبەستن دەرفەتی كەمتریان لە بەردەمدا دەبێت بۆ كار كردن، ئەو دەرفەتەش كە دیتە پێشەوە بەس نیە بۆ ئەوەی دەرهێنەر بەردەوام بێت لە كاركردن و دەوڵەمەن كردنی ئەزموون، چونكە پشتگیری حكومەت بۆ بەرهەمهێنانی فیلم جێگەی متمانە نیە،رەنگە دەرهێنەرێك لە هەموو تەمەنی هونەریدا جارێك یان دوان ئەو دەرفەتەی دەرهێنانی فیلمێكی بۆ دەرەخسێ، تا كەرتی تایبەتیش نەچێتە ناو سینەما ئەوە هەرگیز سینەمای كوردی دروست نابێت و ئەو گەنجانەش ناتوانن پەرە بە ئەزموونەكانیان بدەن .

**سیناریۆی كچی كافرۆش**

دەرهێنەر بۆ نووسینی سیناریۆی فیلمی كچی كافرۆش، هیچ سەرچاوەیەكی متمانە پێكراوی لە بەر دەست دانیە بۆ دارِشتنەوەی سیناریۆی فیلمەكە، ئەوەی هەیە كۆمەڵێ بۆچوون و چیرۆكی ئەفسانەیی و سەربوردەی گشتییە كە لەمەڕ كچی ئەو پیاوە كا فرۆشە دەگێڕدرێتەوە كە توركمانەكان بە(سەمانج قزی) و عەرەبەكان بە (كچی معیدی) و فاتیمەو كوردەكانیش بە كچی كافرۆش ناوی دەبەن، بە هەمان شێوەش هەر یەكەو ئەو كچە پەلكێشی وڵاتی خۆی دەكا، هەندی لەوان دەڵێن كەركوكیەو فەرهاد پیربال ٭ دەڵێ كۆییەو ئەوی تر دەڵێ هەولێرییە، هەموو ئەمانە بۆ سینەماكارێك جیگەی بایەخ نین، چونكە فیلمەكە فیلمێكی دیكۆمێنتی یا فیلمێكی مێژوویی نیە، بەڵكو فیلمێكی رۆمانسی و سۆزدارییە كە هەندێ لە رووداوەكانی هەمیشە لە ناو كۆمەڵگای كوردی دا ئەم دەمو ئەو دەمیان كردووە و بوونەتە بنەما بۆ دروست كردنی سیناریۆكە ..

لە هەموو حاڵەتێكا سیناریۆ نووس تەنها هێڵێكی سەرەكی لە فیلمەكە وەرگرتووە كە پەیوەندی بە لایەنی خۆشەویستی هەیە لە نێوان جەنەرال و كچی كافرۆش، نەیتوانیووە لق و پۆپی تر لە فیلمەكە بكاتەوە، لەوانەش لق و پۆپی سیاسی و كۆمەلآیەتی ئەو دەمە، ئەمە وای كردووە سیناریۆی فیلمەكە لاواز بێت و بینەر دەرفەتی ناسینی دەورو بەرو زەمەن و كەسایەتیەكانی نەبێت،یا خود وای كردووە كە هەندێ رووداو بە نیوەچڵی بە جێ بێڵێ، وەك رووداوی ئەوەی كە سیناریۆ نووس دەیەوێت بە

بینەر بڵێ كە كوڕە كوردێكی كوتاڵ فرۆشی هاو تەمەنی دڵی چۆتە كچی كافرۆش و لە هەلێكا بەمنداڵە نێرگز فرۆشەكە ئەو كوتاڵەی بۆ دەنێرێ كە كچی كافرۆش حەزی لێ دەكا .. كەچی سیناریۆ نووس ئەو پرسە بێ هیچ ئەنجامێك بە جێ دێڵێ و لە بیر دەچێتەوە ، لەو كاتەدا بینەر مافی خۆیەتی ئەگەر بپرسێ خۆ ئەگەر ئەو كوڕە كوتاڵ فرۆشە وا بێ پاساو پەراوێز كرا، ئێ خۆ دەكرا هەر لە سەرەتادا رۆڵی ئەو كوڕە هەڵگیرایە كە دەرهێنەر نەتوانێ چارەسەرێكی بۆ بدۆزێتەوە .

**لاوازی كەسایەتی كچی كافرۆش**

بینەر وا چاوەڕوانی لە دەرهێنەر دەكرد، كە ئەو كوڕە كوتاڵ فرۆشە بكاتە رووی دووەمی تەوەری ململانێ لە گەڵ ژەنەراڵێكی ئینگلیزی و لە ئەنجامدا كچی كافرۆش وەك كچێكی نیشتمان پەروەر نیشان بداو كوڕە كوتاڵ فرۆشەكە بە پیاوێكی ئینگلیز نەگۆڕێتەوە، لەمەشدا هەڵویستی كوردانەی ئافرەتی كورد نیشان بدات لە كاتی بەراورد كردن لە نێوان كوڕە كوردێك و كوڕە بیانیەك، بەلاّم كاتێ كچی كافرۆش فەرامۆشی كوڕە كوردە كوتاڵ فرۆشەكەی كردو نەرمی نواند بەرامبەر بە ئەفسەرێكی داگیر كەر و لە رێگەی منداڵە نێرگزفرۆشەكەوە پەیامی بۆ ژەنەرال دەناردو بە تەنیا بۆی دەچووە ژوان، دەرهێنەر لە بری ئەوەی لە رێگەی كچی كافرۆشەوە شەرەفێكی گەورەی نیشتمان پەروەری بە ئافرەتی كورد ببەخشێ، ئەو كچەی كرد بە ئافرەتێكی زۆر سادە و بی هەڵوێست و بێ بیرو باوەڕ، كە هەرگیز جگە لە دیمەنی دوایی نەبێت كە لە تاو حاڵەتە دەروونییەكانی خۆی ژەهر خواردوو كرد هیچ هەڵوێستێكی دیكەی یاخی بوونی پێوە نەبینی ، بەڵكو بینەر هەستی بەوە دەكرد كە ئەو ئامادەیە بۆ بەردەوام بوونی پەیوەندی سۆزداری لە گەڵ ئەفسەرەكە، بێ رەچاو كردنی هیچ دابو نەریتێكی كۆمەلاّیەتی، ئەو كاتە هەموو بۆچوون و خۆزگەكانی بینەری پوچەڵ كردەوە و دەرهێنەر دەرفەتێكی جوانی دراماتیكی لە دەست دا و زەمینەی دروست كردنی ململانێكەی خۆش نەكرد، ئەوەجگە لەوەی كچی كافرۆشی لە كەسایەتیە لاوازو سادەو بێ بیرو باوەڕیەكەی خۆیەوە دەرنەهێنا، رەنگە كچی كافرۆش لە رەچەڵەكدا ئافرەتێكی بە بیرو باوەڕ نەبوبێت و تەنها چیرۆكێكی رۆمانسی هەبێت، بەلاّم كاری سینەما جوانتر كردن و موتوربە كردنی كەسایەتیەكانە بەو شێوەیەی كە بتوانیت خزمەتی پرسێكی نەتەوەیی پێ بكەیت و ئافرەتی كوردی پێ سەر بڵند كەیت نەك ئەوەندە لاوازو دەستە پاچەو بێ هەڵوێستی بكەیت .

ئەو بینەرانەی فیلمی كچی كافرۆشیان دیوە هەمیشە ئەو پرسیارە لە خۆیان دەكەن ئایا تا چەند دەرهێنەر دەسەلاتی بەسەر ئەوەدا شكا بەرجەستەی كچی كافرۆش بكات چ لە رووی هزری، چ لە رووی جوانیی؟ ئایا دەرهێنەر تا چەند توانی لە فیلمەكەدا كچی كافرۆش وەك مۆنالیزای كورد بەرجەست بكات؟ بێگومان ئەوانەی فیلمەكەیان دیوە دەزانن كە كچی كافرۆشی فیلمەكە كچێكی زۆر ئاسایی بوو، هیچ جوانیەكی ئەوتۆی پێوە نەبوو كە لە كچی كافرۆشی رەسەن بچیٚ، چونكە كرۆكی هەموو روداوەكانی چیرۆكی كچی كافرۆش سیحری جوانیەكەیەتی كە ئەوەندە سرنجی ئەفسەرێكی ئینگلیز رادەكێشیٚ كە ناچاری ئەوەی بكات بیفرِێنیٚ، رەنگە ئەكتەرێكی وەك سنوور ئالانی شیاو بێت بۆ بینینی رۆڵی كچی كافرۆش بەلاٚم دەرهێنەر نەیتوانیئەو شیاوی بوونە تەوزیف بكا بۆ دەربڕینی جوانیی كچی كافرۆش لەسنوورئالانیدا

**كچی كافرۆش ..بووكە شووشەیەك بە دەست ئینگلیزەكانەوە**

یەكیٚ لە بۆشاییە هەرە دیارەكانی فیلمەكە، رووتكردنەوەی سیناریۆی فیلمەكەیە لە هەموو دەورو بەرو هەلومەرجی سیاسی و كۆمەلاٚیەتی و روداوەكانی ئەو دەمەو دارِشتنی سیناریۆكەی لە سەر زەمینەیەكی شلۆق، كە هیچ رەگو ریشەیەكی نەبێت و هیچ لق و پۆپێكی سیاسی لیٚ نەبوبێتەوە، وەك ئەوەی سەردەمی داگیر كردنی بەریتانیا بۆ كوردستان لە سالاٚنی 1918 سەردەمێكی ئارام و پرِ لە ئاشتی و دلنیایی بێت كە بێجگە لە روداوێكی كۆمەلاٚیەتی كەسێك نەبێت هیچ كێشەیەكی دیكەی تێدا نەبێت، ئەی ئەگەر وەك دەرهێنەر نیشانمانی دەدات دنیا شامی شەریف بوو بێت ئەو هەموو شۆرِشە یەك لە دوای یەكانەی كورد، لەوانەش شۆرِشەكانی بارزان و شۆرِشی شێخ مەحموودو هەموو راپەرِینەكانی تر لە پای چی دژی داگیر كارانی ئەوكاتی كوردستان بەرپا بوون ؟ ئەی شیعری پرِ لە هەلۆێستی بێكەس و بیست و حەوت سالەو دەیان شاكاری دیكەی مقاوەمەتی كورد بۆ كیٚ بوون؟

ئایا كچی كافرۆش تالە موویەكی ناو ماستە تا لەو سەردەمە ئاگرینەی دەربێنی و بۆ تەنها چیرۆكێكی رۆمانسی بچووك كەیتەوە؟ لەوەندەش بەئێشتر لە فیلمەكەدا دەرهێنەر چۆن كچی كافرۆشی كرد بە بووكە شووشەیەك بە دەست ئینگلیزەكانەوە، لە هەمان كاتیشدا گوناهێكی گەورەتری كرد، كاتیٚ گەلی كوردی كرد بە گەلێكی دەستەپاچەو بیٚ دەسەلاٚت كە دوای هەرِەشە لێكردنی شەرەفیان

هیچیان لە دەست نیٚ ئەوەندە نەبێت بێن لە بەر دەرگای كونسڵخانە بپاڕێنەوە بۆ ئەوەی شەرەفیان لە دەست بەریتانیەكان وەربگرنەوە، پاشانیش بە دوو قسەی سواوی ئەفسەرێك زۆر نەفامانە بە هەناسە ساردی بگەڕێنەوە، بیٚ ئەوەی هەڵوێستێكی جوامێرانە لە هیچ یەكیٚ لەوان ببینین ، یا قوربانیەك بنوێنن كە ئەوان خاوەنی كەرامەت و هەڵویستی جوامێرانەی خۆیانن، ئایا ئەمە ستەمێك نیە لە سینەمادا لە مێژوو واقیعی كورد بكرێت؟ ئایا كورد بەخۆی و ئەو هەموو قوربانیەی لەو زنجیرە شۆڕشانەی لە مێژوودا تۆماری كردووە ئەو گریان و فیغان و پاڕانەوە دەستە جەمعیە بووە كە بەرامبەر بە زوڵمی داگیر كاران هەیبووە؟

### ئایا ستافێكی پرۆفیشنال فیلمەكەیان پیٚ رزگاركرا؟

لە بەرئەوەی دەرهێنەر پشتی بە ستافێكی پرۆفیشنال و خاوەن ئەزموون لە سینەمادا بەستووە، توانیویەتی زۆر لە بۆشاییەكانی دیكەی فیلمەكە لە بەرچاوی بینەر داپۆشی، لەپیشەوەی هەمووشیان(شەهرەیار ئەسەدی) وەك بەڕێوەبەری وێنە گرتن، شوێن پەنجەو داهێنانی لە تۆمار كردنی وێنەكاندا دیارەو توانیویەتی سەنگی بەرهەمەكە رابگریٚ (پێشەوا نەبەرد) لە مۆنتاژو ئەرەستۆ رۆژهەلاٌتی لە دەنگ و (فەخرەدین كەركوكی ) لە دیكۆرو ئیكسسوارات و (رۆزیار) لە جلو بەرگ هەر یەكەو بە ئاستێكی باش توانیوویانە ئەدای هونەری خۆیان بكەن لە فیلمەكەدا، هەروا رزگار فاسریان كە كوردێكی رۆژهەلاٌتیە بۆتە یاریدەدەرێكی لێهاتوو لە بەرهەمەكەدا ..

هەموو ئەم هونەركارە پسپۆرانە ماندو بونیان زێتر بەرجەستە دەبوو، ئەگەر توانا‌كانیان لە توێ ی تێكست و سیناریۆیەكی مكۆمتر بتاوابوایەوە، دەرهێنەر بەدەر لەوەی دوو نەوەی كۆن و نویٚ ی لە نواندن دا ئاوێتەی یەكتر كردبوو، پشتی بە چەند روخسارێكی نویٚ بەستبوو، بە تایبەت بۆ بژار كردنی پاڵەوانە سەرەكییەكانی لەوانەش ( سنوور ئالانی) لە رۆڵی كچی كافرۆش و (گۆران دلشاد) لە رۆڵی ئەفسەرێكی بەریتانی، كە هەردوكیان بۆ یەكەم جار وەك ئەكتەریكی سینەمایی لە فیلمەكەدا

رۆلی خۆیان بینی .. بێگومان لە رووی روخسارەوە (سنوور) بۆ كچی كافرۆش بژاردەیەكی چاكی دەرهێنەر بوو، بەلاّم لە رووی نواندنەوە لەبەر ئەوەی سنوور باگ راوندێكی ئەوتۆی نەبووە لە سینەمادا، بۆیە توانستی هونەریی سنوور دیاری كراو بوو، بەلاّم وەك یەكەم ئەزموون نواندنێكی سروشتی و بیّ گرژی دەكرد، ئەگەرچی لە هەندیّ دیمەندا پێویستی بە ئەدای بەهێزتر هەبوو بە تایبەت لە سەمای سەرەمەرگدا دوای نۆشتنی ژەهرەكە ..

گۆرانیش بەهەمان شێوە یەكەم ئەزموونی بوو، ئەو لە سەر بنەمای روخساردا بژار كرابوو، هێشتا پێویستی بە ئەدای جوانتر هەبوو، بە تەواوەتی نەیتوانیبوو كەسایەتی خۆی یەكلا بكاتەوە لە نێوان ئەفسەرێكی ئینگلیزی دلّ رەق و ئەفسەرێكی مرۆڤ پەروەر.. كە رەنگە یەكلا كردنەوەی یاریدەی زێتری دەدا بۆ بەرجەستە كردنی رۆڵەكەی ، دەرهێنەر لە كەسایەتی ئەفسەرە بەریتانیەكەدا كە داگیر كەر بوون نەرم و نوانی و هەستێكی مرۆیی ئەوتۆی پیّ بەخشیبوو كە بینەر رقی لێی نەبێتەوە، ئەمەش حاڵەتێكی دژ بە یەكی لە كەسایەتی ئەفسەرێكدا دروست كردبوو كە یەكەم سەركردەی داگیر كەران بوو لەو ناوە، دوهەمیان دەست درێژی دەكردە سەر شەرەفی كوردەكان، سییەمیان هیچ نرخێكی مرۆیی بۆ هەستی خەڵكی ناوچەكە دانەنا كە پێشێلّی كەرامەتی كردبوون، ئایا هەموو ئەمانە لەسۆزێكی نا ئەخلاقی سادە گەورەترن، ئەگەر دەرهێنەر بیویستایە بیكات بە كەسێكی توند رەو؟ پاڵەوانی سێیەمی فیلمەكە (منداڵە نێرگز فرۆشەكە ـ هێور حەسەن) بوو كە من پێم وایە باشترین ئەكتەری فیلمەكە بوو، چونكە بە راستگۆیی توانی گوزارشت لە كەسایەتی خۆی بكات، لە هەمان كاتیشدا ئەداییێكی شەفاف و سروشتیمان نیشان بدات .

تاریق ئاكرەیی، ئەكتەرێكی لێوەشاوەی سینەمایە، لەم فیلمەو لە دوا فیلمی هونەر سەلیمیش مۆركی تایبەتی خۆی لەسەر پانتایی فیلمەكەدا بەجیّ هێشت، ئەگەرچی دەرفەتی پێویستی بۆ نەرەخسابوو، بەلاّم لە گەلّ ئەوەشدا سەركەوتوو بوو لە ئەدای خۆی وەك ئەفسەرێكی بەریتانی، حاڵەتی ناوازەی تاریق لەوە دابوو كە ئەفسەرێكی بەریتانی بوو، كەچی كوردییەكی ئاسایی قسەی دەكرد، بەلانی كەمەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنیّ كە بەریتانیەو كوردی زانە، دەبوا فۆنەتیكەكەی بە ئینگلیزی بوایە .

لە رووی دیالۆگی ئینگلیزییەوە، ئەكتەرە كوردەكان بە تێكڕایی جۆرێك لە ناوازەیی فۆنەتیكییان پیوە دیاربوو، بینەر وا هەستی دەكرد كە زمانی ئینگلیزییان لە زمانی مەكتەب دەچێت، دواتر جێگەی سەرسوڕمان بوو كە پاسەوانە بەریتانیەكان بە كوردی پەتی قسەیان دەكرد، هونەرمەند غازی غەفور كە باوكی خاتوون بوو كەسایەتیەكەی چەقیوی پیێ درابوو، دەرهێنەر نەیتوانی لە چوارچیوەی بەزەیی پیدا هاتنەوە دەری بێنیێ و زێتر سوود لە توانای غازی غەفور وەربگریێ و ئەو كەسایەتیەش بكات بە كەسایەتیەكی شۆڕشگێڕ، نەك بە كەسێكی لاوازی ئەوتۆ كە لەداخ ئەو غەدرەی لێی دەكریێ مەفتەنی خۆی جیێ بێڵیێ، كە بەلای منەوە باوكی خاتوون ئەگەر جۆرێك لە قوربانی دابوایە دژ بە ئینگلیزەكان و لەو پێناوەدا سەری نابوایە گریێ درامیەكە زۆر پتەوتر دەبوو، كەسایەتیەكەش بەهێزتر .

ساڵح عومەر كەسایەتیەكی دیاری فیلمەكە بوو، توانی بەرجەستەی تەواوی كەسایەتیەكەی بكات، دەكرا ئەو كەسایەتیەش زێتر قوڵ بكرێتەوەو دەرفەتی زێتری بۆ برەخسیێ .

دەرەنجام : ویڕای ئەو سرنج و تێبینیانەی خستمانە روو، دەكریێ ئەوەمان لە بیر نەچێت كە ئەمە یەكەم ئەزموونی دەرهێنەر تەنیا كەریمە لە فیلمی درێژدا، بە پێی ئەو ئەزموونە كورتەش ئەگەر سوود لە كەم و كورپییەكانی ئەو فیلمە وەربگرێت ، ئەوە رەنگە لە ئایندەدا بە هەنگاوی باشتر خۆیمان پێشكەش بكات .

## حەوت كەم یەك ...فیلمێكی نمایشكاری كەسایەتی



حەسەن عەلی گەنجێكی سینەماكاری نەوەی دواییینی سینەمای كوردییە و لە ماوەی كەمتر لە دە ساڵی رابووردوودا، چوار فیلمی درێژی بە بەرهەم هێناوە كە بریتین لە ( گەڕەكی داهۆڵەكان، شیرین و فەرهاد، ئەمریكانۆ، حەوت كەم یەك، سڵاو پێشمەرگە، كە دوا فیلمی دەرهێنەرە .

خۆ ئەگەر بەراوردێكی ساڵانی هونەریشی لە گەڵ ژمارەی بەرهەمەكانی بەراورد بكەیت، ئەوە هەست دەكەیت كە جۆرێك لە خێرایی لە خستنە رووی بەرهەماكانیدا هەیە، زۆر جاران ئەم جۆرە خێراییە لە بەرهەم هێناندا لە بەرژەوەندی دەرهێنەر هەڵناكەوێتەوە، بە تایبەت لە پرۆسە سینەماییەكاندا كە دەرهێنەر پێویستی زۆری بە خۆ ئامادە كردن هەیە، بۆیە دەرهێنەرێكی گەورەی وەك مستەفا عەقاد لە هەموو ژیانیدا تەنها دوو فیلمی هەبووە، كە مانایێكی گەورەتر لە خۆیان بە سینەما بەخشی ، من مەبەستم ئەوە نیە بەراورد لە نێوان دەرهێنەرێكی جیهانیی و دەرهێنەرێكی گەنجی سینەماكاری خۆمان بكەین بەڵام دەكرێ سوود لە ئەزموونی كار كردنی ئەوان وەربگرین و كەمێك بە هەستیارییەوە هەڵسوو كەوت لە گەڵ سینەمادا بكەین و كاریك نەكەین ئەوەی پێشتر چاندومانە بە ئاسانی بە بای بدەین، یان ئەگەر ناونیشانێكمان دروست كرد ، بیزڕكێنین ، بۆیە من دەپرسم ئەو ریتمە خێرایەی كاركردن لە كوێوە سەر هەڵدەدات ؟ ئایا بڕوا بوونە بە خود لە دەسەڵاتی هونەریدا،

یا خود هەست نەكردنە بە بەرپرسیاریەتی هونەریی ؟ یاخود لە هەردوكیان گەڕێین قۆرخ كردنی هەلی بەرهەم هێنەرە بۆ كارێكی سینەمایی ؟ ئایا ئەو ریتمە خێرایەی ئێمە باسی لێوە دەكەین كاریگەریی لە سەر ئاستی بەرهەمەكانی حەسەن عەلی دا هەبووە وەك دەرهێنەر ؟

بێگومان كاریگەری هەبووە، ئەو كاریگەرییەش لە سەر یەكە یەكەی فیلمەكاندا هەستی پیێ دەكرێت ..حەسەن عەلی لە فیلمی ( گەڕەكی داهۆڵەكاندا ) كە فیلمی فیستیڤاڵ بوو ، توانی وەك سەرەتایەك لە گەڵ ئەزموونی فیلمی درێژ هیوایەك بە بینەر ببەخشێ و چەند خەڵاتێكیش لە فیستیڤاڵە نێو دەوڵەتیەكاندا بە دەست بێنێ، بەڵام لە فیلمێكی رۆمانسی وەك (شیرین و فەرهاد ) دەرهێنەر بە ئاراستەیەكی دیكەی رۆمانسی و بازرگانیدا چوو، ئامانجی هەرە بنەڕەتیشی لە فیلمەكەی دا بەر پەنجەرە بوو، ئەگەرچی فیلمەكە بوو بە هاندەر بۆ گەڕانەوەی بەشێك لە بینەران بۆ هۆڵەكانی سینەما كە سەردەمانێكی زۆر بوو لێی دابڕابوو، بەڵام لە رووی هونەرییەوە فیلمەكە نەیتوانی خۆی لە ئاستی گەڕەكی داهۆلەكان بدات ، ئەگەرچی ئەو هەوڵی ئەوەی دابوو دوو هونەرمەندی ناسراو(شوان عەتوف و بەیان عوسمان) بكات بە فاكتەر بۆ راكێشانی بینەر، بەڵام نەیتوانی ئەوە بە دەست بێنی كە لە گەڕەكی داهۆڵەكاندا بە دەستی هێنا، لە رووی مەعنەوییەوە، دیسان بە هەمان ئامانجی بازرگانی و بە رەچاو كردنی خواستی بینەری سادەو تینوویەتی بۆ كۆمیدیا كۆمەڵێ ئەكتەری كۆمێدی وەك سەعدون یونس و ئەیام ئەكرەم و گۆڤار ئەنوەرو چەندینی دیكەی لە فیلمی ( ئەمریكانۆ) لە فیلمێكدا بە یەك گەیاند، بەو نیازەی كە ئەو ئەكتەرانە بازاڕیان گەرمەو دەبنە هۆكار بۆ راكێشانی بینەر، بەڵام ئەنجامەكە وا دەرنەچوو بەڵكو فیلمەكە بە شكستێكی گەورەی هونەری بۆ حەسەن عەلی هەڵكەوتەوە، لە چوارەم فیلمیدا (حەوت كەم یەك) ، ئەمجارە سەركێشی لە گەڵ ئەزموونێكی نویێدا كردو فیلمێكی سرریالی ئاوێتە بە رۆمانسیەت نمایش كرد، كە سیناریۆكەی لە لایەن فەرهاد پیربالەوە نووسراوە

**فۆرمی ناجێگیر**

رەنگە دەرهێنەر ئاگای لەوە بێت كە ئەگەر بتەوێت فیلمێكی بازرگانی بە بەرهەم بێنی ئەوە دەبێ بزانیت كە بینەر لە سینەمادا چی دەوێ، ئەگەریش مەبەستت بەرهەم هێنانی فیلمێك بێت بۆ

فیستیڤاڵ ئەوە بە چ ستایلێك كار دەكەیت ، بەڵام ئەگەر وەك حەسەن عەلی نەتوانیت نەخشەی كار كردنت لە سەر فۆرمێكی دیاری كراو بونیات بنێیت و لە سەر ڕێچكەی ئەو فۆرمە كار بكەیت، ئەوە بێ شك دەست بەرداری هەردوكیان دەبیت، وەك لە فیلمی (حەوت كەم یەك) دەست بەرداری بووە.

دەرهێنەر هەموو پارسەنگی هونەریی خۆی خستۆتە سەر كەسایەتی پاڵەوانی فیلمەكەی ( فەرهاد پیربال) وەك كەسایەتیەكی ناسراوی جەماوەری، ئەو پێی وابووە ناوداریەتی فەرهاد بۆی هەیە كەلێنە هونەرییەكانی بۆ پڕ كاتەوە، بەڵام ئاگای لەوە نەبوو كە نەك كەسایەتی فەرهاد بەڵكو هەر كەسایەتیەكی دیكەی ناوداری كۆمەڵایەتی ، سیاسی، ڕۆشنبیریی ..چەند ئەوەندەی پلەو پایەی لە ناوەندی كۆمەڵایەتی و نیشتمانیدا بەرز بێت، ئەگەر لە سینەمادا ئەو كەسایەتیە وەك پێویست تەوزیف نەكرا. ئەوە نەك هەر تەنها فیلمەكە دووچاری شكستی گەورەی هونەریی دەبێت، بەڵكو كەسایەتیەكەش لەكەدار دەكا، ئەوەبوو هۆی ئەوەی كە مستەفا عەقاد بە دەیان ساڵ كاری بۆ دروست كردنی فیلمێك دەكرد لە مەڕ سەلاحەدین ئەیوبی بەڵام لە ترسی گرنگی بابەتەكە و یەكلا كردنەوەی كەسایەتیەكەی تا ئەو ڕۆژەش ماڵئاوایی لە دنیادا كرد، نەگەیشتە ئەئامانجەی ئەو خوازیاری بوو. بینەر هەست بەوە دەكات كە فیلمەكە تەنها فۆرمێكی دیاری كراوی نیە بەڵكو چەند فۆرمێكی سوریالی و ڕۆمانسی و واقیعی ئاوێزانی یەكتر بوونە، دەرهێنەر نەیتوانیووە نە سەركەوتوو بێت لە ئاوێتە بوونی فۆرمەكان لە گەڵ یەكتریدا نە توانیوویەتی هاوسەنگی لە فۆرمەكاندا دروست بكات، چونكە هەست بەوە دەكرێت كە دەست تێوەردان هەیە لە ستایلی كاركردنی دەرهێنەر لە لایەن پالەوانی فیلمەكەوە كە هەم سیناریۆكەی نووسیووە، هەم ڕۆڵی حەوت كەسایەتی دەبینێ، هەم دەیەوێت دەست لە كاری دەرهێنانەكەش وەربدا ..

**سیناریۆی نمایش كردن**

حەسەن عەلی پشتی بە سیناریۆی فەرهاد پیربال بەستووە، كە ڕەنگە نووسینی سیناریۆی سینەمایی بۆ فەرهاد كارێكی سەخت و دژوار بێت و ئەو ئەزموونێكی ئەوتۆی لە گەڵ نووسینی سیناریۆی سینەمایی دا نەبێت، فەرهاد سیناریۆكەی بە شێوەیەك گۆشە گیر كردووە كە تێیدا حەوت كەسایەتیت بۆ دەخاتە روو، بەڵام بواری ئەوەت بۆ نارەخسێنێ ئاشنا بە ناوەرۆكی كەم لە

كەسایەتیەكان و فەلسەفەو هزرو سایكۆلۆژیەتی ئەوان و ڕەگ و ریشەكانیان بیت، ئامانج لە سیناریۆكەدا تەنها نمایشكردنی كەسایەتی فەرهادە بە چەندین شێواز و فیلمەكە بەم شێوەیە بۆتە نمایشێكی ئیستعراضی بۆ فەرهاد نەك گەیاندنی پەیامێكی هونەری، جوینەوەی ئەو چەندین وێنەیەش و گەڕانەوەی یەك لە دوای یەكی فەرهاد لە ماوەی نزیكەی 80 خولەك زێتردا، وای كردووە هەناسەی چێژ لای بینەر ببڕێ و وای لێ بكات كەسایەتیەكان لەهەر شێوەو ئاستێكدا بن، دووبارە كردنەوەیان نەك هەر تەنها كەسایەتیەكانی دووچاری جۆرێك لە سوان كردووە، بەڵكو بۆتە مایەی دابەزینی ئاستی چێژ وەرگرتن لای بینەر، بەڵگەش بۆ راستی ئەو بۆچوونە ئەوەیە كە ئایا ئەگەر بینەرێك فیلمەكەی دیبێ، ئامادەیی هەیە بۆ جارێكی دیكەش فیلمەكە ببینێتەوە؟ من ئەگەر یەكێك بم لە بینەرانی فیلمەكە ئەوە بێجگە لە دیمەنی سەمای جوانی كچەكە نەبێت لە بیابانەكە، ئەوە شتێ لە فیلمەكەدا نابینم كە ئارەزووی ئەوەم پێ ببەخشێ ، جارێكی دیكە قەستی بینینەوەی فیلمەكە بكەم، ئایا ئەم حاڵەتە نیشانەی ئەوە نیە كە توخمەكانی چێژ وەرگرتن لە فیلمەكەدا ونە؟

**سیناریۆی ئەدەبی و سیناریۆی سینەمایی**

ڕەنگە فەرهاد پیربال بۆ ئەو هەموو فانتازیا و فەلسەفەو ئایدیایانەی دەیویست لە سیناریۆیەكی سینەماییدا دایانڕێژێ، كارێكی سەختو ئاڵۆز بێت، چەنكە سیناریۆی ئەدەبی جیاوازییەكی زۆری هەیە لەگەڵ سیناریۆی سینەمایی، ڕەنگ فەرهاد لە سیناریۆی سینەماییدا دەست كورت بێت، بەڵام ناكرێت دەرهێنەرێكی سینەمایی جڵەوی هونەریی خۆی بداتە دەست نووسەرێك كە تەنها خەیاڵی هەیە بۆ بەرهەمێك كە تەنها بەرژوەندییەكانی خۆی تێدا ڕەچاو بكا، بەرژوەندی بینەر بەلاوە بنێت كە بەرزترین ئامانجە لە سینەمادا، هەر بۆ نموونە بۆ ئەوەی فەرهاد توانستی خۆی لە بواری زمانی فرەنسی نیشان بدات، چەند دیمەنێكی بەزمانی فرەنسی ئاخنیوەتە ناو سیناریۆكە، بۆ ئەوەی ئارەزووی بۆ مەقام گوتن نیشان بدا، چەند گرتەیەكی بۆ مەقام گوتن بەدەنگی خۆی ڕەخساندووە، بەكورتی زۆر لە پارچەی سیناریۆكە بۆ حەزو ئارەزوو هزری تایبەتی فەرهاد تەرخان كراوە

فەرهاد پیربال لە سیناریۆكەدا قەستی ئەوەی كردووە، كە كۆمەڵێ ململانێی سیاسی و ئایدیایی و فەلسەفی و هزری لە توێ ی فیلمەكەدا بتوێنێتەوە، بیرو بۆچوونی خۆی

**لەهەمبەر هەندێ پرسی ئایینی بخاتە روو، بەڵام هیچ لەو پرسانە نایانتوانیووە بە هۆی چڕی پرۆسەکان و جەنجاڵی بابەتەکان ئامانجی خۆیان بپێکێنن، بەڵکو زۆربەیان شێواندراون، بەدەر لە پرسی خۆشەویستی نەبێت لە کەسایەتی شەهابەدا کە بینەر وا هەست دەکات فیلمێکی سەربەخۆی دابڕاوە لە گەڵ پرسەکانی دیکەی نێو فیلمەکە دا.. دەکرا دەرهێنەر شەهابە بکات بە تەوەری سەرەکی فیلمەکەی و پرسە فەلسەفی و هزرییەکانی دیکە بکات بە پرسی لاوەکی، خۆ ئەگەر ئەو گۆشەی شاهابەیە نەبوایە لە ناو فیلمەکەدا کە گۆشەیەکی بە تامو چێژو تایبەتی بوو ئەوە رەنگە فیلمەکە دووچاری رووخانێکی گەورە دەبوو، شەهابەش دیسان هەر لە فیلمەکەدا غەدری لێکراوە، چونکە نەتواندراوە نرخی راستەقینەی خۆی پیێ بدرێ و ئەو چیرۆکە بە تامو چێژەی ئەڤینداری و ئەو بلیمەتیەی شەهابە لە فیلمەکەدا بەرجەست بکرێت، بە تایبەت لە رووی دەنگ و بانگ دانەوە، کە نەدەکرا بە دەنگی فەرهاد بوایە، کە کەسایەتیەکەی لە بەر چاوی بینەر لاواز کرد، بەڵکو بەلانی کەمەوە دەکرا بانگ دانەکە بەدەنگێکی بە هێزو بە تام و چێژ بوایە کە لەدەنگی شەهابەوە نزیك بێت .. نەك بە دەنگی فەرهاد بۆ شەهابە !**

**نواندن**

**دەرخستنی هونەری نواندن لە فەرهاد پیربالدا هونەرێکی نوێیە، بەلای منەوە** فەرهاد پیربال بۆ نواندن خوڵقاوە **تا هەر هونەرێکی دیکەی کە ئەو لە زۆربەیاندا خۆیانی تێدا نەدۆزیوەتەوەو تا ئێستاکەشی لە گەڵ دابێت بە دوایاندا دەگەڕێت، زۆرن ئەو خاڵانەی لە پێکهاتەی فسیۆلۆزی و جەستەیی کەسایەتی فەرهاد دا هەنە، لەوانە: :**

***لە رووی شێوەوە، شێوەیەکی تایبەتی کەسایەتی خۆی هەیە کە تا راددەیەك جیاوازی لە گەڵ شێوەی باودا هەیە و وەك کەسایەتیەکی فەلسەفی خاوەن نیشانەی تایبەتی دەردەکەوێت لە رووی قژو سمیڵ و روخسارەوە ، کە هەوڵ دەدات لە سلڤادۆر دالی و ئەنیشتاین بچێت**

***لە رووی ئیلقاو دەنگەوە .. کەم لە ئەکتەرانی ئێمە لە رووی ئیلقاو دەنگەوە توانای فەرهاد توانای پیربالیان هەیە.**

*لە رووی ئەداوە فەرهاد پیربال كەسێكی كەم وێنەیە، چونكە ئەو ئەدایە لە ژیانی رۆژانەی خۆیدا پیادەی دەكات و توانستی ئەوەی هەیە ئەدا بەهەموو رەنگەكانیەوە نیشان بدات .

*بڕوا بە خۆ بوون و سەربەخۆیی دان بە خود، وای كردووە كە لە چاوی كامیرا نەترسی و وەك پێویست رەسمی كەسایەتیەكانی خۆی بكات

لە فیلمەكەدا فەرهاد پیربال وەك ئەكتەر توانی سوود لەهەموو ئەو پێكهاتە جەستەییانەی خۆی ببینێ، بۆ ئەوەی حەوت كەسایەتی جۆراو جۆر نمایش بكات، ئەوەی واشی كردبوو كە ریتمی فیلمەكە هاوسەنگی خۆی رابگرێت، ریتمی نواندنی فەرهاد بوو، كە وەك ئەكتەرێكی خاوەن ئەزموونیكی دوورو درێژ نەك ئەكتەرێكی سەرەتایی ئەدای كەسایەتیەكانی كرد، كە رەنگە هەر یەك لەو كەسایەتیانە كە هەر یەكەو پێویستییان بەشێوازو دەقێكی جیاواز و سایكۆلۆژیەتێكی تایبەتی هەبوو، كارێكی ئیجگار سەختو دژوار بوو، ئەكتەرێك بتوانیت هەر هەموو كەسایەتیەكان بەسەركەوتوویی بەرجەستە بكات .

هەر بۆ نموونەش بێگومانم بینەر درك بە گۆڕینی ستایلی نواندنی فەرهاد دەكات و دەبینێت كە چۆن لە بەرجەستە كردنی كەسایەتی شەهابەدا چەند شەفاف و میللی و سروشتیە، كەچی لە كەسایەتیە سوریالیەكانیشدا چۆنە، ئەمە نیشانەی دەرخستنی توانستی ئەكتەرە كە بتوانێت شیوازی نواندنی لە قالبیكی دیاری كراودا دەربێنێ، پاشان بینەر هەست بەوە دەكات كە فەرهاد چۆن چۆتە ناخ شەهابەو چۆن توانییوویەتی مانایێكی گەورە وبە خۆشەویستیەكی نەمر ببەخشێت، كارێك بكات كە بینەر درك بەوە بكات شەهابە ئاشقێكی چەند گەورە بووە، من خودی خۆم ئاواتم بوو وەك زۆر لە بینەرانی دیكە تەواوی فیلمەكە تەرخان كرابوایە بۆ داستانی پڕ لە دراماتیكی شەهابە و ئەو داستانە تێر تر بكرابوایە، دڵنیام كە سەركەوتنێكی گەورەی بە دەست دەهێنا.

**خنكان لە مۆنتاژ**

لە سینەمادا دەستەواژەیك نیە ناوی پۆستەرە فیلم بێت، بەڵام ئەگەر وەك پۆستەرە شیعر پۆستەرە فیلمیش هەبوایە، ئەوە فۆرمی فیلمەكە رەنگێكی تری دەبەخشی، چونكە وێنەكان تەنها لە شێوەی

پۆستەر دەردەكەوتن، فەزاییێكی ئەوتۆیان بۆ دروست نەكرابوو كە بینەر بە ناخیاندا شۆڕ بێتەوە، لە هەندێ دیمەندا پۆستەرەكان هەناسەیان زۆر كورت بوو، بە سیناریۆو دیالۆگ و دیمەنی تێر بەرجەستە نەكرابوون، كە بینەر خوێندنەوەیەكی ئەوتۆی بۆ دیمەن و وێنەكان هەبێت، بەڵكو وەك جوانكارییەك لە شێوەدا خرابوونە روو، بینەر هەست دەكات كە جۆرێك لە خنكان لە مۆنتاژدا هەیە، چڕو پڕی كەسایەتیەكان و تێك چرزانیان وای كردووە ، جۆرێك لە جەنجاڵی دروست بێت ، دواتریش گۆڕان لە ستایلدا لە سریالی بۆ رۆمانسی و پاشان گەڕانەوە بۆ سریالی كێشەی زۆری بۆ مۆنتاژ دروست كردووە، چونكە ناوەڕاستی فیلمەكە كە دیمەنەكانی شەهابەیە دەیەوێت رەوتی مۆنتاژەكە بە ئاراستەیەكی دیاری كراو بەرێت، بەڵام كاتێ دەگەڕێینەوە سەر دیمەنە سەرەتاییەكان گرفتیكی گەورە بۆ مۆنتاژ زەق دەبێتەوە، پێشم وایە دیمەنەكانی كۆتایی شتێكی زێدەكارییان نەخستە سەر دیمەنە بەراییەكان .

وێنە بە تەنیا ..

نكۆڵیش لەوەدا ناكرێت كە وێنەگر هاوكار فەرهاد دەسەڵاتێكی گەورەی داهێنانی لە وێنە گرتندا نیشاندا كە لە ئاستی وێنەگرە پرۆفیشنالەكان دابێت، بەڵام لە زۆر دیمەندا وێنە بە هۆی لاوازی رووناكی زۆر لە بەها هونەرییەكانی خۆی لە دەست دابوو، بە تایبەت لەو دیمەنانەی كە دیمەنی سایكۆلۆژی بوون و بەبێ تارییكیەكی زێتر و دابەشكردنێكی هونەرییانەی رووناكی مۆمەكان و جلو بەرگ و روخساری كەسایەتیەكان نرخ و بەهای خۆیان نەدەبەخشی .

ئەو فۆرمە دیمەنە سوریالیانە هەموو پشت بەستنێكیان بەرەنگ و رووناكی هەیە، بۆ ئەوەی بتوانن وەك پێویست گوزارشت لە ناخی كەسایەتیەكان بكەن و كەشو هەوایێكی دەروونی وروژێنەر لای بینەر دروست بكەن، بۆیە دەبوا دەرهێنەر بایەخی زێتری بە دابەشكردنی رووناكی و موزیك و ریتمی موزیك دابوایە، پاشان بواری زێتری بۆ بینەر بڕەخساندایە تا دەرفەتی ئەوەی بدرێتێ بچێتە نێو كەشو هەوای دیمەنەكان و خوێندنەوەی ئەمدیوی دەروونی و هزری كاراكتەرەكان.

## روانینێکی رەخنەیی لە سیمای خۆلەمێشی شاخەوان ئیدریس




کاتێ فیلمی (سیمای خۆڵەمێش) ی دەرهێنەر شاخەوان ئیدریس لە پەراوێزی ئاهەنگی 120 ساڵەی سینەمادا لە هۆڵی مێگا مۆل نمایش کرا، ژمارەی بینەرانی لە 15 بینەر زێترنەدەبوو، رەنگە ئەو پرسە بابەتی سەرەکی قسە لەسەر کردنی ئێمە نەبێت، بەلاَم جێی پرسیارە کە لەرێ و رەسمی کردنەوەی ئاهەنگێکی وادا کە لەهۆڵەکەدا جێی دانیشتنی نەمابوو، کەچی لە کاتی نمایش کردنی فیلم دا، لە هەموو ئەوانەی بە شانو باڵی سینەمایان دادەگوت و ئەو بینەرانەی بۆ ئاهەنگەکە بانگهێشت کرابوون، سەلیقەی ئەوەیان نەبوو فیلمێکی کوردی ببینن کە لە چەندین فیستیڤاڵی جیهانیدا بەشداری کردبوو، ئەمە جێگەی پرسیارو تێڕامانە، بەلاَم من نامەوێ لەو سوچەدا نە ئاماژە بە یادکردنەوە بێ سەرو بەرەکەی 120 ساڵەی سینەما لە لایەن وەزارەتی رۆشنبیریی و کولێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەلاحەدین بکەم، نە ئاماژەش بەو دوو ریپۆرتاژە تەلەفزیۆنیانەش بکەم کە بە

ناوی كورتە فیلمەوە لەوبۆنە سینەماییەدا نمایش كران، ئەوەی من دەمویست قسەی لە سەر بكەم تەنیا فیلمی ( سیمای خۆڵەمێشە)ی شاخەوان ئیدریسە.

**سیناریۆو سیاسەت:**

لە سیمای خۆڵەمێشدا، ئامانجی هەرە سەرەكی دەرهێنەر بەر لەهەموو شتێك، گەیاندنی سیناریۆكەیەتی بە بینە، كە بۆتە كۆڵەگەی سەرەكی فیلمەكە، ئینجا ئامانجەكانی تر . ئەو لەو سیناریۆیەدا كە( خۆی نووسیوویەتی) زوومی كامێراكەی خۆی دەخاتە سەر گوندێكی سەر سنوری كوردستان ـ ئێران كە خەڵكەكەی لە چەندین ئایین و مەزهەبی جیا جیادا پێك هاتوون لە موسڵمان و مەسیحی و یەزیدی و هەموویان كەوتونەتە ژێر چەتری یەك چارەنووس و بە یەك ئاست بوونەتە ئامانجی رژێم و لە ژێر یەك جەورو ستەمدا دەژین ..

زەمەنی فیلمەكە دەگەڕێتەوە سالآنی هەشتاكان، سەردەمی جەنگی ئێراقی و ئێرانی، كاتێ بە هەزاران لاوی خوێن گەرمی ئێراق دەبوونە خۆڵەمێشی ئەو جەنگە دۆڕاوە، لەوانەش لاوەكانی ئەو گوندە فرە ئاینیانە.

دەرهێنەر هەوڵی ئەوەی داوە ئەو رووداوانەی بەسەر گوندەكەدا دێن، بخاتە نێو چوارچێوەیەكی سیاسیی كەپەیوەست داربێت بە زەمەنی ئەمڕۆكەی ئێراق و بڵێیت هەمیشە ئەو وڵاتە بەدرێژایی مێژوو وڵاتی پێكەوە ژیان و وڵاتی فرە ئایینی و فرە مەزهەبی بووە و ئێستاكە دوژمنانی ئەو وڵاتە دەیانەوێت درز بخەنە نێو ئەو پێكەوە ژیانە، بۆ ئەوەی لە پەنای ململانێ سیاسیەكانەوە ئەو مێژووە جوانەی رابووردوو بشێوێنن، دەرهێنەر لە سیناریۆكەدا هەردوو زەمەنی رژێم و زەمەنی داعش بە یەك دەبەستێتەوەو بە یەك فۆرم و ئامانج نیشانیان دەدا، كە قاتوقڕ كردنی ئەو گەل و نەتەوانەیە، بەبێ جیاوازی ئایینی و نەتەوەیی و مەزهەبی، بەلآم هەستی بەرەنگار بوونەوەی زوڵم و زۆرداری لە نێو ئەو كۆمەڵگایەدا نەوروژاندووە، ئەگەر بە شێوازێكی لاوەكیش بوایە، من ئەوەندەی ئەو كۆمەڵگایەم بینی بە گشتی ئەوەبوو، كە تەنها سەرقاڵی دروێنە كردنی تەرمی كوڕە گەنجەكانیان و خۆشەویستیەكی بەتاڵ و ململانێیەكی نێو خۆیی بێ ئامانج بوون، بێ ئەوەی دەرهێنەر لە پەنای ئەو ستەمكارییانەدا، رۆحێكی مقاوەمەت و بەرەنگار بوونەوە لە نێو ئەو كۆمەڵگایەدا نیشان بدات كە

بیسەلمێنێ هەموو ئەو پێکهاتانە یەك دەستن لە رەتکردنەوەی زوڵم و زۆرداری ، هەتا ئەگەر ئەو رەتکردنەوەو بەرەنگار بوونەوەیە لاوەکیش بوایە، جگە لەدیمەنی ئەو کوڕە زاوایە نەبێت کە بێ هیچ باگ راوندێك لە پڕێکا دەبێتە پێشمەرگە بێ ئەوەی پاساوێك بۆ هەڵوێستەکەی خۆی بە روونی پیشانی بینەر بدات ..

بێ شك وروژاندنی پرسێکی هەستیاری وەك ئەو ستەمەی لەو پێکهاتە جیا جیایانە کراوە لە رابووردوی ژێر دەستی رژێم و لە ئەمڕۆی تیرۆرستان، جێگەی بایەخ پێدانێکی سەرتاسەرییە لە هەموو جیهاندا، بەتایبەتیش لە سینەمادا، کە رەنگە ئەو بابەتە لە رووی ئایدۆلۆژیاوە گرنگی خۆی هەبێت لە فیستیڤاڵە سینەماییە نێو دەوڵەتیەکاندا و بەشداری کردنی فیلمەکە لەبۆسان و تۆکیۆ و هیندو کارلاو فیستیڤاڵی قازانی روسیا، چونکە بمانەوێت و نەمانەوێت، سینەما لەو گۆڕانکارییە سیاسیە جیهانیانەدا گوتاری تایبەتی خۆی هەیەو رۆڵی خۆی دەبینێت، لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو تەوژمە رەشە. بۆیە فیلمەکە لەفیستیڤاڵە جیهانییەکاندا لەڕووی سیناریۆو ئامانجەوە، نرخاندنێکی سیاسیی بۆ دەکرێت بەر لە نرخاندنێکی هونەریی، رەنگە ئەو خاڵە کاریگەری خۆی بووبێت لەوەی کە سیناریۆکە خەڵاتی یەکەم لە فیستیڤاڵی قازان لە روسیا بە دەست بێنیت و خەلاتی داد وەرانیش لە هیندستاندا ، وێە ئاراستە کردنی سیناریۆکە بەو ئاقارەدا، قورسایی خۆی هەبووە لەسەر فیلمەکەدا، بەڵام دەرهێنەر زۆر بێ بایەخانە هەڵسووکەوتی لە گەڵ زماندا کرددوە، چەند دیالۆگێکی تێکەڵ بە یەك کردووە، ئازادی داوەتە ئەکتەر کە بە ئارەزووی خۆی هەڵسوو کەوت لەگەڵ زماندا بکات، ئەمەش وای کردووە دیالۆگ لە فیلمەکەدا زۆر لاواز بێت، هیچ دیالۆگێکی بە هێزت گوێ لێ نەبێ چێژێکی هزریت پێ ببەخشێت، لەو دیلۆگانەی چمکێکی فەلسەفیت لە زمانی کاراکتەرەکانەوە پێ دەبە خشن و بەهای کەسایەتیەکان بەرز دەکەنەوە .


لە سینەمادا هەمیشە زمانی سادە بەکار دەهێندرێت، بەڵام لە گەڵ سادەییەکەدا درك بە بەهێزی دیالۆگ دەکەیت، بۆیە لەزۆرینەی فیلمە جیهانییەکاندا، هەمیشە پسپۆری تایبەتی هەیە بۆ پێداچوونەوەی زمان و دارشتنەوەی دیالۆگ، ئەم بۆشاییەی فەرامۆش کردنی زمان لەو فیلمەدا وای لە بینەر کردووە بە ئاسانی بگاتە ئەو بڕوایە کە فیلمەکە لە رووی زمانەوە بەربادەو دیالۆگەکانیش ئیجگار لاواز بن.

**دەرهێنان و یەكەم ئەزموون**

شاخاوان ئیدریس ئەگەرچی ماوەیەكی دوورو درێژە لە گەڵ سینەمادا دەژیت، بەڵام بەرهەمی سینەمایی كەمە، جگە لە كورتە فیلمی (نان) ئەمە یەكەم ئەزموونیەتی لە بواری فیلمی درێژدا، لەم فیلمەدا كە پەردە لە رووی تراژیدیاییێكی گەورەدا لا دەبات بە شێوازێكی كۆمێدی سووك، بە نیشاندانی ئەو ژمارە تابووتە زۆرەی سەربازە كوژراوەكانی رژێم بڕی ئەو نەزیفە خوێنە نیشان دەدا كە لە جەستەی گەلانی ئێراقدا دەچۆڕا، وەك ئەفسەرەكە دەڵێ ( رۆژی سەد تابووت رەوانە دەكاتەوە سەر سەرو گوێلاكی كەسوكاریان) .

دەرهێنەر بەو چەند تابووتە و ئەو نەخۆشخانە سەربازییەی تابووتەكانی لێ دروست دەكرێت و ئەو ئۆتۆمبیلە تەكسیە یەك لەدوای یەكانەی بە ئاڵای عیراقییەوە تەرمەكان دەبەنەوە بۆ كەسوكاریان، بەشێوازو ئامرازی زۆر سادە، توانییوویەتی گوزارشتێكی گەورە لەچمكی ئەو تراژیدیایە بكات، ئەمەش دەسەڵاتی دەرهێنەر دەردەخات بۆ بەرجەستە كردنی رووداوە گەورەكان و تەوزیف كردنیان بە ئامرازی زۆر سادەو گوزارشت بەخش.

**كۆمێدیا لە سیمای خۆڵەمێشدا**



رووی دووهەمی فۆرمی فیلمەكە كۆمێدیاییێكی سووكەو دەرهێنەر قەستی ئەوەی كردووە لە ناو پێكەنین دا گریانی خەڵكەكە نیشان بدات، لەوانە هەردوو ئەكتەری سەرەكی حەمە(گۆڤار ئەنوەرو تەحسین بولبول) كە دوو كەسایەتی بەردەستی باوكە موسڵمانەكە (مام عەبدولڕەحمان ـ ناسرحەسەن) بوون، دەرهێنەر بۆ دروست كردنی شێوەی كۆمێدیا لەو دوو كەسایەتیە بەئەنقەست دوو كەلەشی دژ بە یەكی لە جەستەدا هەلبژاردبوو (كەلەشێكی زەبەللاح و كەلەشێكی دیكەی كورتە بالآ) بۆ ئەوەی بینەر بە جیاوازی كەلەشییان بەو موفارەقاتەپێكەنیٚ، كەچی ئەو جیاوازییە جەستەییە سوودیكی ئەوتۆی بە بەكۆمێدی بوونی فیلمەكە نەگەیاند، چونكە هونەری كۆمیدیا تەنهاپشت بەلەشولارێكی ناوازە نابەستێت،بەڵكو هونەریی كۆمێدیایە بینەر دەهێنێتە پێكەنین نەك لەشولار،بەلآم رەنگە هۆكارە سەرەكییەكەی لاوازیی كۆمێدیا لە فیلمەكەدا ئەوە بێت كە ئامرازەكانی دەرهێنەر بۆ خولقاندنی كۆمێدیا لە فیلمەكەدا لاواز بوو، جگە لە توانستی لاوازی هەندیٚ لە ئەكتەرە بەناوكۆمێدییەكان، لە هەمان كاتیشدا رەنگە دەرهێنەریش ئەوەندە ئاشنا بەكۆمێدیا نەبێت و هەموو دەرهێنەرێكیش ناتوانێت لە كۆمێدیادا یاری

بكات،تەنانەت لە هەندیٚ دیمەندا بینەر بەهۆی لاوازی ئامرازەكانی كۆمێدیا بەبیٚ دەسەلآتی دەرهێنەر لە كۆمێدیا پێكەنیٚ لەوانەش لە كاتی ون بوونی وەفات نامەكە حەمە پشتی بۆ بولبول دادەنوێنیٚ بۆ ئەوەی بگاتە گیرفانی پیاوەكە بۆ پشكنین كەچی بیٚ چونە سەرپشت حەمە دەیتوانیٚ لە بری ئەو بەزمە بیٚ تامە و بیٚ كۆمیدیایە گیرفانەكە بپشكنیٚ .

رووی دووهەمی كۆمێدیاكە پیاوە شێتەكەیەكە دەرهێنەر ویستویەتی هەندیٚ پرسی سادەی بازاڕی وەك خوێندنەوەی هەواڵی پلایس و دەرنافیس و(نەڕاندنی) بە شێوەیەكی قێزەوەن ، كەسایەتیەكی تراژیدی،سیاسی،كۆمێدی لیٚ دروست بكات،كەچی لە دروست كردنی ئەو كەسایەتیە هەرەس دێنیٚ و ناتوانێت هیچ پەیامێك لە رێگەی ئەو كەسایەتیەوە بگەیەنێت و هیچ فەلسەفەیەك لەو شێتەدا دروست بكات،بەتایبەت لە رووی هزری و سیاسی و كۆمەلآیەتیەوە باگ راوندێكی بداتیٚ و پاساو بۆ بوونی شیتەكە لەنێو رووداوەكاندا دیاری بكات،بۆیە كەسایەتیەكە دەبێتە شتێكی زێدە لە فیلمەكەدا،لە هەمان كاتیشدا ئاستی هونەریی و بەها بنەڕەتیەكانی دیكەی فیلمەكەی سووك كرد .

ئەڤینداررییەكی رووت

تەوەری سێیەمی فیلمەكە پرسی ئەڤینداری و خۆشەویستییە كە دوو لقی لێ بۆتەوە  لە نێوان ( كوڕەكەی مام عەبدولرەحمان وهێرۆ و حەمەو دڵدارەكەی، بەڵام هەردوكییان دوو خۆشەویستی رووتی بێ بنەمان، یەكێییان نەهیچ سەرەتاییێكی هەیە نە هیچ باگ راوندێك و تەنیا بریتییە لە پرۆسەیەكی هاوسەرگیریی،دووهەمییان خۆشەویستی نێوان حەمەو دڵدارەكەی كە خۆشەویستییەكی یەك لایەنەی سادەیە،هیچ نموونەیەكمان بەدەستەوە نیە ناوی بنێین خۆشەویستی، پرسی بێوەژنێكە كەس خوازبینی ناكاو متمانەی بە كەس نیە بیخوازێ،ئامانجی ئەو تەنها هاوسەرگیرییە،هیچ پەیوەست بوونێكی خۆشەویستی بە حەمەوە نیە،كاتێكیش حەمە بڕیار دەدات بیخوازێ، زۆر بە ئاسانی هاوسەرگیریی لەگەڵدا دەكات، بۆیە من لە تەوەری خۆشەویستی دا شتێكم نەبینی ناوی خۆشەویستی بێت،تەنانەت ئەو ماچەش لەنێو ئەو خۆشەویستییە لاوازانەدا  بە هەدەر چوو،كە وەك پێویست لە فیلمەكەدا تەویف نەكرا .

دەرهێنەر دوو ئەكتەری ئافرەتی جوانی بە دەستەوە بوو، دەیتوانی سوود لە كراوەیی وئامادە باشی ئەوان وەرگرێ بۆ هەر رۆڵێك و لە بری دوو خۆشەویستی رووخاوو سواودا دا تەنیا خۆشەویستییەكی جوانی دروست كردایە كە لایەنێكی فیلمەكەی بە چێژتر كردایە.

كارە هونەرییەكان :

نكۆڵی لەوەدا ناكرێت كە ستافێكی پرۆفیشناڵی هونەریی لە وێنەگرو ئەندازیارانی دەنگ و هونەری مۆنتاژ لەو كارە سینەماییەدا كۆ بوونەتەوە لەوانە:مۆنتێرێكی بولگاری و موزیكی یۆنانی و وینەگری ئێرانی بەوپێوەرەش بوایە، دەبوا فیلمەكە لەرووی هونەرییەوە لە ئاستێكی باشتر بوایە كە ئێمە بینیمان، بەتایبەت لە رووی وێنەگرتنەوە، هەستم بە بۆشاییەكی فرەوان كرد لە رووی وێنەگرتنەوە تەنانەت گرتەیەكی سینەمایی ئەوتۆمان نەبینی رامانچڵەكێنیێ، یا وێنەیەك هێماییێكمان پێ ببەخشێ،كە بزانین وێنە وەك سیناریۆ،وەك دەنگ،وەك موزیك لەو بەرهەمەدا شوێنی تایبەتی خۆیانیان هەیە، هەربۆنموونەش لەپرۆسەی بوون بەپێشمەرگەو سەركەوتنی شاخ ودیمەنی تری رۆمانسی لە تەوەری خۆشەویستی و چەندین بواری تر..

موزیك ـ بە پێچەوانەی وێنەگرتنەوە کاریگەرییەکی ئەکتیفی هەبوو لە سەر بەزیندوو ڕاگرتنی دیمەنەکان وگوزارشت کردن لەحاڵەتی نیگەرانی ودیمەنی سامناك و خەون و دیمەنە کۆمێدییەکان .

لە ڕووی مۆنتاژەوە دەست وپەنجەیەکی ڕەنگین لە فیلمەکەدا درکی پێ دەکرێت، بەڵام لە هەندێ دیمەندا بینەر هەست بە درێژە دادڕی دەکات، بە تایبەت لە دیمەنی دەست پێکدا، دیمەنی شایی و هەڵپەڕکێکەدا،کەچی هەندێ دیمەنیشی زۆر خێرایەو پێویستی بە هەناسەیەکی درێژتر هەیە، لەوانەش دیمەنی بوون بە پێشمەرگەو بە جێ هێشتنی  بووکەکەو ماڵئاوایی لێکردن، ئەگەر مۆنتاژ زێتر لەوەندە لەسەر ئەو دیمەنانە بوەستایە، ئەوە دەیتوانی لەو بەجێ هێشتنە ساردوسڕە خۆی ڕزگار بکات وپتر لەوەندە ئەو دیمەنە بۆ جوانکردنی فیلمەکەو سرنج ڕاکێشانی بینەر قۆرخ بکات .

ئەکتەرەکان :

گۆڤار ئەنوەر وتەحسین بولبول:

دەرهێنەر لە هەڵبژاردنی ئەکتەرەکانیدا بەگشتی گرنگیەکی تایبەتی بەچەند ئەکتەرێکی کۆمێدی دابوو لە چەشنی (گۆڤار ئەنوەرو تەها ئەغا جان وتەحسین بولبول) بەوناوەی کە فۆرمی گشتی فیلمەکەی کۆمێدیا بوو، بەڵام ئایا دەرهێنەر تا چەند توانی شوێنی کۆمێدیا لە فیلمەکەی خۆیدا بکاتەوە؟ ئەوە ڕەنگە بینەر بتوانێ وەڵامی دروستی ئەو پرسیارە بداتەوە، بۆ دیمەنە تراژیدییەکان هەڵبژاردنی ئەکتەرێکی وەك(ناسرحەسەن) بۆ ڕۆڵی مام عەبدولرەحمان  باوکی سەربازە کوژراوەکە لە جێی خۆی دابوو، ناسر هەم بەو ستایلەی هەیەتی  لە شێوەو ڕوخساردا توانی  وێنەی ئەو کاراکتەرەت  پێ ببەخشێت،کە لە مەزەندەی ئێمە دابوو وەك بینەر، هەمیش لە ڕووی نواندنەوە ئەکتەرێکی سەرکەوتوو بێت لە ئەدا دا، پێشم وابوو ناسر وەك ئەکتەرکاریگەری خۆی هەبوولە سەر ئەنجامی فیلمەکە . ئەگەرچی ناسر دەرهێنەرێکی دراماو سینەمایە، بەڵام وەك ئەکتەریش چەند ئەزموونێکی هەیە، کەمن پێم وایە لەو ئەزموونەدا لەبەرهەمەکانی ڕابووردووی سەرکەوتوو تر بووە .

تەها ئەغا جان ـ ئەكتەرێكی لێهاتووە لە نواندندا، بەلاّم لەم فیلمەدا و لە رۆلّی شێتەكەدا نەیتوانی ببێتە ئەو شێتەی هەلّگری فەلسەفەیەك بێت جگە لە ئەدا كردنی چەند دیمەنێكی بە تالّ لە ناوەرۆكدا.

عومەر چاوشین :

عومەر چاوشێن  لەو رۆلّە جوانەی پێی بەخشرابوو،دەرفەتی كەمی درابوێ كە نەتوانێت كەسایەتیەكەی خۆی تێر بكات و شوێنی یەزیدییەكانیش لە ڕووداوەكاندا زێتر دەست نیشان بكات و پانتاییەكی زیتر بۆ یەزیدییەكان فەراهەم بكات، عومەر چاوشین  پڕ بە پێستی كاراكتەرەكەی خۆی بوو، بەلاّم نازانم دەرهێنەر بۆچی پیشەی مەی دروست كردنی دابووە ئەو پیاوە یەزیدییە؟ لەكاتێكا مەی دروست كردن زێتر پیشەی مەسیحییەكانە نەك یەزیدییەكان ؟

ئەنوەر شێخانی :

ئەنوەر شێخانی ئەكتەرێكی خاوەن ئەزموونە لە سینەماداو روخسارێكی سینەمایی باشی هەیە،هەلّبژاردنی وەك پیرە پیاوێكی مەسیحی زۆر كارێكی شیاو بوو، شێوەكەشی یاریدەدەر بوو بۆ بەرجەستە كردنی كەسایەتی مام نوئێل، بەلاّم لە هەندێ شوێندا دەیویست لاسایی زمانی پیاوێكی مەسیحی بكاتەوە و لە هەندێ شوێنیشدا ئەوەی لە بیر دەچۆوە كە مەسیحییە .

ئەنجام:

ئەم ئەزموونە بۆ شاخەوان ئیدریس وێڕای هەموو سەرنجەكان ئەزموونێكی نوێ بوو، هیوای ئەوەی لێ دەخوازرێ كە ئەو نۆبەرە فیلمە درێژە  بەرهەمی باشتری بە دوا دابێت، ئەو سەركەوتوو بوو لە هەلّبژاردنی سیناریۆی فیلمەكە بە پلەی یەكەم، بەلاّم گرنگە ئەگەر لە داهاتوودا لەرووی مۆنتاژی سیناریۆو زمان و دیالۆگ و دروست كردنی كەسایەتیەكان و هاوسەنگ راگرتنی  وەك دەرهێنەرو بەرجەستە كردنی ڕووداوەكان ئەزموونی خۆی دەولّەمەندتر كات وهاوكاری زێتری  وێنەگرەكان بكات بۆ گەیاندنی بخۆی دیمەنەكان .

# ئالأییێكی بیٚ نیشتمان و فیلمێكی بیٚ ئامانج



بەهمەن قوبادی لەو رۆژانەدا دوا فیلمی خۆی (ئالآی بیٚ نیشتیمان) ی لە نمایشیكی تایبەتیدا بۆ كۆمەلٚیٚ بەرپرس لە فامیلی مۆل نمایش كردو لە بازنەیەكی ئێجگار تەسكدا، بۆ ئەوەی بیسەلمێنیٚ كە فیلمەكە نمایش كرا، بە گشتی فیلمەكە بۆ بەهمەن قوبادی كە ناوێكی دیاری بواری سینەمای كوردییە لێژبوونەوەیەكی هونەریی خێرا بوو بۆ دواوەو بە زەرەرو زیانێكی گەورە هەلٚدەكەوێتەوە، كە من پێم وایە زەرەرو زیانەكە هەر تەنها بەر پێگەی خودی بەهمەن قوبادی  ناكەوێت، بەلٚكو بەر سینەمای كوردیش دەكەوێت ، كە خەلٚكی لە رێگەی سینەماكارانی وەك بەهمەن ئاواتی دروست بوون و پێشكەوتنی بۆ دەخوازن .

بەهمەن قوبادی بەدەر لەوەی كە هونەرمەندێكی كوردە و جێگەی شانازیمان بووە كە لە چەند سالٚی رابووردوودا وەك كورد لە فیستیڤالٚە نێو دەولٚەتیەكاندا پێگەی هەبووە، بەلأم هەر لە سەرەتادا ئایدۆلۆژیاو فەلسەفەیەكی ئەوتۆی پیٚ نەبووە بۆ بەرژەوەندی بالأی نەتەوەكەی  كە بتوانێت ئەو كۆمەلٚگایە لەرووی مێژوو، شارستانیەت و بە مەدەنی بوونەوە، وەك خۆی بەرجەستە بكات، بەلٚكو هەمیشە كوردی وەك گەلێكی سەقەت و نەخوێندەوارو قاچاخچی نیشان داوە، كە لە هنودە سوورەكان بچێت و شتیٚ لە شارستانیەت تیٚ نەگەیشتبیٚ، جێگەی داخیشە زۆر لەو فیلمانەی كە تێیدا  رووی رەسەنایەتی كۆمەلٚگای كوردی تێدا شێواندراوە بە پارەو پشتگیری دەسەلأتداریەتی كورد خۆی بووە .

لە دوا فیلمی خۆشیدا (ئالآی بیٚ ولآت) بە ئاراستەیەكی تردا دەڕوات و پرسی بازرگانی خستۆتە ژێر چەتری ناونیشانێكی زلی نیشتمانی كە ئەو ناونیشانە لە فیلمەكەدا هیچ ئامانج و بوونێكی نەبێت .

دەرهێنەر لەو فیلمەدا دەیەوێت لە سەر سیٚ تەوەر سیناریۆ بیٚ نەخشەكەی خۆی داڕێژیٚ، تەوەری یەكەم :

تەوری رێكلام كردنە بۆ شاری هەولێر كە تێیدا چەند دیمەنێكی شاری هەولێر لە رووی ئاوەدانی و پێشكەوتنی بیناسازی نمایش دەكات بۆ رازی كردنی سپۆنسەرەكەی خۆی كە پارێزگای هەولێرەو بودجەیەكی زۆری بۆ ئەو فیلمە تەرخان كردووە، كە نەك هەر نەیتوانی بەو فیلمە رێكلامیەی كە بینەر پێی ئاشنایەو چەندین جار لە كەناڵەكاندا نمایش كراوە و ئیزافەیەكی تێدا نەكراوە، هیچی تری بۆ شاری هەولێر نەكردووە كە ئەو بودجەیەی پیٚ وەرگریٚ ،ئەو لە لاییێك رێكلام بۆ گەشەسەندنی ئابووری و شارستانی شاری هەولێر نیشان دەدات، لەلاییێكی تر شارێك وەك سیكراب خانەو كەمتەرخەم لە رووی خزمەتگوزاری بۆ ئاوارەكان، لەرووی هونەریشەوە ناكرێت فیلمی رێكلامی و بازرگانی یاخود دیكۆمێنتی تێكەآوی فیلمی درێژ بكرێت، كە هەر یەكەو تایبەتمەندی خۆیان هەیە، ئەم رێكلامە بەشێكی زۆری فیلمەكەی داگیر كردبوو كە دیارە ئەم جۆرە فیلمانەش كە رێكلامی بازرگانی هەڵدەگرن لە فیستیڤاڵە نێو دەوڵەتیەكان نماش ناكرێن، لە بازاڕیشدا نافرۆشرێن، مەگەر تەنها ئەگەر لە كەناڵێكی تەلەفزیۆنی لۆكاڵدا نمایش بكرێن، بۆ ئەوەی بڵێن فیلمەكە نمایش كرا، كەواتە پارێزگای هەولێر چ سوودێكی لەو فیلمەدا بینی كە لەو هەلومەرجە تەنگەتاوە ئابوورییەدا سپۆنسەرایەتی فیلمێكی وا سەقەت دەكات ؟

تەوەری دووەمی فیلمەكە سەربوردەی ژیانی گۆرانی بێژ (هیلی لۆڤ) بوو، كە باس لە سەربوردەی ژیانی منداڵی خۆی لە ئێران و ئاوارە بوونیان و چوونە هەندەران دەكات، تا كۆتایی كە دەبێتە مامۆستاییێكی موزیكی منداڵآن لە یەكیٚ لە خیوەتگای ئاوارەكان، ئەو تەوەرەش سپۆنسەرێكی تایبەتی خۆی هەبووە جگە لە سپۆنسەرایەتی پارێزگای هەولێر، بە خواستی سپۆنسەر هیلی لۆڤ هەڵبژێردراوە و كراوە بە بابەت، ئەگەرنا ئەو لەو گۆرانی بێژانەی تۆپ دا نیە تا فیلم لە سەر ژیانیدا بكرێت، تۆ ئەگەر وەك دەرهێنەرێكی سینەمایی بتەوێت فیلمێك لە سەر ئەو ژنە گۆرانی بێژە بكەیت

ئازادی، بەلاّم بەشێوەیەك نا کە فیلمەکەت بکەیت بە فیلمێکی کۆکتێل بۆ هەموو ئەو بابەتانەی سپۆنسەریان بۆدەبێت و ئامانجی سەرەکی وئاستی فیلمەکەت بکەیتە قوربانی پرسێکی بازرگانی و حیسابێك بۆ هەوادارانی خۆت و پێگەی هونەریی خۆت نەکەیت .

هەر لە رووی هونەرییەوە من تا ئێستا هیچ فیلمێکی درێژم نەدیوە تێیدا کلیپی گۆرانی لە سەرەتایەوە تا کۆتایەکەی نمایش بکرێت ئەگەر بە ئامانجی درێژ کردنەوەی کات و رازی کردنی سپۆنسەر نەبێت ، بەلاّم کەسێك کە خۆی بە خاوەن سینەماکارێکی بە ئەزموون بزانێت چۆن ئەو پرسیارە لە خۆی ناکات ئایا ئێمە لە سینەما دانیشتووین یان بەرامبەر بە تەلەفزیۆن ؟ دواتر ئێمە فیلمی درێژمان هەیە لە سەر پرسێکی نیشتمانی پڕ لە تراژیدیای وەك شنگال و کۆبانی یان گۆرانی روك ودیسکۆ بەرجەستە دەکەین ؟

تەوەری سێیەم تەوەری چیرۆکی ژیانی نەریمانی فرۆکەوان بوو، کە لە سەرەتادا کرۆکی ئامانجی دەرهێنەر بووە کە فیلمێك لە سەر ئەو کوڕە هەولێرییە دروست بکات کە لە ئەشقی کچێك فرۆکەیەك دروست دەکات، بەلاّم دواتر دەرهێنەر بۆ پەیدا کردنی سپۆنسەر تەوەری هەولێرو هیلی لۆڤی خستە سەر، بەمەش ئامانجی سەرەکی فیلمەکەی لە دەست دا و سیناریۆی فیلمەکەی بە شێوەیەك ئالۆز کرد، کە ئەو سیٚ تەوەرانە بە هیچ شێوەیەك ئاوێتەی یەکتر نەبن .دەرهێنەر زۆر دەست کورت بووە لە رووی لێك بەستنەوەی تەوەرەکان بە یەکترەوە، هەست دەکەیت فیلمەکە بە هۆی ئەو رێکلامە بازرگانیەی هەولێر لە ئەتمۆسفیری سینەماییت دەردێنیٚ و ئەو مۆرکە بازرگانیە بە سەر سەراپای فیلمەکەدا دەبینی کە کاریگەری نەرێنیانەی خۆیان بە سەر ئامانج و ئاستی هونەرییانەی فیلمەکە بە جیٚ هێشتووە، لەهەمان کاتیشدا لێك بەستنەوەی فرۆکەوانەکە بە هیلی لۆڤەوە لێك بەستنەوەیەکی لاوازەو تەنها لە دوو دیمەندا بە یەك دەگەن ،لە دیمەنێکا کە هیلی لۆڤ داوای لیٚ دەکات بە فرۆکە گەشتێکی ئاسمانی لە گەلیٚ دا بکات بۆ تۆمار کردنی هەندیٚ دیمەن، دیمەنەکە لە گەشتێکی کورتی ئاسایی چەند چرکەیی نێوان دوو کەس هیچی تر نیە کە هیچ دراماو رووداوێکیان تێدا نیە، لە گرتەیەکی دیکەی رووکەش و زێدە رۆی تر کە گوایە هەردوکیان لەناو ئیڤەیەکی سەربازییەوە دەچنە کۆبانی، بەلاّم بە بیٚ ئەوەی هیچ نیشانەیەکمان لە پەیوەندی خۆشەویستی نێوانیاندا نیشان بدات

جگە لە نیشاندانی گرتەیەكی مردوو نەبێت كە هیچ چێژو وروژاندنێكی تێدا نیەو كۆتایی فیلمەكەی پێ دێنێ .

بینەر لە سەراپای فیلمەكەدا هەست بە درێژە دادڕیەكی زۆر دەكات لە دیمەنەكان و دیالۆگەكان، وەك ئەوەی دەرهێنەر بیەوێت بە هەر شێوەیەك بێت بە زۆرە ملی كات درێژ بكاتەوە، ئەگەرنا زۆر لەو گرتانە گرتەی زۆر ناوازە بوون كە بینەر لە مۆنتاژدا نەیبڕیبوون، بەتایبەت درێژە دادریەكانی كارگەی دروست كردنی فڕۆكەكە و شوێنی سیكرابەكان، كە بە تەواوی بینەرییان دووچاری بێزاربوون كردبوو . لە هەمان كاتیشدا دەرهێنەر چونكە مەبەستی لە كۆڵ كردنەوەی فیلمەكە بووە زۆربەی دیمەنەكانی لە ئەرشیفی فڕۆكەوانەكەو كلیپەكانی هیلی لۆڤ و فیلمە دیكۆمێنتیەكانی شاری هەولێر وەرگرتووە ، كە زۆربەی ئەو فیلمانە لە رووی كوالیتەوە چونكە بە كامێرای سادەی دەستی وەرگیراون بۆ سینەما ناشێن، بە تایبەت ئەرشیفی فڕۆكەوانەكە كە زۆربەی پانتایی فیلمەكەی داگیر كردووە، ئایا بە بۆچوونی دەرهێنەر بینەر ئەوەندە سادەیە لەوە نەگا كە ئەو ئەرشیفە سادانە بۆ بەكارهێنان ناشێن لە فیلمی درێژدا، مەگەر تەنها چەند گرتەیەك نەبێت بۆ فیلمی دیكۆمێنتی ؟ بۆیە دوای ئەوەی دیمەنە ئەرشیفییەكانی فڕۆكەوانەكەوكلیپەكانی هیلی لۆڤ و فیلمە دیكۆمێنتیەكانی هەولێر لە فیلمەكە دەدێنی، كە هیچیان بۆ سینەما ناشێن، بەشێكی كەم لە وێنەگرتن بۆ دەرهێنەر ماوەتەوە كە ناكاتە چارەگی ماوەی فیلمەكە ..

ئیدی بینەر نازانێت دەرهێنەر چ ناوێك لە فیلمێكی درێژ دەنێت كە سێ چارەگی لە وێنەگرتنی خۆی نەبێت ؟ دەرهێنەر بۆ بەرجەستە كردنی پاڵەوانی سەرەكی فیلمەكە كە نەریمانی فڕۆكەوان بوو، زیاتر لە پێنج ئەكتەری منداڵ و هەرزەكار رۆڵی ئەو فڕۆكەوانەیان بینی بوو ، ئەمە لە كاتێكا كە تەنها دوو ئەكتەر بەس بوون بۆ خۆ رزگار كردن لە و سەر لێ شێوانەو بەرجەستە كردنی كەسایەتی فڕۆكەوانەكە، بەمەش دەرهێنەر لەگۆڕینی خێرای وێنای پاڵەوانی فیلمەكەی لەزەهنی بینەردا لاوزا كرد، هەندێ دیمەنی سەربەخۆی بێ پاساو خرابوونە ناو فیلمەكە بێ ئەوەی بینەر بزانێت، ئەو دیمەنانە بۆ بە زۆر خراونەتە ناو فیلمەكە وەك موجامەلەیەك بۆ هەندێ كەس و هەندێ لایەن، لە سەر حیسابی ئاستی فیلمەكە، لەوانەش ئەو دیمەنەی كە هیلی لۆف بە راسپاردەی كەسێك دەچێتە

كۆگای چەك و داوای تفەنگ دەكات، ئەفسەرە پۆلیسەكە پێی دەڵێ ئەوجە تفەنگ چیە وامزانی تانك و فڕۆكەت دەوێ، ببە چەندت دەوێ حەوت  هەشت تفەنگ ؟

جارێ نەمانزانی هیلی لۆۋ تفەنگی بۆچی بوو؟ پاشان ئەوە چ گاڵتە جارییەكە  بە پۆلیس كە  بە قسەی كەسێك ئامادە بێت نەك هەر حەوت هەشت تفەنگ بەڵكو  تانك و فڕۆكە بداتە ژنێك ،ئایا ئەو فیلمە لە ڕەسەندا بۆ ئەوە دروست كراوە كەس نەیبینێ  و دوای دەست كەوتنی داهاتەكەی فرێ بدرێ، یان حیسابی ئەوەی بۆ نەكراوە بینەرێكی بیانی دیمەنی وا نا بەرپرسانە ببینێ  و سەری لەم جۆرە یاسایە سوڕ بمینێ كە لەو وڵاتەدا پیادە دەكرێ، ئایا بە دیمەنی وا ئێمە لە سینەمادا دەیسەلمێنین كە یاساو حكومەت لەو وڵاتەدا هەیە ؟سەیرە دەرهێنەرێك خۆی بخاتە ریزی دەرهێنەرە سینەماكارە جیهانییەكان دیمەن بۆ موجامەلە كردنی ئەم و ئەو بخاتە ناو فیلمەكەی ؟ ئایا ئەگەر دەرهێنەرێك نیازی ئەوەی هەبووبێت ئەو فیلمە لە فیستیڤاڵێكی جیهانیدا نیشان بدات، رووی ئەوەی هەیە بەو سەقەتیە ی مۆنتاژو وێنەو سیناریۆ لاوازەوە فیلمەكەی نمایش بكات ؟

هەر بینەرێك بە دوو رێگە دەتوانێت هەر دراماو فیلم و شانۆگەریەك لای خۆیەوە هەڵسەنگێنێ و بزانێت ئەو كارە سەركەوتووە یا نا كە بریتین لەوەی یەكەم: ئەگەر دوای دەرچوونت لە هۆڵەكە هەستت كرد بەرهەمەكە خەیاڵت دەوروژێنێ و دیمەنە جوانەكان لە مێشكتدا خول دەخۆنەوەو جۆرێك لە سەرسام بوون دڵو دەروونی داگیر كردووی، ئەو كات بۆت دەردەكەوێت كە كاتەكانت بە فیڕۆ نەچوونەو تۆ بەرهەمێكی سەركەوتووت دیوە .

دووهەمیان: ئەگەر بەرهەمێكت بینی و جاریكی دیكە لە بینینەوەی بێزار نەبوویت ئەوە بزانە كە بەرهەمێكی سەركەوتووە، ونكە درامای كوردی وا هەیە كە دەیان جار دیوئێستاكە كە دەیانبینییەوە وا دەزانی بۆ یەكەمجارە دەیبینی، ئەمە نیشانەی داهێنا ن و نەمری ئەو بەرهەمەیە ، بەڵام ئەگەر هەردوو خاڵ بە شێوەی دوو پرسیار لە هەر بینەرێكی فیلمەكەی بەهمەن بكەیت ئەوە بۆ یەكەم خاڵ پێت دەڵێت: نەخێر هیچ دیمەنێك لە فیلمەكەدا نەیوروژاندم و بە دەست بە تاڵی لە هۆڵەكە هاتمە دەرەوە، بۆ خاڵی دووەمیش پێت دەڵێ : نەخێر هەرگیز ئارەزووی بینینەوەی فیلمەكە ناكەم، خۆ ئەگەر خۆم نەگرتایە دەبوا بەر لە تەواو بوونی هۆڵەكەم جێ هێشتایە.

# سلاو پێشمەرگە لە فیلمی جەنگ دا



سینەمای كوردی تا ئێستا زۆر دەست كورت بووە لە بەرجەستە كردنی ئەو ڕووداوە مێژووییانەی بە سەر نەتەوەكەماندا هاتوون، یان ئەو ڕۆڵە قارەمانەتیانەی پێشمەرگە بینییویەتی بۆ بەرگری كردن لە خاك و نەتەوە، بۆیە ئەو هەوڵەی دەرهێنەر(حەسەن عەلی) لە فیلمی سلاو پێشمەرگە ـ كە لە نمایشێكی تایبەتیدا لە هۆڵی شەهید سەعد عەبدوڵلا نماییش كرا، دەكەوێتە چوارچیوەی ئەو ئامانجە كە سینەما ببێتە دەروازەیەك بۆ تۆمار كردنی ئەو مێژووە پڕ لە سەروەریانەی پێشمەرگەو نیشاندانی بە ڕووی جیهاندا ..لە سینەمادا تەنیا ڕووداو بەس نیە بۆ سیناریۆی فیلم، بەڵكو لە ڕووداو گرنگتر زمانی سینەمایە كە بریتیە لە تەكنیك و هونەرەكانی دیكەی سینەماو ئەكتەر، چونكە زۆر جاری وا هەیە ڕووداوی بچووك لای دەرهێنەری بەتوانا لە سینەمادا بەگەورەیی دەردەكەون و هەندێ جاریش ڕووداوی گەورە، بەلاوازیی دەسەڵاتە هونەرییەكانی دەرهێنەری سینەما، بچووك دەكرێنەوەو بەها درامییەكانی لە دەست دەدەن .

حەسەن عەلی لەو فیلمەدا هاوسەنگییەكی لە نێوان سیناریۆو كارە هونەرییەكاندا دروست كردووە، هەم توانیوویەتی فەلسەفەو ئامانجێكی نەتەوەیی بگەیەنێت بە بەرجەستە كردنی ڕووی قارەمانیەتی و ئاشتی خوازی و نیشتمان پەروەری پێشمەرگە، هەمیش ئەو سیناریۆیە بە زمانێكی سینەمایی و

تەکنیکێکی بالاّ بە بینەر گەیاندووە، ئەو لە سیناریۆکەدا چیرۆکی ئەو کۆمەڵە پێشمەرگە قارەمانانە دەگێڕێتەوە کە لە سالآنی هەشتاکاندا و دوای کیمیابارانکردنی هەڵەبجە،بڕیاری ئەوە دەدەن کە ئافرەتێکی رۆژنامە نووسی ئەڵمانی بە خۆی و هەموو دیکۆمێنت و فیلم و کەرەستەکانییەوە لە سنووری ئێراقدا ئاودیوی ئەمدیو بکەن، بۆ ئەوەی ئەو رۆژنامەنووسە ئەو فیلم و دیکۆمێنتانە نیشانی گەلانی ئەورووپا بداو لە مەزلوومیەتی کورد بە ئاگایان بێنێتەوە، بۆ راپەڕاندنی ئەو ئەرکەش پێشمەرگە دووچاری گەلێك هەڵویستی سەخت و دژوارو روو بە رووبوونەوەی خەتەرناك دەبێت .

دەرهێنەر دەیەوێت لەو سیناریۆیەدا پێشمەرگە وەك بەرگری کارێك لە دۆزێك نیشان بدات، کە هەمیشە وەك لە دیالۆگێکدا پێناسەی خۆی دەکات و دەڵێت: پێشمەرگە کەسێکە کە خۆی لە پێناو خاکەکەی دا دەکاتە قوربانی، رۆڵەی گەلێکی ئازادیخوازو ئاشتی خوازە، دەرهێنەر لە سەرێکەوە پێشمەرگە وەك قارەمان بەرجەستە دەکات، لە سەرەکەی ترەوە وەك ئاشتی خواز، بۆ ئەمەش هەمیشە کۆتری کردۆتە هێمای ئەو ئاشتیە و لە هیچ هەلومەرجێکی سەخت و دژواردا، دەست بەرداری ئاشتی نابێت و لەو کۆترە جیا نابێتەوە، بۆیە بینەر چەند ئەوەندەی چێژ لە فەلسەفەی سیناریۆکە وەردەگرێ، ئەوەندەش چێژ لەگرتە سینەماییەکان، بەبەکارهێنانی کامیرایەکی هەستیارو، مۆنتاژێکی بێ گرێ و موزیکێکی کاریگەر و نواندنێکی بێ هەڵچوون، لە ئەتمۆسفیرێکی سیحراوی دا، دەرهێنەر لەو ئەتمۆسفیرە بەفراوییەدا، قوڵی ئەو بڕوا بە خۆ بوونەی پێشمەرگەی بەرجەستە کردووە بەرامبەر بەدۆزە رەواکەی، کە هیچ تەگەرەیەك نەیتوانییوە وای لێ بکات دەست لە ئامانجەکانی هەڵگرێت، چەند ئەوەندەی پڕ لە مشەقەتی بووبێت، لە هەمان کاتیشدا خۆی لە قەرەی تاقیکردنەوەیەکی ئێجگار سەختی هونەری داوە، لەژێر چڕی بەفر باران و تەم و مژی رێگا بەفرانبارەکاندا وێنەکانی تۆمار کردووە، ئەمەش دەسەلأتێکی گەورەی دەرهێنەری دەرخستووە بۆ زاڵ بوون بەسەر بەرجەستە کردنی هەلو مەرجە سەخت و دژوارەکاندا، کە بینەر تیایدا هەست بە هەمان تەنگەتاوی بکات و لە سەختی رووداوەکان نزیکتر بێتەوە لە رووی دەروونییەوە، وێڕای ئەو ستاتیکایەی بینەر لە کەشو هەواو ئەتمۆسفیری دیمەنەکاندا چێژی لێ وەردەگرێت .

سینەمای کوردی لە رووی سینەمای جەنگەوە دەست کورت بووە و ئەزموونێکی ئەو تۆی نەبووە، جگە لە چەند هەوڵێکی بچووك نەبێت، چونکە سینەمای جەنگ جگە لە پێداویستییە سەربازییەکان ،

وەك تانك و فڕۆكەو زری پۆش و تەقەمەنی، كە ڕەنگە دەستەبەركردنیان و بەكارهێنانیان كارێكی ئاسان نەبێت ،پێویستی بە شارەزاو پسپۆر هەیە لە بواری تەقاندنەوەو تەكنیكی سەربازی و تەقەمەنییەوە، كە دەرهێنەر بە شێوەیەكی زیندوو بەكاری هێناون و سیماییێكی سروشتی پێ بەخشییون، ئەم لێهاتوویيە لە بەكارهێنانی ئەو چەك و تەقەمەنییانە لایەنێكی زۆری فیلمەكەی بە زیندوویی ڕاگرتووە، بێگومان دەنگ و موئەسیراتی دەنگ كاریگەرییەكی زۆریان بە سەر بە زیندوو ڕاگرتنی دیمەنەكاندا بە جێ هێشتووە .

مۆنتاژ بە هاوسەنگی و دوور لە گرێ، هیچ بوارێكی بۆ بینەر بە جێ نەهێشتووە، بۆ ئەوەی دووچاری سارد بوونەوە و مەیین بێت، تەنیا تایتلی فیلمەكە نەبێت كە بە ریتمێكی خێرا لە شەڕوشۆڕ دەست پێ دەكات و دەستپێكی فیلمەكەی لاواز كردووە، ئەو دەستپێكە لە نرخ و بەهای دیمەنەكانی دواتری فیلمەكەی كەم كردۆتەوە، كە بینەر لە هەندێكییاندا هەست بە دووبارە بوونەوەیان دەكات ..

ئەحمەد رامبۆ ـ كە نووسەرو ئەكتەرو بەرهەمهێنەری فیلمەكەیە، بۆ یەكەمجارە لە سینەمادا ڕۆڵ دەبینێت، بەڵام توانیوویەتی وەك پێویست ئەدای ڕۆڵی پاڵەوانی فیلمەكە بكات، ئەكتەرەكانی دیكەی فیلمەكە كە جیاوازییان لە شێوەزارو لە ناوچەو جوگرافیادا هەیە، پێكهاتەیەكی ڕاستەقینە لە پێشمەرگە پێك دەهێنن، كە یەك ئامانج و چارەنووس بە یەكیان دەبەستێتەوە وتوانیوویانە هەر یەكەو ئەدای ڕۆڵی خۆی بكات وەك پێویست .

بینەر لەگەڵ كارزانی ئاشق بە كۆترو ئاشق بە دڵدارەكەی، زێتر سۆز دەیگرێت كاراكتەرەكانی تر، چونكە ئەو بۆ ئامانجێك گەورەتر لە هەردوو ئەڤینداری ئەو ڕێگا سەختەی هاتونەهاتە هەڵدەبژێرێ ، لە ئاكامیشدا گیانی خۆی بۆ دەكاتە قۆچی قوربانی و جوانترین  هێمای وەفاداری تۆمار دەكات، كە بینەر بە ئاسانی نەتوانێت لە بیری بچێتەوە .

دەرهێنەر بۆ ڕۆڵی ئەو كچە پەیامنێرە ئەڵمانیەی كوردستان، كچە ئەكتەرێكی ئەڵمانی لە فیلمەكەدا بەشداری پێ دەكات، بەمەش ڕووییەكی ڕاستەقینەو ڕاستگۆیانە لە ڕەسم كردنی ئەو كەسایەتیە وەك خۆی نیشان بدات، ئەو ئەكتەرە ئەڵمانیە ئەوەندە ئاوێزانی ڕۆڵەكەی خۆی ببوو، هەستت دەكرد، نەك هەر تەنها ئەدای بەرجەستە كردنێكی سەركەوتووانەی ئەو كچە ڕۆژنامەنووسە ئەڵمانیەی كرد، بەڵكو

بینەر هەستی بەوە کرد کە ئەکتەرەکە لە ناو ڕۆڵەکەی خۆیدا بووە بە پێشمەرگەیەك و پارچەیەکی زیندوو لە واقیعی ڕووداوەکان، بۆیە من پێم وایە هەڵبژاردنی ئەکتەرەکان کاریگەری خۆیان هەبوو لە سەر بە زیندوو ڕاگرتنی لایەنی نواندن لە فیلمەکەدا.

دواتر پێم وایە حەسەن عەلی ـ بە ئاراستەی دەوڵەمەند بوونی ئەزموونە سینەماییەکانی خۆی دەڕوات و لەو بوارەشدا بڕوا بە خۆ بوون و سووربوونێکی زۆری پێوە دیارە، بەو نیشانەیەی کە مەودایێکی بەرفرەوانی لە جیاوازی لە تێکڕای بوارەکاندا لە گەڵ بەرهەمەکانی پێشووی دروست کردووە، لە هەمان کاتیشدا ئەو فیلمە هەم بەئاراستەی فیلمی فیستیڤاڵدا دەڕوات و وا چاوەڕوان دەکرێت کە لە چەندین فیستیڤاڵی نێو دەوڵەتیدا شوێنی بۆ بکرێتەوە، لە هەمان کاتیشدا لە ڕووی بە بازاڕ بوونیشەوە، فیلمێکی بە هەڕمێن بێت، لە شارەکانی کوردستاندا .

# ژانی گەل لەنێوان رۆمان و سینەمادا



(ژانی گەل) ی ئیبراهیم ئەحمەد وەك رۆمانێكی دانسقە لە نێو رۆمانە كوردییەكاندا، تا سەردەمانێكی دوورو درێژی مێژوو تا ئەمڕۆ، كاریگەری ئەرێنییانەی بەسەر هزروبیری خوێنەری كورد بەجێ هێشتووە ،بەجۆرێك ئەو ئاسەوارە سیاسی و نەتەوەیی و مرۆییانەی لە ناواخنی رۆمانەكەدا هاتوون، وەك پارچەیەك لە مێژووی خوێناوی كورد، بەها ئەدەبی و وێژدانییەكانی لە هیچ زەمەنێكا لە دەست نەداوە، ئەمەش نیشانەیەكە لە نیشانەكانی ئەدەبی میللی نەمر، چ وەك تێكستێكی ئەدەبی بەپێز، كە بەئاسانی خوێنەر خولیاو هۆگری زمان و توخمە وروژێنەرەكانی دیكەی خۆی بكات و لەم پێودانگەوە بە هەزاران گەنج لاوی كوردستان، لەئەشق و خولیابوون بەو رۆمانە، خزانە نێو دنیای ئەدەب، چ وەك پەیامێكی مێژوویی، كە هاندەر بێت بۆ وروژاندنی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی و بەرجەستەكردنی رۆژە سەخت و پڕ لە تەنگژەكانی نەتەوە، بۆیە هەڵبژاردنی (ژانی گەل) لە لایەن دەرهێنەر( جەمیل رۆستەمی) خۆی لە خۆیدا یەكەم هەنگاوی راست و تەندروستە، بۆ دروست كردنی زەمینەیەكی لە بار بۆ بونیاتنانی فیلمەكە لە بەر چەند هۆیەك :

1.تێكستێكی ئەدەبی گونجاوە بۆ دروست كردنی فیلم، بەهۆی چڕو پڕی رووداوەكان و فەلسەفەی پڕ لە بەهای تێكستەكە.

2.سینەمای کوردی لە جێی خۆی دایە ئەگەر تایبەتمەندییە نیشتمانیی و نەتەوەییەکانی لەسینەمادا بەرجەستە بکات و لە رێگەی سینەماوە بیگەیەنێتە هەموو جیهان .

3.لەرووی هونەرییەوە تێکستەکە زەمینەیەکی لە بار دەڕەخسێنیێ، بۆ دروست کردنی رووداوەکان، وەك ئەوەی تێکستەکە هەر لە رەسەندا بۆ سینەما نووسرابێتەوە، بە هۆی ئەو وێنە دراميیانەی لە تێکستەکەدا دەیبینی.

دەرهێنەر تاراددەیەکی زۆر پەیوەست بوونی خۆی بە تەوەرە بنەڕەتییەکانی تێکستەکە پاراستووە، بەلأم لە رووی هونەرییەوە خستویەتیە بەرگیکی نویێ و کاریگەر کە چێژی سینەمایەی خۆی ببەخشێت وەك سینەما، خۆ ئەگەرچی پەیوەست بوون بە تێکست مەرج نیە لە کاتی ئامادەکردنی رۆمان بۆ سینەما، ئەوەتا زۆرینەی شانۆگەرییەکانی شکسپیر لە لایەن لۆرانس ئۆلیڤیا بۆ سینەما بەرجەستە کراون، بەلأم هەریەك لەوان فۆرمی تایبەتی خۆیان هەیە، لێکتر جودا دەبنەوە و هەر یەکەو بەرەو جیهانیی تایبەتی خۆی دەکشیێ، ئەم ئەزموونەی بونیاتنانی فیلم لە سەر رۆمان بۆ ئێمە ئەزموونێکی  نویێ یە، چونکە هەمیشە سینەماکارانی ئێمە، پشت بەخۆیان دەبەستن بۆ دروست کردنی فیلم ،لە ئەنجامیشدا بۆشاییەك لە سیناریۆ لەو فیلمانەدا بە جیێ دێلًن، ئێمە لە کوردستان زۆر دەست کورتین لە رووی بەرجەستە کردنی مێژوو، کولتوورو داستان و بەسەرهاتەکانی خۆمان بۆ سینەما، چونکە ئەزموونمان لە داڕشتنی دەق و سیناریۆ بۆ سینەما لاوازە، ئەگەرنا ئێمە وەك کورد، یەکێکیین لە نەتەوە هەرە دەوڵەمەندەکانی دنیا لەم رووەوە.

هونەری داڕشتنی رۆمان بۆ فیلم هونەرێکەو  پێویستی بە شارەزایی و ئەزموون هەیە، هونەری ئەوەی چۆن دەرهێنەر وشە دەگۆڕێت بۆ وێنەو میتۆدی تایبەتی خۆی دەداتیێ ،تۆکاتیێ رۆمانەکانی مارکێز لە سینەمادا دەبینی، ئەوانە نین کە وەك رۆمان خوێندۆتەوە ،جیاوازییەك دەبینی لەنێوان خەیالٌ و زمان ودیالۆگ ،لەگەلٌ وێنەو سینۆگرافیای سینەمایی و هەموو روداوەکان لە پێش چاوتدا دەبن بە راستی، لە ژانی گەلدا دەرهێنەر بووە بە نووسەری دووەمی  رۆمانەکەو بە ئامرازە سینەماییەکانی خۆی، شتێکی نوێتر لە رۆمانی ژانی گەلت پیێ دەبەخشێت، کە لە رۆمانەکەدا هەستت پێی نەکردووە، ئاشنا بە هەموو ئەو کاراکتەرو پاڵەوانانە دەبیت، کە تۆ لەخەیاڵی خۆتا بە حەسرەتی بینینیان

بوویت و وێنەیەكی ترت بۆ چنی بوو، دوور لەوەی لە سینەما بینیت، دەرهێنەر خۆی لە هەموو ئەودیالۆگانە دوور خستۆتەوە كە خوێنەر لە كاتی خوێندنەوەدا پێویستیەتی و لە سینەمادا جێگەی نابێتەوە، دیالۆگەكان بوونەتە گرتەی كاریگەر و هەموو قسەیەكت بۆ دەكەن.

بۆ ئەوەش ئەو گرتانە ئامانجی خۆیان بە زمانە سینەماییەكە بپێكن، دەرهێنەر ستافێكی پرۆفیشنالی خاوەن ئەزموونی بژار كردووە، لەوێنەگرتن و مۆنتاژدا، ئەمە وای كردووە ریتمی نمایشەكە لەسەرەتاوە تا كۆتایی بەزیندووویەتی بمێنێتەوەو بینەر لە نێو وروژانێكی بەردەوام دابێت، بەڵام دیسان هەر ئەمە ئەوە ناگەیەنێت كە بۆشایی هونەریی نەبێت، لەمۆنتاژدا ،هەست دەكەیت هەمە رەنگی لە هەڵبژاردنی گرتەكان لاوازەو رۆڵی  پاڵەوانی فیلمەكە لە هەموو دیمەنەكاندا هەیەو بە بەردەوامی دووبارە دەبێتەوە، ئەمە وای كردووە ریتمی فیلمەكە نەگۆڕێت و سیمای پاڵەوانی فیلمەكە لەبەر چاوی بینەردا بسوێ .

فیلمەكە وەك فیلمێكی سیاسی، باس لە سەردەمێكی توندو تیژی سیاسی دەكات لە ساڵانی نێوان 1947ـ 1957 كە رژێم بە هەموو دەسەڵاتی عەسكەرتاریەتی خۆیەوە هەوڵی سەركوتكردنەوەی ئازادیخوازانی دەدا، بەڵام دەرهێنەر رەنگاورەنگییەكی لە تەوەرەكاندا دروست نەكردووە، بۆئەوەی سەراپای فیلمە بە رەنگە تۆخە سیاسیەكە سواخ نەدرێت و ئەو گرژییە بینەر ماندوو نەكات لەگەڵ خۆیدا، كە لەو كەشوهەوایەدا هەست بە خنكان بكات، بەتایبەت لە پرسی خۆشەویستی نێوان جوامێرو كاڵێ، كە دەكرا پانتاییەكی بەرفرەوانتری بۆ تەرخان بكات، چونكە پرسی خۆشەویستی لەو سەردەمە گرژەدا و تێكەڵ كردنی ئەو كەشو هەوا رۆمانسیە، چێژێكی زۆرتری بە بینەر دەبەخشی .

لەرووی كۆمەڵایەتییەوە، دەرهێنەر فۆرمێكی جوانی ئەو سەردەمەی لە بەر فیلمەكە كردووە، بەتایبەت لەرووی ئیكسسوارات و دیكۆرو جلوبەرگ و فۆرمی تر، بەڵام لە رووی هوشیاریی كۆمەڵایەتیەوە غەدری لە پێشمەرگە كردووە، چونكە لە هەندێ دیمەندا كارێك دەكات كەخەڵكی بە ناهوشیاریی پێشمەرگە پێبكەنێ، لەوانەش كاتێ جوامێر بۆ سۆراغی ژن و منداڵەكەی روو لە چیا دەكات، بەرەو ناوچەی گوڵان، لەوێ دەستگیر دەكرێت و لە بەندیخانە لەلایەن پێشمەرگەوە رەفتارێكی زۆر نەفامانەی لە گەڵدا دەكرێت، كە ببێتە مایەی گاڵتەجاڕی، ئەگەرچی لە كۆتاییدا

هەمان كەس داوای لێبوردن دە كات، بەڵام لێبوردنەكە دیمەنە ناشیرینەكە لە خەیاڵی بینەردا ڕەش ناكاتەوە .

دووەم: ئەو سەردەمەی دەرهێنەر دەست نیشانی كردووە، دیاردەی ئارەق خواردنەوە لە ماڵاندا نەبووە، بەتایبەت لە ماڵێكی خێزانداردا، لەچەند دیمەنێكی ئاوادا جوامێرو ئامۆزاكەیمان بینی، دیسان هەر دەرهێنەر لە چەند دیمەنێكی دیكەشدا پرسی عەرەق خواردنەوە بەئەنقەست دووبارە دەكاتەوە، لەوانەش ئارەق خواردنەوەی نێو ڕێكخستنەكان، بەڵام زۆربەی ئەو دیمەنانە بوونەتە دیمەنی ناوازەی دروست كراوو ناسروشتی، یەكێك لەئەكتەرەكان دەربارەی دیمەنە زۆرەكانی ئەرەق خواردنەوە دەڵێت:ئێمە بە عەرەق خواردنەوە ڕژێم چەواشە دەكەین، تا وابزانێ ئێمە بۆ عەرەق خواردنەوە كۆ بووینەتەوە نەك بۆ كۆبوونەوە، كەچی ئەمە پاساوێكی لاوازە، چونكە بینەر دەبینێ كە تاسەی ئەو برادەرانە بۆ عەرەق خواردنەوە چەند بوو، ئەمەش دیاردەیەكی نامۆی ناو ڕێكخستنەكانی پێشمەرگەیە .


لە ڕووی نواندنەوە ڕاستە كە نەزار سەلامی لە فیلمەكەدا بەشی شێری بەركەوتووە و لە هەموو دیمەنەكانا دەردەكەوێت، ئەكتەری دیكە هەبوون كە ڕۆڵی لاوەكییان لە فیلمەكەدا هەبوو، بەڵام لەڕووی نواندنەوە توانییان شوێنەواری خۆیان لە هزری بینەردا بەجێ بێڵن. نەزار سەلامی دەرفەتێكی زێڕینی بۆ ڕەخسا ئەگەر بیتوانییایە قۆرخی بكات، چونكە كاراكتەری جوامێر ئەو پیاوە جەزرەبە خواردووەی كە بەرگەی هەموو ئازارو نەهامەتیەكانی ژیانی گرت، تەنها بۆ هیواو كاڵێ ی هاوسەری توانی بەرگە بگرێ و نەڕوخێ ،ئەو كاراكتەرە ئەوەندە كاراكتەرێكی كاریگەرە، زۆر یاریدەی ئەكتەر دەدات لە گەڵیدا تێكەڵ بێت و بیوروژێنێ بۆ دروست كردنی ئەو كاراكتەرە، بەڵام پێ دەچێ دەسەڵاتی هەندێ ئەكتەر سنوور دار بێ، چەند ئەوەندەی ڕۆڵ گەورە بێت، ئەگەر هەموو ئەكتەرەكان بیانتوایە وەك لۆرانس ئۆلیفیە كەسایەتیەكانی تراژیدیاكانی شكسپیر بەرجەستە بكەن، ئەوە لۆرانس نەدەبووە گەورەترین ئەكتەری شكسپیریی .

بینەر سۆزێكی زۆری لەگەڵ كەسایەتی جوامێردا هەبوو، بەڵام **نەزار سەلامی جوامێری بچووك كردەوە** لە بەرچاوی بینەر، دواتر بینەر ناهەقی نەبوو بپرسێ ئەرێ هەڵبژاردنی نەزار سەلامی بۆ ئەو

رۆڵە هۆی چی بوو؟ شێوەو روخساری بوو؟ یاخود تواناو نواندنی؟ دەرهێنەر لەکۆتایی دا باجی ئەو بەهەڵە هڵبژاردنەی دا .

# سرتە لە گەڵ بادا..

# چرپەیەكی رەخنەیی



یەكێك لە بەرهەمە سینەماییەكانی وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوان فیلمی (سرتە لە گەڵ بادا)ی دەرهێنەر شەهرام عەلیدی بوو، كەپێشتر بەشداری لە فیستیڤاڵی(كان)دا كردو لە بەشی رەخنەدا سێ خەلاتی بەدەست هێنا، دواتر فیلمەكە هێنرایە كوردستان و لە چوارچیوەی هەفتەی فیلمی كوردی، بەڕێوەبەرایەتی سینەما لە هۆڵی پێشەوا نمایش كرا، فیلمەكە دوای نمایش كردنی، كەوتە بەر شالاوی بیروڕای جیاواز جیاوازو مقۆ مقۆیەكی گەرم لە نێوەندی هونەریدا .

لە هەموو حاڵەتێكا فیلمەكە بەدەر لە فیستیڤاڵی كان و بە چاوپۆشین لەو خەلاتانەی بە دەستی هێنا، زۆر سەرنج هەڵدەگرێت كە شایەنی قسە لە سەر كردن بێت، رەنگە بینەر پێوەری تایبەتی خۆی هەبێ و فیستیڤاڵەكانیش پێوەری تر، مەرج نیە هەر فیلمێك لە پەراوێزی فیستیڤاڵێكدا نمایش كرا، خاری بێت لە رەخنە .

فیلمەكەی شەهرام تەنیا پەیامێك هەڵدەگرێت، ئەویش ئەوەیە كە دەرهێنەر بە وێنەی سینەمایی بە جیهانی دەرەوە بڵێت كورد جینۆساید كراوە، ئەوە هەمان ئەو پەیامەیە كە كورد بەرێگەی سیاسی و

دبلۆماسی  راگەیاندنەوە، لەبەر ئەوەش كە سینەما یەكێك لە كاریگەرترین ئامرازەكانی گەیاندنە بۆ كۆمەڵگەی ئەمریكی ئەوروپی، بۆیە هەڵسوڕێنەرانی  فیستیڤاڵەكە، گەیاندنی ئەو پەیامەیان لە رێگەی قیستیڤاڵەوە بە گرنگ زانیووە، بۆیە لە فیستیڤاڵەكەدا رێگەی بۆ خۆش كراوە .

شەهرام عەلیدی لە فیلمەكەدا وەك هەندێ فیلمی دیكەی كوردی، پشتی بە رووداوی راستەوخۆ بەستووە، بۆ ئەوەی بە تراژیدیا كوردییەكان ئەتمۆسفیریكی ماتەمی درسوت بكات، بەو شێوەیەی كورد بە چاوی بەزەیی و مرۆییەوە بڕواننە دۆزی كورد . هەست بەوە دەكرێت دەرهێنەر سیناریۆكەی لە سەر هێڵێكی درامی دیاری كراو رەسم كردووە، باس لەپیاوێكی پۆستەچی دەكات، بۆ ئەوەی نامەو پەیامی خەڵكی كوردستان لە ناوچە شاخاوییەكاندا لەرێگەی دەنگی زیندوو بەیەكتر بگەیەنێت، لەوانەش نامەی ئەو پێشمەرگەیەی ئاواتییەتی، دەنگی گریانی كۆرپە لە دایك بوەكەی، لە یەكەم لەحزەی هاتنە سەر دنیای تۆمار بكات، بۆئەوەی، لەرێگەی دەنگی ئەو منداڵە، دوو ئامانج بپێكێنێ یەكەمیان :خەم و پەژارەو ماتەمینی خەڵكی كوردستان لەسەردەمی قاتو قڕدا لە گریانی منداڵێكدا بەرجەستە بكات، بۆ هێمای نەتەوەیەك لەوەتەی لەدایك بووە بەشی هەر گریان و ماتەمی بووە، گریانی منداڵێك، كەدەكاتەوە، ئەو گەلە بە جەورو ستەم و زۆرداری نامرێ، ئەم دیمەنە دڵ هەژێنە پڕ لەهێمایە، بەزمانێكی سینەمایی تێر، هاوسەنگی فیلمەكەی بە شێوەیەكی زۆر دیارو بەرچاو بەرز كردەوەو ریتمی فیلمەكەی گەیاندە لوتكە، پەخشی سەر هەموو چیاو دوڵ و تەلانەكانی كوردستان دەبێت، بۆ ئەوەی ئەو كێوو تەلان و چیایانەی دایكی كوردن، لەگەڵ ئەو بەرەژانە بهەژێن و ببن بە شایەد عەیانی ئەو زوڵم و ستەمەی لە گەلێك دەكرێت ..

دووهەمیان: لە دایك بوونی منالێك لەناو هەموو ئەو بەرەژان و خەم و ناسۆرییە، هیوایەكی نوێ بە كوردستان دەبەخشێت، موژدەیەك بۆ ئەو كێوو تەلان و چیایانە كە لە گەڵ لە دایك بوونی ئەو منداڵە سەرەتاییێكی تر دەست پێ دەكات، دەرهێنەر رۆڵی ئایندەیی ئەو منداڵەی لەرۆڵی باوكی بەگەورەتر نیشانداوە، چونكە ئەوە كارێكی لۆژیكییە، كە هەموو ئومێدەكان بە نەوەی ئایندە دەسپێِردرێت، ئەگەر دەرهێنەر قەوارەی ئەو هێمایەی بۆ منداڵەكە بەكاری هێنا، فرەوانتری بكردایە، ئەوە بەهای فەلسەفی فیلمەكە لەوەندە زێتر بڵند دەبوو، بەتایبەت ئەو دیمەنانەی پەیوەستن بە پێشمەرگە.. ئەوەی لە فیلمەكەدا بۆشایی دروست كردووە ئەوەیە كە پێشمەرگە مافی خۆی پێ نەدراوە، وەك

هێمایێکی بەرخودان و ئازایەتی بۆ کورد، رەنگە سینەماکارانی ئێمە ئەو پێناسەی ئازایەتیەیان دەرنەبڕیبێ، بەقەد ئەمریکی و ئەوروپییەکان کە باسی پێشمەرگە دەکرێت، یەکسەر بە ئازایەتی پێناسەی دەکەن، راستە دەرهێنەر زۆر لەو ستەمانەی بەرجەستە کردووە کە دەرهەق بە کورد کراون، تا ئەو رادەیەی گەلانی دنیا سۆزێکی مرۆیی بیانگرێ، بەلآم کەمتر مقاوەمەتی ئەو گەلەی بەرجەستە کردووە دژی داگیرکاری و ستەمکاری، بۆیە ئەوەی فیلمەکە ببینییت مەزەندەی ئەو مقاوەمەتە ناکات، کە کورد بۆ بەرگری کردن، لەمافە رەواکانی خۆی کردویەتی .. ئەگەر چەند دیمەنێکی مقاوەمەتی پێشمەرگە بەرجەستە کرابوایە لە پاڵ دیمەنە پڕ لە مەرگەساتەکان، ئەوە ریتمی فیلمەکە هاوسەنگ دەبوو، هیچ بۆشاییەکیش وەك ئێستا بە زەقی دەر نەدەکەوتن.

ئەو سیمایەی لە فۆرمی فیلمەکدا دیارە بەکارهێنانی هێمایە بۆ هەندێ لەو دیمەنانە، بەلآم لە چوارچیوەیەکی سنووردار، بەهەمان شێوە هەوڵێکی تری هەیە بۆ دروست کردنی ئەو دیمەنانەی سیمایێکی شێوەکاری و فۆتۆگرافی بەخۆیانەوە هەڵدەگرن، ئەو ویستوویەتی جۆرێك لە ستاتیکای رەنگ بەچاوی بینەر ببەخشێت لە هەندێ گرتەدا، لەوانە دیمەنی خۆرئاوابوون،خۆر هەلآتن، تەمومژی نێوئەشکەوتو، دیمەنی چیاکان، دیمەنی دایکەکە لە ژێر پەردەو چەند دیمەنێکی تر، کە بە ئامانجی جوانکاریی کراونەتە گرتە، بەلآم ئەگەر ئەو وێنەو گرتانە لەگەڵ ڕووداوو سیناریۆی فیلمەکە لێکتر نەبەستنەوە، ئەوە دەبن بەگرتەی نامۆ لەجەستەی فیلمەکەدا، چونکە بینەر بە هەستیارییەوە حیساب بۆ هەر گرتەیەك و شوێنی لە پانتایی فیلمەکەدا دیاری دەکات، ئەگەر هەستی بەوەکرد، دەرهێنەر بەهەندێ دیمەنی سینۆگرافیایی هەوڵی چەواشەکردنی دەدات، ئەوە فیلمەکەی لە بەرچاو دەکەوێت، دەرهێنەر بۆ هەژاندنی بینەر ووروژاندنی بە ئامرازەکانی دەنگ و وێنەو نواندن، چەند دیمەنێکی لەو دیمەنە کاریگەرانە دروست کردووە، لەوانە دیمەنی هاواری پۆستەچیەکە، بەلآم چەند ئەوەندەی دیمەنەکە جوان بوو، بەهۆی دووبارەو سێ بارە کردنەوەی ئەو دیمەنە جوانەی لە بار بردووە، بەگشتی ڕووداوەکانی فیلمەکە لە دەوری ئەکتەرێکی سەرەکی فیلمەکەدا دەخولێتەوە پۆستەچی ـ عومەر چاوشین) خۆ ئەگەرچی عومەر چاوشین بۆ رۆڵی پۆستەچیەکە زۆر لێوەشاوەیە، بەلآم ئەکتەرە لاوەکییەکانی وەك : مریەم پۆلآنی، محەرەم حسێن قادر، وەلید مەعروف، فاخیر بارزانی، بێستوون قادر، جەلیل عەزیز حوسێن، هیچ یەکێ لەوان مافی خۆیان نەدراوەتێ و

شوێنەوارێکی ئەوتۆیان لە فیلمەکەدا بە جێ نەهێشتووە کە شوێنێکی دیار بێت، ئەم بۆشاییەی پەراوێزخستنی ئەکتەرە لاوەکییەکان، دیاردەیەکی دیکەی نەرێنی فیلمەکەیە لەرووی هاوسەنگییەوە،ا پێشم وایە هۆکارەکەی بۆ مۆنتاژی (هاید سۆفیاری ) ناگەڕێتەوە، بەڵکو دەرهێنەر خۆی بەرپرسیاری یەکەمە.

دەرهێنەر سیناریۆیەکی داستانی بۆ فیلمەکە دانەڕشتووە، بەڵکو تەنیا هێڵێکی وەرگرتووە، ئەویش هێڵی پۆستەچیەکەیە، ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی بینەر دەرفەتی ئەوەی نەدرێتێ زێتر ئاشنا بە روداوەکان و کاراکتەرەکان بێت وەك پێویست، لە بری ئەوە دەرهێنەر کۆلاژێکی هونەریی کردووە، بۆ دروست کردنی دیمەن، کەزۆربەیان لە دیمەنی فۆتۆگرافی وشێوەکاری دەچن ، لەوانەش دیمەنی دایکە بێوەژنەکانی ئەنفال.

## سەرچاوەكان

1.ضرورة الفن ـ ارنست فيشر ـ ترجمەت اسعد حليم ـ مكتبة الاسرة ـ الهيئة المصرية العامة للكتاب 1998

2.روائع السينماـ محمود الزواوى ـ افضل 100 فلم امريكى دار الاهلية للنشر والتوزيع ـ مصر 2007.

3.شاشة العالم ـ جيل ليبوفيتسكى ـ ثقافة وسائل اعلام و سينما فى عصر الحداثة الفائقة

ترجمة وتقديم ـ راوية صادق

4. الفيلموسوفى ـ نحو فلسفة للسينماـ د.نبيل فرامبتون ـ ترجمة وتقديم : احمد يوسف ـ دار النشر المركزى القومى للترجمة .2012

5.السينما بين الواقع والخيال ـ امير العمرى ـ دار الثقافة فى الشارقةـ الامارات ـ 2015

6. السينما الكوردية خطوات بطيئة نحو العالمية ـ ناظم كاكەيى ( الجزيرة نت) كانون الثانى يناير 2015

7.مدخل الى السينما الكوردية ـ برهان الشاوى ـ مجموعة محاضرات

8.جولة مع السينما الكورديةـ مهدى عباس

9.يلمازكوناى ـ كارزان كاردوزـ مركز غزلنوس

10. يلماز غوناى لقاى فى السجن ـ حسينوف ترجمة وتقديم برهان الشاوى . دار النشرالمركزى القومى للترجمة 2002

11.فلم تورين للمخرج الكوردى نوزاد شيخانى يحصد 4 جوائز ـ موقع ( العدد الجديد) 2017

12.صناعة السينما ـ الموسوعة العربية العالمية.

13. جماليات السينما :د. احمد القاسمى ـ جامعة منوبة ـ كلية اداب والفنون ـ درس عام واعمال موجهة

14.فن السينما ـ جان كوكتو ـ جمع وتحرير اندرية برنارد ـ كلود غوتو / منشورات وزارة الثقافة / دمشق 2012

15. موسوعة تاريخ السينما ( المجلدالاول) تاليف:جيوفرى نويل سميث، ترجمة : مجاهد عبدالمنعم مجاهد، مراجعة : هاشم النحاس / المركز القومى للترجمة 1996

16. السينما الكردية، افلام المخرج يلماز غوناي هي نقطة الانطلاق، مهرجان الفيلم الكردي" في برلين سنوياً منذ عام 2002.

17.موسوعة جياى كورمنج ، الموسوعة الكردية الحرة / أفلام كردية حول العالم ،هيلي ئينترنيت

18. أفلام الإيرانية الكردية والفارسية تحصد نصف جوائز مهرجان بيروت الدولي ، 2014

19..الفيلم الكوردي "زاغروس" يتنافس على جائزة المهر الطويل، بمهرجان دبي السينمائي الدولي، 2014

20. kurd com فيلم "البيشمركة"... العالم يشهد من نيويورك بشجاعة البيشمركة، 2017

21.أهمية الفن في حياة الإنسان، https://mawdoo.com

كيلاف بل ، الفن ، ترجمة عادل مصطفى ، دار السلام لبنان ، 1998